# لە سێبەری پیت و پەیڤان

نووسینی: ڕێکار ئەحمەد

سوێد سالّی ٢٠٢٣

# ࡀࡍ ࡕࡉࡓࡍࡀࡃ

ࡄࡃࡌ ࡃ

ࡄࡍࡃࡋࡍࡉ

ࡉࡃࡃࡕࡃࡉࡃ:

ࡀࡉࡅࡍࡀ ࡍࡔ ࡏࡍࡅ

## پێشکەشە:

- بەو مرۆڤانەی بە دوای وشەی ڕەسەندا دەگەڕێن.
- بەو کەسانەی پێش بڕیاردان بە وردی بیردەکەنەوە.
- بەوانەی فریـوی دیتـران نـاخۆن و پارێزگـاری لە زمـانی زگماکی خۆیان دەکەن.

ناوی بەرهەم: لە سێبەری پیت و پەیڤان
بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسینی: ڕێکار ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: کۆدۆ بۆتانی
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانەی: کارۆ / سلێمانی
ژمارەی سپاردنی کتێبخانەکانی سوێد
ISBN: 978-91-985436-2-9

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارە (      )ی ساڵی ٢٠٢٣ ی پێدراوە

# پێڕست

**بابەت** **لاپەڕە**

بەراهیک................................................................٧
چۆن ڕەفتار لەگەڵ پیتی 'غ'دا بکەین؟.......................٩
ح (حێ)................................................................٢٩
ل یان ر؟ ..............................................................٣٥
م یان ن؟ ..............................................................٢٧
پاشگر ..................................................................٣٩
دەر ..................................................................... ٤٩
مەن ..................................................................... ٥١
'وە'ی سێ گر ....................................................... ٥٤
زڕەپاشگر ............................................................٥٥
گە/ گا/ گەهـ ...................................................... ٦١
پاشگری 'اندن، دن' ................................................٦٥
'وە' پاشگرێکی فرە ئەرک ........................................ ٦٩
بەهدینان ............................................................. ٧٣
کرمانج ............................................................... ٧٩
لێرە و لەوێ ......................... .......................... ٨٥
ببوو، بۆوە ........................................................ ٨٩
ئامەد و ئامێدی ................................................... ٩٩
ئێکباتان ........................................................... ١٠٠
ئور .................................................................. ١٠٣
تۆپین و تەپین ................. ............................... ١٠٥
مەڵکەندی ........................................................ ١٠٧

مەغدید ............................................................. ١٠٩
متمانە................................................................. ١١٠
گوستان............................................................... ١١١
بوز ..................................................................... ١١٣
ئەڵڵا یان خوا؟ ..................................................... ١١٥
پەلکێش .............................................................. ١١٩

هەواڵنامەی کتێب

# بەراهیک

پیت یان کت توخمێکی بنەڕەتیی ڕێنووسە و نووسین بنیات دەنێت، ڕێنووسیش بالای خۆی لە کتی دەنگدار و بێدەنگ هەڵدەچنێ. ئەو پیتانە هێمای تایبەت بە خۆیان هەیە، واتە بۆ دەربرین و نووسینی بچووکترین یەکەی زمان، هێما و نیشانە داهێنراون.

پیتێک یان چەند پیتێک پێکەوە کۆدەبنەوە، واتایەک دەبەخشن و پەیڤێک دروست دەکەن. ڕاستییەکەی ناو، ڕاناو، هەڤاڵناو، کار، هەڤاڵکار، پەسن، ئامراز، پێشگر و پاشگر، ژمارە و دەنگ(لەوێنەی: ئاهـ، ئاخ، ئای، پیڤ، ئۆف، وای، ئەها، کخ، گغ، تیتی، ئێع و... تەنانەت هەندێک لەو دەنگانە ناشنووسرێن، بۆ نموونە ئەو دەنگەی کە بۆ بانگکردنی مەڕ دەگوترێ) لە بەستێنی پەیڤدا خۆیان شرۆڤە دەکەن. هەروەها خاڵ(.)، دووخاڵ(:)، سێخاڵ(...)، ئەستێرە(*)، هێڵ( —)، دووهێڵ (=)، هێڵی لار(/)، نیشانەی کۆ (+)، نیشانەی کەمکردن(-)، وێرگول(،)، نیشانەی پرسیار(؟)، نیشانەی مەندەهۆشی(!)، کەوانە(هەموو جۆرەکانی کەوانە)، وەک پێکهێنەری ڕستە داهێنراون و بەبێ ئەوانەوە لەنگ و ناڕاست دەبن.

وێڕای ئەوانەشەوە، دەبێ بگوترێت کە بەشەکانی ئاخافتن (ناو، کار و ئامراز) دەگرێتەوە. واتە بۆ دواندن

و تێگەیشتن، دەبێت بەشەکانی ئاخافتن بە شێوەیەکی گونجاو ڕیز بکرێن. ئەوەی لە زمانی کوردیدا بەرچاوە، کار لە بەشی کۆتایی ڕستەدا جێ دەگرێت، ئەگەر شوێنەکەی بگۆڕێت، ئیدی ڕستە لەنگ و لاسەنگ دەبێت.

لەم بەرهەمەدا دەمەوێت لە ژێر سێبەری هەندێک لەو پیت و پەیڤانەی مشتومڕیان لەسەرە، دابنیشیم و لێیان ورد ببمەوە؛ لەوانەیە لە پەرەکردنی هەندێکیان یان هەر هەموویاندا سەرچیغ بڕۆم؛ لەوانەشە ئەم وردبوونەوەیە سوودێک بە زمانی شیرینی کوردی بگەیەنێت.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم زمانی کوردی یەکێکە و نابێ بە دوو، واتە نابێت ڕێ بە دەڤەر، سیاسەت و خێڵ بدرێت، بەش بەشی بکەن. هەرچەندە نیشتمانەکەمان دابەش و پارچە پارچە کراوە، بەڵام گەرەکە ڕێ لە دابەشبوونی زمانەکەمان بگرین. ڕاستییەکەی هەبوونی زار و بنزار دەوڵەمەندی خۆیا دەکەن و کۆڵەگەی هاوبەشن، بۆیە نابێ بۆ ئامانجی هاوێری و پەرتەوازەکردن سوودیان لێوەربگیرێت و بازاڕیان گەرم بکرێت.

هەموو پسپۆڕ و زمانزانان هاوڕان کە گوندنشین و کۆچەران باشتر لەوانی دیکە پاسەوانیان لە زمانی خۆیان کردووە و پاراستوویانە، واتە پەیڤی پاراو لەو شوێنانەدا ماونەتەوە، بۆیە من لێبڕاوانە پشتیان پێ دەبەستم و وەک چاوگی باوەڕ پێکراو هەڵیاندەبژێرم و سەرپشکیان دەکەم.

# چۆن ڕەفتار لەگەڵ پیتی 'غ'دا بکەین؟

ماوەی سەت ساڵ زیاترە، هەندێ نووسەر و ڕۆشنبیر، تەنانەت فەرهەنگنووسیش نکۆڵی لە هەبوونی دەنگی (غ) لە نێو زمانی کوردیدا دەکەن. لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، جەلادەت بەدرخان ئاوڕی لە زمانی کوردی دایەوە و ویستی لە هێنانی ئابێی لاتینیدا لاسایی تورکان بکاتەوە[1]، بێ گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکانی مێژوویی سەبارەت بە زمانی کوردی، هەندێک پیتی وەلانا و هیچ وێنە و هێمایەکی بۆ دانەنان و لە قاوی دان. دواتر هەندێک نووسەری دیکە، گوایە لە ڕوانگەی کوردایەتییەوە!! پەیڕەویان لە بۆچوونی جەلادەت بەدرخان کرد، پاشان بە شێوەیەکی بەرنامەدار، هەوڵەکان چڕ کرانەوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرانی کورد بەوە گۆش بکرێن کە پیتەکانی (ح، ع، غ، ق) کوردی نین و لە

---

[1] - ئەلفوبێی کوردی لاتینی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٨ لە ئەرمینیا لە لایەن عەرەبێ شەمۆ(نووسەری کورد) و ئیسحاق مارۆگولۆڤ (نووسەری کلدانی) دروستکرا و لەلایەن حکومەتی ئەرمینیا و حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت پەسەندکرا. ساڵی ١٩٢٩ پەڕتووکی ڕاهێنانی زمانی کوردیی ئیسحاق مارۆگولۆڤ و عەرەبێ شەمۆ بە ناوی "**خۆ-خۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کرمانجی**" لە شاری یەرێڤان بڵاوکرایەوە.

زمـــانی باپیرانمانـــدا نەبـــوونە، بـــۆیە دەبـــێ لەقـــاو بـــدرێن و فـــڕێ بـــدرێن!! تەنـــانەت هەنـــدێک نووســـەری نـــاوداریش لە جیاتی بەغداد، هەر 'بەخداد'یان دەنووسی.

هەرچەنـــــدە ڕاســـــتییەکی مێـــــژووییە، لە نێـــــو زمـــــانی ئاڤێســـــــــتاییدا دەنگەکـــــــانی (ل، ڵ، ع) نەبـــــــوون، بەڵام دەنگەکـــــانی (ڤ، غ) یەکجـــــار زۆربـــــوونە و بە هـــــۆی ئەو پیتـــانەوە، هەزاران وشـــە دروســـت کرابـــوون. ئێســـتا ئەگەر بگوترێـــت پیتـــی "ع" ڕەســـەن نیـــیە و دەبێـــت دەربهێنرێـــت و فـــڕێ بـــدرێت، گەرەکە ئاوڕێـــک لە ' ل، ڵ'یـــش بـــدەینەوە و ئەوانـــیش فـــڕێ بـــدەین!! لەلایەکـــی دیـــکەوە ئەگەر بە بیـــانۆی ئەوەی کە گـــوایە ژمـــارەی ئەو وشـــانەی پیتـــی 'غ'یـــان تێـــدایە بە ئەنگوســـت دەژمێـــردرێن، بـــۆیە پێویســـتمان بەو پیـــتە نیـــیە و دەتـــوانین شـــوێنەکەی بە پیتەکـــانی دیـــکەی وەکـــو 'گ' و 'خ' پـــڕ بکەیـــنەوە!! ئەگەر ئەم بۆچـــوونە ڕاســـت بـــێ، دەکـــرێ بڵێـــین لە زاری ســـــۆرانیدا تەنیـــا دوو وشـــە هەن کە پیتـــی 'ڤ'یـــان تێـــدایە، ئەوانـــیش 'گـــڤە و ڤـــڕە'ن، کەواتە ئەگەر بە پێـــودانگی ئەوان بـــێ، دەکرێـــت بگوترێـــت کە پێویســـتمان بەم پیـــتەش نیـــیە و دەتـــوانین بە پیتـــی 'ف' یـــان 'و' شـــوێنەکەی پڕ بکەینەوە.

لە لایەکـــی دیـــکەوە هـــیچ کەس ناتوانێـــت نکـــۆڵی لەوە بکـــات کە هەنـــدێک وشـــەی کـــوردی پیتـــی 'غ'یـــان تێـــدایە؛ لێـــرەدا هەنـــدێ وشـــەی زمانەکەمـــان بە نمـــوونە دەهێنیـــنەوە کە پیتـــی 'غ'یـــان تێـــدایە:(غارا، غـــل، غلۆربـــوونەوە، غـــاردان،

غیێم، غەدەنگ، غورچ، غەززرین، غەنە(قاشۆ، جگ یان گۆ لە مەیدان وەدەرنان)، قەلۆغان، جغارە، لغاو، لغاوە، لالغاوە، ئاغا، زەغەل، غرەغرِ، غولغول[2]، غولغولی[3]، گغەگغ، قغ، سپێناغ ، دەغەل(فیلبان)، دەغل (گەنم و جۆ)،قەلغان، نۆغەران، ...)هەن.

هەندێک لە نووسەرانی کورد لەو باوەڕەدان کە پیتی 'خ' دەتوانێ جێی پیتی 'غ' بگرێتەوە و واتاکەشی لەدەست نەدات!! بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم بۆچوونە، پیتی 'غ' بە پیتەکانی 'خ'، 'گ' و 'ق' دەگۆڕین، ئینجا واتاکانیان بەراورد دەکەین. بۆ ئەم مەبەستە ئەم وشانە بە نموونە وەردەگرین:

**غل** لە گل، لە خل و قل جیاوازە و ناکرێ بگۆڕدرێ.

**غارا** لە گارا، خارا و قارا جیاوازە.

غاردان لە گاردان، خاردان و قاردان جیاوازە و ناکرێ بگۆڕدرێ.

**مێغ** وشەیەکی ئاڤێستاییە، وەرگەڕاوە و بوە بە **غیێم**، بەلام لە گیێم، خیێم و قیێم جیاوازە و ناتوانین پێگۆڕکێ بەو وشەیە بکەین.

---

[2] - وەفایی وا لە کوڵ دەگری، بە دڵ بۆ گوڵ دەناڵێنێ
بە سەد غولغول دەڵێ بولبول لە باغی قیبلە مەحروومە

[3] - فەقێی تەیران دەڵێ: نیشان و خالێ غولغولی؛ سەد حەیف ل زلفێ گولگولی
هاتن کو ڤی دۆستی هلی؛ هێژ نا گرن ژڤێ عبرەتێ.

**غەنە** لە گەنە، خەنە و قەنە جیاوازە، گۆڕین پەسند ناکا.

**قەلۆغان** لە قەلۆگان، قەلۆخان و قەلۆقان جیاوازە.

**لغاو** لە لگاو، لخاو و لقاو(لق+ئاو) جیاوازە.

**لغاوە** و **لالغاوە** لە لگاوە ولالگاوە، لە لخاوە و لالخاوە هەروەها لە لقاوە و لالقاوە جیاوازن.

**غڕەغڕ** لە گڕەگڕ، خڕەخڕ و قڕەقڕ جیاوازە.

**گغە** لە کخە و گقە جیاوازە و ناشبێ بە گگە.

لێرەدا بەهۆی واتای ئەو وشانەوە، یەکلابوونەوە کە مانەوەی پیتی 'غ' لە نێو زمانی کوردیدا پێویستە و زیادە نییە، بەڵام ئایا ئەم دەنگە بە درەنگەوە بۆ ناو زمانی کوردی پەلکێش کراوە یان لە زمانی باپیرانیشماندا جێوار بووە؟ بۆ ئەو مەبەستە ڕاگوزەرێک بەنێو زمانی باپیرانماندا دەکەین.

**لە دەستپێکدا** بە پەلە چاوێک بەنێو فەرهەنگی پەهلەویدا دەگێڕێن و هەندێک وشە بە نموونە دەهێنینەوە:

ئاپێبۆغ: مەدهۆش، بێبۆن.

ئاپێبۆغیه: مەدهۆشی، بێبۆنی.

ئاپێشۆغ: بێشوو، بێمێرد.

ئاراغ: ئارایشکردن، ڕازاندنەوە.

ئاشموغ، ئادین: بێدین، لادین.

ئاغا: گەورەی شوێنێک.

ئاغریرات: ناوێکی تایبەتە. لەوانەیە ئاگریرات بووبێ.
ئۆغۆن: بەم شێوەیە.
ئۆغۆناک: بەو شێوەیە.
ئۆیبەغ، ئیمبەغ : سەروەر، پایەبڵند.
ئیتراغ: لەم ئاراستەیەوە، لەم ڕێیەوە، ئی ڕێیە.
ئەبۆغ: بێهەست.
ئەپێبۆغ: بێخود، بێهۆش.
ئەپێبۆغیە: بێخودی، بێهۆشی.
ئەرغەند: ترسناک، مەترسیدار.
ئەرغەوان: داری ئەرغەوان، ئەرخەوان.
ئەغریرات: لووتکە بەرز، قوللەی شاخ.
ئەغرەند: بێزراو، ناحەز، نەفرەتهێن.
ئەنوپاغ: نابالغ، نەڕەسیو.
ئەنیغۆش: نافەرمان، سەرپێچیکار، کەڕ.
ئەنئەغروشنە: ڕووناکی بێسنوور، تیشکی بێ کۆتایی.
ئەنەغر: بێ کۆتایی.
ئەنەغران: بەرفراوان، ناوی فریشتەی مارەبڕینە.
ئەهراغ: پاکداوێن، پارسا، باوەڕدار، پیرۆز.
ئەهراغی: دینداری.
ئەیۆغ: خوترمە، مەترەق.
باغ: باغ
باغستان: ڕەز.
باغەپان: باغەوان.

هەواڵنامەی کتێب

بالاغ: بالاّ، بلّند.
بالغ: زۆر، گەلەک.
بۆغ: بۆن، هەست، بخور.
بەغ: مرۆڤی گەورە، خوا.
بەغان: پادشای هەرە مەزن. سەروەری خەڵک.
بەغاندات: پاشای دادپەروەری زەوی.
بەغانیک : پاشایەتی. مەزنایەتی.
بەغدات: بەغداد.
بەغدێسپان: نێردراوی خوا، پێغەمبەر، پەیامبەر.
بەغدیسپانی: پەیامهێنی. پێغەمبەری.
بەغدیسپانیک: پەیکی پاشایەتی. نوێنەری شا.
بەغدێسپانیهـ: پێغەمبەرایەتی، نوێنەرایەتی.
بەغوبەغ، بەغوبەخت: چارەنووس. داهاتوو.
بەغیک: خودایی، ئیلاهی.
بەلغەم (بەرغەم): بەڵغەم، بەرغەم.
بۆغدار: بۆندار.
پاغ : پێ، ئەندازەی یەک پێ، پلە.
پاغەک: بناغە، پایە، پێگە.
پاغەکیهـ : پاک و خاوێن، ڕێک و پێک، پاکی.
پێشوپاغ: پێشەوا، ڕێبەر.
پەتغاک: پەیامهێنەر، پەیک، تەتەر.
پەتیغرێفتاریهـ : پەسندکراو.
پەتیغرەفتەن: پەسند کردن، پێ ڕازیبوون.

پەغ: ڕەگ، ڕیشە.

تێغ: سەرە نێزە، چەقۆی تیژ.

چراغ، چیراغ: چرا.

چێغۆن: چۆن، بۆچی.

داغ: داغ، گەرم.

داغە: لەکە، پەڵەی پێست.

دراناغ: درێژایی، پێوان بە درێژی.

درۆغ: درۆ، قسەی ناڕاست.

درۆغیە: درۆیین.

دوغتۆی: ناوی کچانەیە.

دۆپاغ: دووپێ، بوونەوەری دوو پێ.

دەرغام، دەرغان: ناوی دوو شار بوون.

دەغدوڤا: ناوی دایکی زەردەشت پێغەمبەر.

ڕاغ: دەشت، سەوزەوار، داوێنی چیا، زنار.

ڕاغینتان: ڕێکخستن، ڕێکخراوبوون.

ڕاغێنیتار: ڕێکخەر، ڕامیار، هەڵسوڕێنەر.

ڕاغێنیتاریە: پێشەوایی کردن، ڕێبەرایەتی کردن.

ڕاغێناکی: بەڕێکخراوبوون، سازماندەیی.

ڕاغێنیتان: پاڵپێوەنان، جولاندن، لڤاندن.

ڕاغێنیش: ئامادە، ئامادە بۆ ڕۆیشتن.

ڕاغێنیشن: ڕێ پێشاندەر، ئاراستەکردن، ئامادەیی.

ڕاغە: ناوی شارێک بووە، پێدەشت.

ڕۆغ: ڕوو، ڕووخسار.

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆغان: فێڵباز، یاری ڕێوی، خاپانۆک.

ڕۆغمان: گژوگیا، سەوزایی.

ڕۆغن: ڕۆن، چەوری.

ڕۆغنیک: ڕۆندار، شتێک کە چەوری زۆر بێ.

ڕۆغیتان: ڕواندن، چاندن.

ڕۆغێتان: گەشەکردن، بەرفراوان کردن.

ڕۆغیشن: داچاندن، تۆکردن.

ڕۆغیشن: شینبوونەوە، ژین بوونەوە.

ڕۆغێن: ڕووناس، ناوی گیایەکە کە بۆ ڕەنگکردن سوودی لێوەر دەگیرێ.

ڕێغیشن: شین بوون، گەشەکردن.

ڕەغ: توووند، خێرا، ڕەخت.

ڕەغمان: ناوی سەردارێکی سوپا لە زەمانی هورمزد پاشای ساساندا.

زاغ: قەلەباچکە، کلک مەقری.

زاغیک: ژنی خراپ، داوێنپیش (بە قەلەڕەش وێناکراوە).

زەرغۆن: تەڕ و تازە، بەرهەمی تازە ڕەسیو.

سارغ: ساڵ، سال، سار.

سپەرغەم: ڕەیحان، ڕەیحانە ڕەشە.

ستێغ: شەکانەوە، بەرزکردنەوەی ئاڵا.

سوغ: برسێتی.

شۆغ: شوو، مێرد.

شەغال: چەقەل.

هەواڵنامەی کتێب

غن: ژن، ئافرەت.
غۆس، غۆسە: قسە.
غۆسان: سرووودبێژ.
غۆشیشن: گوێڕایەڵ.
غیروو: گیرۆ، گیرۆدە، گرتن.
غەڕانیتەن: هاوارکردن، خڕەخڕکردن لە شەودا.
غەڕناک: تیژڕۆ، توندڕۆ، بەزۆک.
غەڕیشن: نەڕەنەڕ، نەڕڕە، گوڕەی دڕندە.
غەرێنیتان: دەنگ و سەدای بەرز، نەڕاندن.
فرەپاغ: پێی پێشەوەی ئاژەڵ.
ڤەغدان: سەر( سەری بوونەوەری ئاسمانی، پەری و فریشتە)
ڤیشاغەک: فرێدان، شتی بێ نرخ. شتی سواوی بێ کەلک، زەلیلبوون.
کەغ: چ کاتێک، کەی.
گۆغ: گۆ، خڕ، شتی شێوە تۆپ.
گەداغ: ڕێگر، ئەو دزەی بە زۆر شت دەبات، گەدا.
ماتەغ: ڕەگەز.
مارغەن: مارکوژ، ئەو دارەی کە مار و گیانەوەری زیانبەخشی پێ دەکوژن.
موغ، مەغ: پیاوی ئاینی زەردەشتی.
مۆغدات: موغی دادپەروەر، موغی ڕاستین.
مۆغمەرت: باوەڕدار، داوێنپاک.

کتێبخانەی هەولێرنامە

مێغ: تەم و مژ، مێژ، غێم.

مەرتبالاغ: بەبڵندایی پیاوێک، بە ئەندازەی بەژنی مرۆڤ.

مەرغان: دەستوار، گۆپاڵ، داردەستی، داری دەست.

مەسمەغان: مەزنی مەغان، گەورەی پیاوانی ئاپینی.

مەغ: پیاوی دینی، مەی، غار.

مەغووک (مەغۆک): غاری بچووک، ئەشکەوتی بچووک.

مەغۆپەت: موغی بەد، پیاوی ئاپینی بەد.

مەغە: پاک، کەلێن.

ناغ: نای، ئامێرێکی مۆزیکە.

نغۆکشیتاری: گوێڕایەڵیی، فەرمانبەردار.

نیغانسەر، نیغەنسار: سەرنگون.

نیغایش: ستایش، پەسن.

نیغایشن: پەروەستەبوون، دوعاکردن.

نیغوند: داپۆشین، شاردنەوە، پەردەپۆشکردن.

نیغۆشاک: پاشکۆ، کەسێک کە مادەلایی دەکا، دەستەمۆ.

نیغۆشیتان: گوێڕایەڵ، گوێ لێ ڕاگرتن، فێربوون.

نیغۆشیتەن: نۆشیدەن، خواردنەوە، فڕکردن.

نیغۆکشیتان: گوێڕایەڵی کردن.

هەر چێغۆن: هەرچۆن.

هەمباغ: هاوبەش، دۆست.

هەمپاغ: هاوڕێ، هەڤاڵ، هاوکار.

هەمچێغۆن: هەرکە... لەوکاتەی کە.

ویشاغەک: تەنگدەستی، بێچارەیی، بێتوانایی.

وەراغ: قەلەڕەش.

**ئێستا بەهۆی** ئەم وشانەی زمانی پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی)یەوە تێگەیشتین کە دەنگ و پیتی 'غ' لایەنی کەم دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا لە نێو زمانی باپیرانماندا هەبووە.

هەر بۆ سەرڕاستکردنەوە، هەندێک پەیڤی زمانی ئاڤێستایی (زمانی میدیا) بە نموونە دەهێنینەوە کە پیتی 'غ'یان تێدایە:

ئاغ: چی، چ کەسێک، کێ، چ شتێک.
ئاغر: ئاگر.
ئاغیشتەگ: ئاڵودە، چرکگرتوو، پیس.
ئاغەر: ڕووگە، ناونیشان، جێوارگە.
ئانئاغروشنێ: ڕۆشنایی بێسنوور.
ئۆغاریشنۆمەند: شیاوی پاڵدان، شایانی دوورخستنەوە.
ئیریغانت: تاساندن، تاسێنەر، ئەو کەسەی خەڵک دەتاسێنێ، هیکوەر.
ئیریغە: قێزەوەن، ناحەز.
ئەپەغزارە: کەناڵی ئاو، قەنات، قەنال (بۆتانی).
ئەپەغزانە: ڕاکردن لە باجدان، کۆچی هزرمەندان.
ئەرمەغان: دیاری، پێشکێشی.

هەواڵنامەی کتێب

ئەغرایش: دەستگر، دەسک.

ئەغریئۆتییە: نایاب، بێوینە.

ئەغرییە: سەرکار، دەستەڵاتداری یەکەمی ئیشێک.

ئەغرە: دەستپێکردن، سەرەتای کارکردن.

ئەغۆستی: لەرزین، هەڵلەرزین لە سەرما، قەرسین.

ئەغە: خراپ، گەنیو، تێکچوو.

ئەغەشێ. چاوپیس، چاوشەڕانی.

ئەغەنە: شەڕانگێز، شەڕاوی.

ئەنەغرە: بێکۆتایی، بێسنوور.

بیریغمیە: ڕازی، هاوڕایی لەسەر شتێک.

بەغا: پارچە، لەت، کەرت، بەش.

بەغۆ: پسپۆری تەرخانکردن، کەسێک شارەزایی لە دابەشکردندا هەبێ، ئەوەی میرات دابەش دەکا.

بەغ بەختارێ: چارەنووسێک کە خوا دایناب‌ێ.

تیغر: تیر، نیشانە.

تیغرە: توند، تیژ.

تیغری، تێژی: تیژی.

جەغ: ناوی درەختێکە کە دارەکەی مەیلەو ڕەشە.

جەغاورو: وریاکردنەوە، هۆشداری.

جەغنیشتە: کوشندەترین، ناخۆشترین.

دراغان: پڕ، تژی، لێوانلێو.

دراغان گوڤیشنێ: پڕ قسە، زۆر بڵێ.

دریغۆ، دەریغو: دەرۆزەکەر، گەدا.

دریغۆش:دەرویێش، هەژار.

دریغۆشیهـ: نەداری. هەژاری.

درەئۆغە: هەڵەی گەورە.

دوغ: شیر.

دەرغۆجیێتە: ژیانێکی خۆش، بەختەوەری.

دەریغۆ: بۆ ماوەیەکی زۆر، بۆ دەمێکی درێژ.

دەریغیم: ئارامی ویژدان، ویژدانی ئاسوودە.

دەریغە: بەردەوام، بێپسانەوە.

دەغە: پەڵە، نیشانە. شوێنی داغکردن.

ڕۆغنە: کەرە، چەوری.

ڕەغا: ناوی شوێنێکە کە زەردەشت تێیدا ژیاوە.

زەرغۆن: کەسک، سەوز.

ڕەغانم: ڕەگ و ڕیشە، نەژاد، بنەچەی کەسەکان.

ڕەئۆغنە: ڕەگی ڕیش، ئەو مووەی لە بن پێستدایە.

سپەریغە: سافکردن بە چنگ، تیژی ددان.

سەتەغنە: سەت بەرابەر، سەت جار.

شاتوغنە: کوشتن بە جادووکردن، کوشتنی جادوویی.

غاوئەریز، ئەغاوریز: بریندار، زامدار.

غرا: بە ئاگا مانەوە. وشت و وریا.

غریس: بێدار، نەنووستوو، بەئاگا.

غرە: کۆتایی، دوایی، دویماهی.

غزرەد: خێرا ڕۆیشتن، بەخوڕهاتن، لێشاوی خێرا.

غژارا: دەربوونی ئاو، هەڵقولانی ئاو.

غژاره: سەررێژ، پڕاوپڕ، تژی.

غژەر: تێپەڕبوون، ڕۆیشتن، گوزەر.

غن: ژن، مێینەی مرۆڤ.

غنانه: لەباربردن، منداڵ، لەبەرچوون، بەرهاویشتن، دەرمانی لەباربردن.

غنیته: کوشتن. گورز لێدان.

غنیج: غونچەکردن، ددان هاتن، چرۆکردن.

غنێچ: گەززه، گەززەلێدان، گەستن.

غنییه: لەناوبردن، تێکدان، هەڵوەشانەوه.

غنه، غەنه: خنکاندن، خنخنۆکەگرتن.

غورس، خروذ: قورس، سەخت، سەنگین.

غێمەته: هەڵکەوتوو، پێشهاتوو.

غێنا: ژن، ژنی منداڵدار، ژنێک کە منداڵی بووبێ.

غینا: فووکردن، گۆرانی گۆتن.

غەشی: دێوی نەگریس، دێوی چەپەڵ.

غەینا: دەگمەن، زۆر بە کەمی.

غەئینا: تەقاندن، لێدان.

فرەغراتی: بێداری، بەئاگابوون.

فرەغراته: بە ئاگا هاتنەوه، هۆشیاربوونەوه، لە خەو هەستان. بێداربوونەوه، ڕاچەنین لە خەودا.

فرەغرارەیه: هۆکاری هەیه.

فرەغریس: بەئاگا هێنان، بێدارکردن.

ڤارەغنه: خۆڵەمێشی، بۆر، ڕەنگی مشکی.

ڤۆیغنا: لافاو، لێمشت، سێلاو، ئاو هەستان.
ڤیئۆغنە: کارەسات.
ڤەزەغ: مارمیلکە، مارمیلۆق.
ڤەزەغە: بۆق، قورباقە.
ڤەغ: پشت، پەنا، پشتیوان.
ڤەغژی: زار، دیالەکتیک، لەهجە.
ڤەییێغە: ڕاوەستانی مێشک، سەکتە.
میریغا: مێرگوزار، مێرگ.
میریغە: باڵندە، پەڕەندە، پەلەوەر.
مەریغ: کوشتن، نابودکردن.
مەریغا: نیشانەی زەوی، هێمای وڵات.
مەستەرێغەن: دەماغ، ڕۆنی سەر.
مەغنە: ڕووت، بێبەرگ، پەڕپووت.
مەغە: پاک، کەلێن، چاڵی پاککردنەوە.
هوەرەغ، خوەرەغ: مەشخەڵ.
هوبەغە: خۆشبەخت.
هیغ: لێدان، خستنەخوارەوە، بەردانەوە.
هیغنو: هیشک، وشک.
وغراریت: هێرشکردن، پەلاماردان.
وغرۆتیمە: یەکجار نایاب.
وغرە: سەرسوورهێنەر، دژوار، بەهێز.

هەولێرنامەی کتێب

لێرەدا دیسانەوە لەسەر ئەو ڕاستە ڕێیە گیرساینەوە کە لایەنی کەم سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا باپیرانمان دەنگ و پیتی 'غ'یان هەبووە.

**لە دیدێکی دیکەوە**، هەموومان دەزانین کە زمانی فارسی برای شیریی زمانی کوردییە؛ کاتێک پارسەکان هاتنە نێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی میدیا، ئیدی زمانی خەڵکی ناوچەکەیان وەرگرت، ئێستاش زمانی فارسی لە پیتی 'غ' پڕاوپڕە، کەچی هەندێک لە نووسەرانی باشووری کوردستان کە شارەزاییان لە زمانی فارسیدا نییە، هەبوونی پیتی 'غ' لە زمانی فارسیدا ڕەت دەکەنەوە، هەندێکی دیکەش پێیانوایە ویڕای ئەوەی کە پیتی 'غ' هەیە، بەڵام هەموو پیتە "غ'ەکان بە 'ق' گۆدەکرێن!! لێرەدا بۆ لەقاودانی ئەو بۆچوونانەش، چەند وشەیەکەی فارسی بە نموونە دەهێنینەوە:

الاغ (ئولاغ): کەر.

آغاز (ئاغاز): سەرەتا، دەستپێک.

آغل (ئاغول): تەویلە، شوێنی داکردنی ئاژەڵ.

اغماض (ئیغماز): چاوپۆشی.

افغانستان (ئەفغانستان): ئەفغانستان.

باوراغ (باوەراغ): ڕۆشن، ڕووناک.

بزغاله (بوزغالێ): کاریلە.

پیغام (پەیغام): پەیام.

هەواڵنامەی ئێستا

جغد(جوغد): کوندەبۆ، بوم.
جوجەتیغی: ژووشک، ژووژک، ژووژی، ژیژی.
دامغان: ناوی شارێکی ئێرانە.
دروغ : درۆ، ناڕاستی.
دریغ(دەریغ): درێغ، ئەفسوس، پەشیمانی.
دغلکار(دەغەلکار): فێڵباز.
دماغ(دەماغ): لووت، کەپوو، دفن، پۆز.
دوغ : دۆ، ماستاو.
روغن (ڕۆغەن): ڕۆن، چەوری
زغار(زەغار): زەوی خوێدار.
زغارو(زەغارو): قەحپەخانە.
زغارە (زەغارێ): نانی هەرزن.
زغال (زوغال): ڕەژوو.
ستغ (ستیغ): لووتکەی چیا.
سغ(سەغ): بانی گومبەت.
سیمرغ(سیمورغ): ناوی باڵندەیەکی ئەفسانەییە.
غله(غەلێ): دەغڵودان، گەنم و جۆ.
غمگین(غەمگین): غەمگین، خەمگین.
کرغ (کەرەغ): ناوی گیایەکە.
کغارک (کیغارک): کوارگ، قارچ.
کغالە (کەغالێ): تڵپەی میوە، تڵپەی چای.
لاغر: لاواز، لەڕ (لەڕ و لاواز).
لغزیدن (لەغزیدەن): خلیسکان.

هەوارنامەی کتێب

مغازە (مەغازێ): دوکان، فرۆشگە.
مغز (مەغز): مێشک، مەژی.
نغز (نەغز): باش، پاک.
وراغ (وەراغ): مەشخەڵ، دارچرا.
وزغ (وەزەغ)): بۆق.
وزغە (وەزەغێ): مارمیلکە.
ئاغشتە (ئاغشتێ): ئاوێتە، ئالودە.
یاغی: یاخی، سەرکێش.
یغما (یەغما): تالاّن، بردنی زۆرەکی.
یغماگر (یەغماگەر): تالاّنکەر، تالاّنچی.
آغوش، بغل (ئاغوش، بەغەل): باوەش، ئامێز.

ئەمە بێجگە لەو وشە عەرەبی و تورکیانەی کە وەریانگرتووە و هەر بە'غ: گۆیان دەکەن، وەک: [ادغام، استغاثە، استغفار، بلیغ، جغرافیا، غافل، غرامت، غرور، مغرور، غریب، غلام، غلب، غلط، غلیظ، غنی، غیر، بالغ، مغلوب، غیب، غذا، رغم، غروب، لغو، متغیر، مغناطیس، **نغمە**، صغیر، غل، غش، غفور،......... ]
هەر لە پێوەند بە دەنگی 'غ' سەرێک لە دیوانی لوڕستان هەڵدەکێشین، لوڕی وەک زارێکی کوردی خوارووی پێوانەی بۆ دەکرێ، هەرچەندە ئێستا هەندێک پەیدا بوون و بە زمانێکی سەربەخۆی دەناسێنن، بەلاّم دەیان وشە لە نێو لوڕستاندا دەدۆزینەوە کە دەنگی 'غ'یان تێدایە.

هەواڵنامەی کتێب

مخابن ئێستا هەندێک لوڕیش پەیدابوون و بە نەرێنی لە واچە و دەنگی 'غ' دەڕوانن، بەڵام ئەوان نکۆڵی لێ ناکەن و دەڵێن: فۆنیمی 'غ' لە وشەکانی ئەمڕۆی لوڕیدا، لەوانەیە پاشماوەی 'گ'ی ئاریایی کۆن بێت، چونکە ئەگەر فۆنیمی 'گ'ی ئاریایی کۆن لە تەنیشت فۆنیمی بزوێن یان فۆنیمی "ر" دابنرێت، بۆ "غ" دەگۆڕێ و لەوانەیە لەو ڕێیەوە لە نێو زمانی ئاڤێستاییدا خۆیا بووبێ. سەبارەت بە دەنگی 'غ' با چەند وشەیەک بە نموونە بهێنینەوە.

چەغەل: چەقەل
غروس : کەلەشێر، دیک، کەڵەباب.
غرونگ : دەنگێک کە هیچی لێ تێناگەی.
غوت : قوتدان، بەلعاندن.
غوت : ئازا، کارا، توانا.
غود : لە خۆ ڕازی.
غور : قووڵ، کویر، گویر.
غورتن : مرۆڤی بێرەوشت.
غوردل : دلێر، دلاوەر.
غولغولێ : هاتوهاوار، داد و فریاد
غونج : لەخۆبایی، بەفیز.
غیدیلو : تولە سەگ، گوجیلە، تووتکە.
غیرغیف : خۆ هەڵکێشان، خۆپفدان.

هەواڵنامەی کتێب

غیرنو : تۆزوبا.

غیرومتراق : هەورە تریشقە، هەورەبرووسکە.

غیشین : دستە، گروپ. کۆمەڵ.

غەچـــە : بـــازنەیەکی داریـــنە بە گـــوریس دەبەســـترێ بـــۆ توونکردنی باری ئاژەڵ.

لەغێ: لەقە، پێنە.

غەر : گەرد و خۆڵ، غوبار.

**پـاش ئەوەی هەنـدێک وشـەی زمـانی باپیرانمـان هێنـایەوە کە پیتـی 'غ'یـان تێـدابووە، هەروەهـا بە لاچاوێکیشـەوە سـەیری زمـانی بـرای شـیری کوردیمـان کـرد و هەنـدێک وشـەمان بە نمـوونە هێنـایەوە کە پیتـی 'غ'یـان تێـدایە، ئیـدی هـیچ بیـانۆیەک نـامێنێتەوە و دەبـێ دان بەو ڕاسـتییەدا بنێـین کە دەنـگ و پیتـی 'غ' لە نێـو زمـانی کوردیـدا خۆماڵییە و مانەوەشی پێویستە.**

# ح (حێ)

هەندێک کەس لە خۆڕاوە لە بەرانبەر پیتی 'ح' سناهی(حەساسیەت)یان هەیە و حەزی لێ ناکەن. وا دەزانن بە زۆر بەسەریاندا سەپێنراوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە دێرینشدا هەر هەبووە.

باپیرانی کورد لە دەستپێکی دەستەمۆکردنی گیانەوەراندا گوێیان بە دەنگی 'ح' و 'ع' ئاشنا بوو. بەوهۆیەوە وەرگرتنی ئەو دەنگانە سەخت و دژوار نەبوون و ئێستاش زۆر بە ئاسانی لە گەرووی مرۆڤی کورددا بەرهەڤ دەبن و دەردەبڕدرێن.

دەنگی 'ح' یان 'حێ' نزیکایەتی لەگەڵ دەنگی 'ئـ'، 'هـ' و 'ع'دا هەیە، 'ئـ'، 'هـ' و 'هێ' لە سەرووی گەروو، 'ح' و 'حێ' لە ناوەڕاست و 'ع' و 'عێ' لە خوارووی گەروودا دروست دەبن. واتە هەر سێ پیتەکە یەک زێدیان هەیە، ئەویش قورگە.



ئەوانەی دەقەکانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانییان خوێندۆتەوە، ئوروپایی یان هیندی بوون، بەو هۆیەوە دەنگی پیتی 'ح'یان بۆ هاوێر نەکراوە، هەرچەندە هەندێکیان خاڵێکیان لەژێر پیتی (H)داناوە، تا قورسایی دەنەگەکە پیشان بدەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە زمانەکانی خۆیاندا نەبووە، بە ئاسانی بۆیان جیا نەکراوەتەوە.

لە ئابێی ساسانیدا تەنیا هێمایەک چەندین دەنگی جۆراوجۆری هەبوو، بۆ نموونە **(ىـ)** بۆ (ە، ئە، هـ، ح، ع)یش بەکار دەهات. لەو نێوەندەدا وشەی تەحل هەبووە و ئێستاش لە بادینی هەر بە تەحل ماوەتەوە، ئوروپاییەکان خاڵێکیان لەژێر پیتی (H) داناوە، بەڵام ئێمە هەر بە هـ لێکدانەوەمان بۆ کردووە. ئەم وشەیە لە زاری سۆرانی بۆ **تاڵ** و لە بنزاری هەولێری بۆ **تار** گۆڕاوە، بەڵام لە زاری زەردەشتیانی یەزد و کرمان بە **تەئل** گۆ دەکرێ و لە زمانی مازنی بە **تەهل** جێوارە.

گۆکردنی وشەکە بە تەحل، تەئل و تەهل ڕاستی نزیکایەتی دەنگی ئەو پیتانە خۆیا دەکات و ناتوانرێ کەللەڕەقی لەگەڵدا بکرێ.

لێرەدا دەپرسین لە کێهان زاری کوردیدا دەنگی 'ح' نییە؟ کێ دەتوانێ ڕیشەی وشەکانی (بلح، حاپول، حاتۆر، حەچە، حەز، حولیک، حندۆلی، حندرحۆپ، حێڵلانی،

ترِحێـــو، حەوانەوە/حـــاوانەوە، حیلکەحیلـــک، حوشـــتر، حەپەحەپ، حیتەحیـت، حەفــت، حیــز، حەمــوو، حەپەســاو، مەحـــچەچە، حەمـــتەر، حەنەک و حولحـــولی، ....) لە نێـــو زمـــانێکی دیـــکەدا بـــدۆزتەوە؟ هەنـــدێک دەڵـــێن پیتـــی 'ح' لە زاری لەکـــی، لـــوڕی و کەلهوڕیـــدا نیـــیە؟ بەڵام ڕاســـتییەکەی پیتـــی 'خ'ش لە زاری لەکیـــدا گشـــتگیر نیـــیە، لە هەنـــدێ بنـــزاردا پیتـــی 'ب' گۆنـــاکرێ، لە جیـــاتی بـــاران و بەفـــر، دەگـــوترێ واران و وەفـــر. ئەوەتـــا پیتـــی 'خ' لە زاری لەکـــی بە 'هــ' گـــۆ دەکـــرێ، بـــۆ نمـــوونە لە جیـاتی بگـوترێ خـواردم، دەگـــوترێ **هـــواردم**. لەوانەیە لە دەربڕینـــدا پیتـــی 'ح' هەر بە شـــێوەی 'هــــ' گـــۆ بکـــرێ، بەڵام لە نووســـیندا هەیە، بـــۆ سەرڕاســـتکردنەوەی بـــا ســـەیری ئەم چەنـــدە دێـــڕە لە نووسینی محەمەد ڕەزا دارکولی بکەین[4]:

زون آگێرلیٚ حیرگٚ ! ئیٚ کێتاوٚە نوسایٚن ئە ڕێنوس لاتین زون کلێگٚ وٚ اسیل لکی

مێخت حوٚمە مێیٚ . کێفتیٚ مێخت ئیٚ کێتاوٚە گێل گو ار سریە ؛ حوٚنە گیٚ حوٚمە ار

پنل حرجوریٚ کێتاوٚە بین گێل گو دار دێرینوٚن وٚ حر یە وٚژ مێختە خاستێرە مکیٚا . ئیٚ

لە لایەکـــی دیـــکەوە ئیـــبن وەحشـــیە ئامـــاژەی بە ئـــابێی ماســـی ســـۆراتی کـــردوە و وەک ئـــابێی کـــوردان ناســـاندوویەتی {مـــن ئەمە بە یەکێـــک لە ئابێکـــانی ســـەردەمی ساســـانی دەزانـــم کە

44 - ممە ڕزا نزری دارکولی، آموش خواندن و نوشتن زبان لکی لاتین، هەرێمی کوردستان، چاوخانەی شەهاب چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٨.

بۆ کشتوکاڵ تەرخان کراوە} لەو ئابێیەدا پیتی 'ح' هێمای بۆ دانراوە. هەروەها لە ئابێی ئێزدیشدا هەر هێما بۆ دەنگی 'ح' دانراوە، ئەوانەش پێمان دەڵێن دەنگی 'ح' ئاوارتە و هاوردەکراو نییە.

هێمای پیتی ح لە ئابێی ماسی سۆراتی  '

هێمای پتی ح لە ئابێی ئێزدی 

ئەگەر سەیری هێما و شێوەی پیتی 'ح' بکەین، دەردەکەوێ کت و مت لە پیتی 'ح'ی ئابێی ئێزدی وەرگیراوە.

ڕاستییەکی نکۆڵی لێ نەکراوە، دەنگەکانی 'ح' و 'ع' لە زار و بنزارەکانی کوردی خواروودا جێیان بۆ نەکراوەتەوە، هەندێک جار دەنگی 'خ'یش دەسڕیتەوە یان دەنگێکی دیکەی نزیک لە 'ح' دەدات. بۆ نموونە لە لوڕی لە جیاتی وشەی خاڵۆ، دەگوترێ حاڵۆ بەڵام ئەم 'ح'یە لە 'ح' و 'خ' ناچێ و تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە هەندێک بنزاری لوڕیدا  پیتی 'هـ' شوێنی پیتی 'خ' دەگرێتەوە. لە جیاتی خانە و خونە، دەگوترێ هانە و هونە.

دوای سەرهەڵدانی دینی ئیسلام و لەشکرکێشی عەرەب بۆ ناو خاکی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، واتە ئەو شوێنانەی  ئێستا زارەکەیان بە کوردی خواروو دەناسرێ، پێوەندی و تێکەڵاوی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەرەب دەستی پێکرد، هۆز و تیرەی عەرەب هاتن و

جێواربوون. ناوچەی بەسرە(باسرا)[5]، بەغدا، خوزستان، لەو شوێنانەبوون کە زووتر پردی پێوەندیان لەگەڵ عەرەب دروست کرد، هەندێک هۆز و تیرەی کورد، دین و زمانی عەرەبیان وەرگرت؛ ئیدی پێوەندی فەرهەنگی و زمانییان لەگەڵ باپیرانیان پچڕا. بەڵام ئەوانەی دیکە پارێزگارییان لە فەرهەنگ و زمانی خۆیان کرد. لێرەدا جێی پرسیارە، بۆچی لە زارەکانی کوردی خواروو، دەنگی 'ح' و 'ع' نییە؟ هەرچەندە لە عەرەب نزیکن و لە هەندێک شوێنیش پێکەوە دەژین، بەڵام لە زارەکانی کوردی نێوەڕاست و سەروو، واتە لەو شوێنانەی دوور لە عەرەب، لە وێنەی هەولێر، دهۆک، سلێمانی، سنە، شارەکانی موکریان و سەرجەم شارەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، دەنگی 'ح' و 'ع' بەرچاو و

---

5 - بەسرە وشەیەکی ئاڤێستاییە، واتای 'سەگلاو' دەدات، دیارە ئەوێ ڕۆژێ لە ئاوەکانی نزیک بەسرە، گیانەوەری سەگلاو هەبووە ناوی 'بەسرە'ی لەسەر دانراوە. لە ئاوێستادا چەندین جار وەک گیانەوەرێکی پیرۆز ئاماژە بە ناوی بەسرا(بەسرە) کراوە. هەروەها لە سەردەمی ساسانیەکان، ژمارەیەک خەڵکی ئەفریقاییان هێنا و لەو شوێنە جێواریان کردن و بناغەی شارەکە بنیاتنرا و ناوی 'بەسرە'ی لێنرا. عەرەب لە خۆڕاوە چەواشەکاری دەکەن و دەڵێن عەتەبە کوڕی غەزوان کوڕێ جابر کوڕی وەهیبی مازنی' شارەکەی بنیاتناوە.

جێــواره. ڕاســتییه‌كه‌ی هه‌بــوونی ده‌نگــی 'ح' و 'ع' پێوه‌نــدی ڕه‌های به‌ عه‌ره‌ب و كاریگه‌ری زمانی عه‌ره‌بییه‌وه‌ نییه‌.
له‌ لایه‌كــــی دیــــكه‌وه‌ ئه‌گه‌ر به‌ نێــــو زاره‌كــــانی كوردیــــدا بگه‌ڕێــین، ده‌بینــین له‌ هه‌نــدێك وشــه‌دا پیتــی 'هـ' بــۆ 'ح' گـــۆكراوه‌ و گـــۆڕاوه‌. بــــا ئه‌م دێــــڕه‌ی فه‌قێــــی ته‌یــــران وه‌ربگرین:

**ئه‌ز كز و زه‌ر بووم ژ <u>قه‌حرێ</u>؛ دێ ده‌ڤه‌ك چ بكت ژ به‌حرێ،**

**یان دوو چاڤ چ بكن ل سه‌حرێ؛ لدیتنا عه‌ینانم ئه‌ز.**

لێــره‌دا ده‌بینــین وشــه‌ی قه‌هر(قهــر)ی عه‌ره‌بــی بــۆ قه‌حــر گــــۆڕدراوه‌. دیــــاره‌ ئه‌مه‌ش له‌ ژێــــر كــــاریگه‌ری زمــــانی عه‌ره‌بیــدا نیــیه‌ و دووریــش كه‌وتــۆته‌وه‌، چــونكه‌ وشــه‌كه‌ بــۆ خــــۆی عه‌ره‌بیــــیه‌ و پیتــــی 'ح'ی تێــــدا نیــــیه‌، به‌ڵام كــــورد وه‌ریگرتووه‌ و پیتی 'ح'ی له‌ جێی پیتی 'هـ' داناوه‌.
ڕاســتییه‌كه‌ی ده‌ســتپێكی ته‌رشــداری و ڕامكردنــی ئــاژه‌ڵ له‌ لایه‌ك و له‌ لایه‌كــــی دیكه‌شــــه‌وه‌ یه‌كبــــوون و پێكه‌وه‌ژیــــان له‌گه‌ڵ كلــــدان ئه‌و ده‌نــــگه‌ی  له‌ نێــــو زمــــانی باپیرانمانــــدا جێگیركردووه‌.

# ' ل ' یان ' ر '؟

نکۆڵێ لـێ نەکـراوە، هەنـدێک دەنـگ لە نێـو هەنـدێک زمانـدا نەبـــوون، یـــان هەتـــا ئێســـتاش هەر نـــین. بـــۆ نمـــوونە دەنگەکـــانی (چ، ژ، گ، ڤ، ۆ، ێ) لە نێـــو زمـــانی عەرەبیـــدا نــــین، کەچــــی ئەو گەلانەی بە عەرەب کــــراون، زۆر بە ئاسـانی دەنگـی 'ژ' یـان 'گ' دەردەبـڕن. بـۆ نمـوونە، وشـەی جەمیـل عەرەبییـە، بەڵام سـوری و لوبنـانی بە 'ژەمیـل' و میســــرییەکان بە 'گەمیـــل' گـــوێ دەکەن. هەروەهـــا پێداویســـتی ڕۆژانە وا خەریـکە ناچاریـان دەکـات، دەنگـی 'ڤ'یـش هـاوردە بـکەن. میسـری، فەلەسـتینی و سـووری ناوەکـانی میـرڤەت، نڤـین، ئەڤـین، ڤیـان لە سـەر زارۆکـانی خۆیــان دادەنــێن، ئیــدی بەو هــۆیەوە دەنگــی 'ڤ' هێــواش هێـواش جێـی خـۆی لە نێـو زمـانی عەرەبیـدا دەکـاتەوە و لە داهاتوودا ناچار دەبن هێمای بۆ دابنێن.

ئەگەر بــۆ ڕابــردووی زمــانی باپیرانیشــمان بگەڕێیــنەوە، بۆمــان دەردەکەوێ لە زمــانی میدی(ئاڤێســتایی)دا دەنگــی 'ل' بــێ بەهــرە بــووە و ســوودی لــێ وەرنەگیــراوە، لە زەمــانی دواتــر، بەتــایبەتیش لە کۆتاییەکــانی ســەردەمی ئیمپراتــۆریەتی ساســانیدا گیــان وەبەر دەنگــی 'ل' کــراوە و لە نێـو هەنـدێک وشـەدا شـوێنی دەنگـی 'ر'ی گرتـۆتەوە. ئێسـتاش بە ئاشـکرا هەسـت بە گـۆڕینی پیتـی 'ر' بـۆ ' ل' لە ئاخـافتنی ئەو منـداڵانە دەکـرێ کە تـازە زمانیـان دەکـرێتەوە

و دەیانەوێ قسە بکەن، زۆر بە ئاشکرا پیتی 'ڕ، ر' بۆ پیتی 'ل' دەگۆڕن؛ دەڕۆم بە دەلۆم، دەکرم بە دەکلم، برین بە بلین و ..... گۆدەکەن.

کاروانی پێگۆڕکێی پیت هەتا ئێستا بەردەوامە، دواتر دەنگی' ڵ'یش داهێنراوە و هەندێ وشەی پێ هەڵچنراوە. بەو هۆیەوە وشەی 'زرد، زرت'ەی ئاڤێستایی بۆ درد و درت گۆڕاوە، پاشان پیتی کۆتایی قرتێنراوە و تەنیا 'در' ماوەتەوە. دوای داهێنانی پیتی 'ل'، ئیدی بۆ 'دل' گۆڕاوە، دواتر بووە بە 'دڵ'. هەنووکە وشەی 'زرد'ی ئاڤێستایی لە نێو زمانی فارسی، بەلوچی، دەری، تاتی، تالشی و زارەکانی بادینی و بۆتانی کوردی بە شێوەی 'دل' جێوارە، بەڵام لە زاری سۆرانی بە 'دڵ' و لە بنزاری هەولێریش بە 'در' هەیە. هەروەها لە نێو زمانی کرواتی بە زرجێ (srce) ماوەتەوە.

هەر لەو پرۆسەیەدا **گور** بۆ **گول** و **گوڵ** گۆڕاوە. زۆر جاران لە جیاتی وشەی سەرک، وشەی سەلک بەکاردەهێنرێ. تەنانەت وشەی 'فرار/ فیرار'ی عەرەبی بە 'فیلار' گۆ دەکرێ. لە فەرهەنگی 'بورهان و نازمولئەتیبا'ی فارسیدا وشەی دیوال وەک هاوواتای دیوار تۆمار کراوە. لە پەهلەوی ساسانیدا وشەی 'دێوار' و 'دیوار' هەبوون، کەچی ئێستا لە نێو هەندێک زاری زمانی فارسی دەریدا وشەی دیوال شوێنی دیواری گرتۆتەوە.

# م یان ن؟

له هەنـــدێک وشـــەدا پیتەکـــانی 'ن' و 'ب' بەدوای یەکـــدا دێـن، بەڵام بە شـێوازی جیـاواز گـۆ دەکـرێن، لە گۆکردنـدا هەردوو پیتـی 'نـب' بـۆ 'مـب' دەگـۆڕدرێن؛ بـۆ نمـوونە: وشـــــەکانی 'تەنبـــــوور' و 'تەمبـــــوور' هەن، بەڵام هەردووکیـــان ڕاســـتن، چـــونکە لە پەهـــلەوی ساســـانیدا بە هەردوو شـــێوەکە تۆمـــارکراون و مـــاونەتەوە. وشـــەی تەمبـووری مەس، واتـای تەمبـووری مەزن یـان تەنبـووری گەورە دەدا، چەنـــدین جـــار تۆمـــار کـــراوە. وشـــەکانی گـۆنبەت و گـومبەت لە پەهـلەوی ساسـانیدا هەبـوون، ئێسـتا لە فارســی بە گـونبەت و لە کـوردی بە گـومبەت مـاوەتەوە و هەردووکیـــان ڕاســـتن، بەڵام دەبـــێ لێـــرەدا ئەوە ڕوون بکـرێتەوە کە مەرج نییە لە هەمـوو پەیڤێکـدا گۆڕینی'نـب' بـۆ 'مـب' ڕاسـت بـێ، چـونکە هەنـدێکجار لە پێکهـاتە و واتـادا جیاوازن، بۆ نموونە:

جانبـــاز و جامبـــاز و دوو شـــتی زۆر جیـــاوازن، جانبـــاز کەســـێکە گیـــانی خـــۆی لە پێنـــاو ئارمـــانجێکی دیـــاریکراو پێشـــکەش دەکـــا، کەچـــی جامبـــاز کەســـێکە فێـــڵ لە خەڵـــک دەکا، واتە جام جامانی دەکات.

ســـومبە و ســـونبە جیـــاوازن، ســـومبە لە پەهـــلەوی ساســـانیدا مـــاوەتەوە، وشـــەکە خـــۆی لەســـەر کەلاکـــی

'سـوومب'ەوە دروسـت کـراوە کە واتـای 'سـم' دەدا؛ بەڵام سـونبە ئەو شیشـەیەیە کە چەکـی پـێ پـاک دەکـرێتەوە، واتە شیشـکەی دەمـانچەو تفەنـگ. ڕاسـتییەکەی سـونبە شـێوە لـوولەییە، جـاران لە دار یـان کـانزا دروسـت دەکـرا و بۆ پڕکردنەوەی دەمانچە و تۆپ سوودی لێوەردەگیرا.

وشـەکانی **سـیمبول**/ سـیمبۆل و **سـینبول** هەن و واتـای جیاوازیـان هەیە. سـیمبول(Symbol) وشـەیەکی یۆنـانییە، واتـای هێمـا و نیشـانە دەدا، نەتەوەکـانی ئورووپـا وەریـانگرتووە؛ هەرچـی '**سـینبول**'یشـە، نـاوی گـوڵی 'سـونبول/sonbol 'ە، لە هەنـدێک نـاوچە بە سـینبول گـۆ دەکرێ. نالی مەزن لە دێڕێکدا گوتوویەتی:

سونبول لەبەر ڕوعوونەتی شمشادی تازەدا

هات و بە تەعن و دەورە بەسەریا شکایەوە

تەنـبەل ڕاسـتە و تەمـبەل هەڵەیە چـونکە تەنـبەل بە کەسـێک گـوتراوە کە جەسـتە یـان 'تەن'ی ئاوسـاوە و بەل بـووە ئیـدی هەسـتان و دانیشـتینی بە زەحـمەت کەوتـووە، بەرانـبەر یـان بەرامـبەر لە 'هەمـبەر' و 'هەمـڤەر'ی پەهـلەوی ساسـانییەوە مـاوەتەوە، بـۆیە هەردووکیـان ڕاسـتن. ئێستاش لە بادینی و بۆتانیدا هەر هەمبەر دەگوترێ.

# پاشگر

پاشــگر ئەو پیتــانەن، بە تەنیــا بێواتــان، بەڵام کاتێــک خۆیــان بە دواوەی ڕەگــی کــار، قەدی کــار، نــاوی ســادە و نــاوی ناســادەوە گــرێ دەدەن، پەیڤــی نــوێ دەئــافرێنن. ژمــارەی پاشــگرەکانی زمــانی کــوردی یەکجــار زۆرن، دەکــرێ ئامــاژە بە هەندێکیان بدەین:

١- ا : دارا توانا، زانا، زارا.

٢- **ابە** : غەرابە، قولابە، شۆڕابە.

٣- **ات** : دێهات، حەشامات، باغات.

٤- **اتی** : دۆستاتی، زاناتی، سپیاتی.

٥- **ار** : لێوار کۆمار، کوشتار، وتار، گوتار.

٦- **ارە** : شەوارە، گەوارە.

٧- **از** : شیراز، بەراز.

٨- **ازە** : ئەندازە، شیرازە

٩- **اسی** : کێماسی، تەنگاسی.

١٠- **اڤ** : بزاڤ، زراڤ

١١- **اک** : ڕووناک

١٢- **اڵ** : ڕیشاڵ، چەنگاڵ.

١٣- **اڵوو** : خەواڵوو.

١٤- **ان** : شادان، خەندان

١٥- **اندن** : دڕاندن، تڕاندن.

١٦- **انگ** : قەڵانگ، بژانگ

۱۷- **انی** : پڕانی، کەرانی

۱۸- **انە** : تەنگانە، کوردانە، حیزانە

۱۹- **اهی** : ڕۆناهی، تەناهی، بڵنداهی.

۲۰- **اوە** : کورداوە، سەگاوە، بڕاوە.

۲۱- **اوەر** : جەنگاوەر، دلاوەر.

۲۲- **ایی** : ڕەشایی، زەردایی، ڕووناکایی.

۲۳- **ایەتی** : دۆستایەتی، کەمایەتی، کوردایەتی.

۲٤- **ایی** : ڕۆشنایی، ڕووناکایی.

۲٥- **بەر** : نامەبەر، پەیامبەر، کۆڵبەر.

۲٦- **ەنگار** : بەرەنگار

۲۷- **بینگ/ بێنگ** : بەربینگ/ بەربێنگ.

۲۸- **بێن** : دەستبێن.

۲۹- **پارە** : گۆشتپارە.

۳۰- **تک** : گونتک، پرتک، جڕتک

۳۱- **تی** : براتی، ئازاتی، مەرداتی.

۳۲- **جاڕ** : نێرگسەجاڕ

۳۳- **چک/ چکە** : پێچک (پێچکە)، ڕێچک (ڕێچکە)، گوێچک (گوێچکە).

۳٤- **چنە** : پێچنە، دەستچنە.

۳٥- **چی** : کاروانچی، ساختەچی.

۳٦- **چە** : باغچە. خونچە.

۳۷- **دار** : بریندار، دیندار، سەردار.

۳۸- **دان** : گوڵدان، مەرکان، خوێدان.

٣٩- **دانک** : پفدانک، خۆلیدانک.

٤٠- **دە** : قوندە، کوندە، شەندە، بەندە.

٤١- **دەک** : ئەستووندەک.

٤٢- **دێر** : ناودێر، ڕەنگدێر.

٤٣- **رازە** : دەسرازە.

٤٤- **ڕک** : جۆڕک، تێڕک، جێڕک، ئەستێڕک.

٤٥- **ز** : مامز، بەرز.

٤٦- **زا** : برازا، ئامۆزا، میرزا، پورزا، پلکزا.

٤٧- **زاد** : شێرزاد، بێهزاد.

٤٨- **زار** : گوڵزار مێرگوزار.

٤٩- **زن** : درۆزن.

٥٠- **ژ** : گێژ، ڕێژ.

٥١- **ژنە**: پاژنە، ڕێژنە. (دەکرێ بە وشەی لێکدراو و زیادکردنی پاشگری 'ە' ە پێوانە بکرێ. لەوانەیە لە (پا+ژن+ە) و (ڕێ+ ژن+ە)ەوە پێکهێنرابن. ئەوکاتە ژنە ڕووخساری پاشگر لە دەست دەدا.

٥٢- **ژە** : تەنگژە، گرمژە.

٥٣- **ژۆڵە** : کارژۆڵە

٥٤- **سار** : سەگسار، کۆسار، ڕووخسار، لاسار.

٥٥- **سان** : دیسان، نیسان، ڕاسان.

٥٦- **ست** : زانست، توانست.

٥٧- **ستان** : دارستان، گۆڕستان.

٥٨- **ش** : وەرزش، ڕەوش، خەوش، کەوش.

٥٩- **شت** : ڕەوشت، بڕشت.

٦٠- **فەت** : دەرفەت، کولفەت

٦١- **ک** : گونک، کچک، قونک. لاوک، نازک، دڕک.

٦٢- **کان** : گڕکان، مەلکان.

٦٣- **کل** : توێکل، چووکل.

٦٤- **کۆ** : پاشکۆ سەرکۆ، زانکۆ.

٦٥- **کە** : لووتکە، جووتکە، پووشکە، ڕەشکە.

٦٦- **کەر** : خەباتکەر. ئیشکەر.

٦٧- **کی** : کوردکی، زازاکی

٦٨- **گ** : کارگ، کوارگ، ڕێڤینگ، سەرینگ، بەربینگ، چۆلگ، چالگ.[6]

٦٩- **گا/ گە** : جێگا، ڕێگا، خوێندگە، فێرگە.

٧٠- **گار** : شەوگار ڕۆژگار، ئامۆژگار.

٧١- **گە/ گەهـ** : شەڕگە (شەڕگەهـ)، سەربازگەهـ.

٧٢- **گەر** : جادووگەر، ئاسنگەر.

٧٣- **گین** : خەمگین، لەزگین، سەرگین.

٧٤- **لاڤ** : پێلاڤ، لالاڤ، ڕێلاڤ، زێلاڤ. (لەوانەیە لاڤ لە 'ئالاڤ'ەوە مابێتەوە و لەگەڵ 'ئاڵاو، پێچان'

---

[6] - لەوانەیە هەندێک 'گ' بە پاشگر نەزانن، بەڵام کاتێ وشەکانی، ڕێڤینگ، بەربینگ ورد دەکەینەوە، دەبینین پاشگری 'گ' خۆی بە وشەی لێکدراوی (ڕێ+ڤین) و (بەر+بین) چەسپاندووە. هەروەها کاتێک وشەی کار و چۆلگ هاوێر دەکەین، دەبینین لە (کار+گ) و (چۆل+گ) پێکهاتوون. واتە 'گ' خۆی بە ناوی سادەوە گرێداوە.

هاوواتـــابێ، بەڵام چـــونکە لاڤ بە تەنیـــا واتـــای نیـــیە، دەکرێ وەک پاشگر ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ.

٧٥- **لاک** : سپیەلاک، سپیلاک.

٧٦- **لکە** : کانیلکە، پەڕەسێلکە.

٧٧- **لگ** : دالگ، کۆلگ، گۆلگ(گۆلک)، پێلگ.

٧٨- **لە** : خەپلە، کانیلە، برالە.

٧٩- **لەمە** : قاپلەمە، شەکرلەمە.

٨٠- **ڵان** : کۆڵان.

٨١- **ڵە** : گۆزەڵە، کۆرپەڵە.

٨٢- **ماک** : زگماک، سووتماک.

٨٣- **مان** : نیشتمان، دەرمان، سووتمان.

٨٤- **مانە** : گرێمانە، گریمانە، شیمانە.

٨٥- **مایی** : تارمایی، پاشمایی.

٨٦- **مەتی** : یارمەتی.

٨٧- **مەند** : هۆشمەند، کارمەند.

٨٨- **مێلکە** : مارمێلکە.

٨٩- **ن** : ورگن، شەرمن، خەون.

٩٠- **ناک** : دەردناک، ترسناک.

٩١- **نج** : قۆڵنج، سەرنج.

٩٢- **ندە** : باڵندە، دڕندە، بەخشندە، فڕندە.

٩٣- **نگ** : بێژنگ، گرنگ.

٩٤- **نۆک** : ترسنۆک، گرینۆک.

٩٥- **واز** : لانەواز، ناواز.

٩٦- **وازە** : پەروازە، ناوازە.

٩٧- **وان / ڤان** : گاوان، ڕەزڤان، سەگڤان.

٩٨- **وانکە** : ملوانکە ، بەروانکە.

٩٩- **وانە** : کۆڵوانە، پەروانە.

١٠٠- **وژ** : مێوژ، گێوژ

١٠١- **وڵە** : زەنگوڵە

١٠٢- **ونکە** : شوێنونکە، جێونکە.

١٠٣- **وو** : گڕوو، دڕوو.

١٠٤- **وور** : مەستوور، ڕەنجوور، دەستوور.

١٠٥- **ووک** : چرووک، پەلووک.

١٠٦- **وولکە** : داسوولکە، جاموولکە.

١٠٧- **وولە** : دانوولە، مێشوولە.

١٠٨- **وون** : گەردوون، چەتوون.

١٠٩- **وە** : کڕیوە، دزیوە.

١١٠- **وەر** : سەروەر، دادوەر.

١١١- **وەند / ڤەند** : زەماوەند، گۆڤەند.

١١٢- **وی** : ڕێوی، سێوی، جێوی.

١١٣- **وێر** : زەنوێر، بلوێر.

١١٤- **ۆ** : شانۆ، سەرۆ، پەڕۆ.

١١٥- **ۆچکە** : ماڵۆچکە، خانۆچکە.

١١٦- **ۆخ** : مەردۆخ،، مردۆخ.

١١٧- **ۆز** : ملۆز، قەپۆز.

١١٨- **ۆژ** : تیرۆژ، کرۆژ.

١١٩- **ۆش** : قەلۆش، پەرۆش، خرۆش.

١٢٠- **ۆق** : شلۆق، پلۆق، بلۆق.

١٢١- **ۆک** : بیستۆک، گەڕۆک، شێخانۆک.

١٢٢- **ۆکە** : شەکرۆکە، فڕۆکە، نەرمۆکە، بزنۆکە.

١٢٣- **ۆگ** : تیرۆگ.

١٢٤- **ۆڵ** : بژۆڵ، مژۆڵ.

١٢٥- **ۆڵکە** : گردۆڵکە، تەپۆڵکە.

١٢٦- **ۆڵە** : کیژۆڵە، بەرخۆڵە، ڕەشۆڵە.

١٢٧- **ی** : کوردی. هەولێری، ڕاستی. پاکی.

١٢٨- **یا** : تەنیا، میدیا، زەریا، سوریا، دەریا.

١٢٩- **یان** : گەرمیان بازیان، موکریان.

١٣٠- **یات** : بێریات(بێر+یات)، ترشیات، قۆڕیات.

١٣١- **یچە** : دەریچە، بازیچە، وازیچە.

١٣٢- **یدە** : گەڕیدە، یاریدە.

١٣٣- **ێر** : دلێر، شلێر.

١٣٤- **ێزە** : ئاوێزە.

١٣٥- **ێژ** : شیرێژ، تیرێژ.

١٣٦- **یژگە** : کوڕیژگە.

١٣٧- **ێژە** : سوورێژە، بانێژە.

١٣٨- **ێنە** : زەردێنە، وەردێنە.

١٣٩- **یف** : بالیف، زەریف.

١٤٠- **یک** : تاریک، باریک.

١٤١- **یکە** : سۆریکە، خوریکە.

١٤٢- **ێلک** : قەپێلک.

١٤٣- **یلکە** : چاویلکە، بازیلکە.

١٤٤- **یلە** : قوتیلە، خڕیلە.

١٤٥- **ین** : بەفرین شەرمین، سەرین، سەنگین.

١٤٦- **ینگ** : بێژینگ، گوڵینگ. سەرینگ.

١٤٧- **ینگە** : خرینگە، زرینگە.

١٤٨- **ینگەر** : زێڕینگەر(زێڕ+ینگەر).

١٤٩- **ینە** : زۆرینە، کەمینە، دۆینە.

١٥٠- **یوە** : پەڕیوە، تەریوە.

١٥١- **یی** : ئەمریکایی، جودایی.

١٥٢- **یەتی** : برایەتی، ئازایەتی، مەردایەتی.

١٥٣- **ێن** : شەوێن، ڕەوێن.

١٥٤- **ێنکە** : کزێنکە.

١٥٥- **ێنە** : نیسکێنە، ماشێنە، شلکێنە(شلک+ێنە).

١٥٦- **ە** : شەوە، سوارە، هەفتە، چلە.

١٥٧- **ەتەپ** : قوڕەتەپ،

١٥٨- **ەتی** : کۆلەتی، بەردەتی.

١٥٩- **ەخ** : کەلەخ، پەلەخ.

١٦٠- **ەر** : دانەر بێژەر، نووسەر.

١٦١- **ەزمە** : دێوەزمە، مێردەزمە.

١٦٢- **ەسێر** : گەرمەسێر.

١٦٣- **ەشە** : بانگەشە، هەڕەشە.

١٦٤- **ەک** : قووچەک، دەرەک.

١٦٥- **ەل/ەڵ** : ڕووپەل، کۆمەڵ
١٦٦- **ەڵان** : بەردەڵان، ئەردەڵان.
١٦٧- **ەڵووکە** : گێژەڵووکە.
١٦٨- **ەڵە** : بووکەڵە، ڕووتەڵە.
١٦٩- **ەڵە** : ئاوەڵە.
١٧٠- **ەڵەک** : بەستەڵەک.
١٧١- **ەمەنی** : شیرەمەنی، ساردەمەنی، مزرەمەنی.
١٧٢- **ەن** : ڕووتەن، گێژەن، ڕەوشەن.
١٧٣- **ەند** : ڕەوەند، لەوەند.
١٧٤- **ەندە** : پەڕەندە، ئەوەندە.
١٧٥- **ەنگ** : هۆشەنگ، پێشەنگ، شەبەنگ.
١٧٦- **ەلاک** : پۆتەلاک،
١٧٧- **ەوا** : پێشەوا، نانەوا.
١٧٨- **ەواز** : بانگەواز، پەرتەواز.
١٧٩- **ەوازە** : پەرتەوازە، پەڕەوازە.
١٨٠- **ەوز** : کەرەوز، نێرەوز.
١٨١- **ەواژ** : پەلەواژ، بەرەواژ.
١٨٢- **ەواڵە** : وردەواڵە.. زەردەواڵە.
١٨٣- **ەوان** : شاخەوان، بەرخەوان، باغەوان.
١٨٤- **ەوانە** : دەستەوانە، پووزەوانە.
١٨٥- **ەوە** : هەستانەوە، بردنەوە.
١٨٦- **ەوەز** : ملەوەز، گلەوەز.

# دەر

هەرچەنـــدە وەک پێشـــگر و پاشـــگر ڕەفتـــار لەگەڵ 'دەر'دا کـراوە، بەڵام 'دەر' بـۆ خـۆی پەیڤێکـی واتـادار و چـالاکە، بە شێوازی جۆراوجۆر وشەی نوێ دروست دەکات.

**یەکەم** : بەهـــۆی پێشـــگر، نێوەنـــدگر و پاشـــگرەوە وشـــەی دیکە دروست دەکات.

1 - بە هـــۆی پێشـــگر، نمـــوونە: بەدەر، وەدەر، بێـــدەر، لێدەر، دادەر، ڕادەر.

2 - بە هـــۆی نێوەنـــدگر، نمـــوونە: دەربەدەر، دەرانـــدەر، دەرەدەر.

3 - بە هـــــۆی پاشـــــگر: دەرگە، دەرگەوان، دەروازە، دەرەک، دەرەوە، دەریا، دەرفەت .

**دووەم** : لەگەڵ ناوی دیکەدا، پەیڤی نوێ دروست دەکات.

1 - بە پـــێش ناوێـــک دەکەوێـــت و نـــاوی لێکـــدراو دروســـت دەکـــات، نمـــوونە: دەرپـــێ، دەربـــاز، دەراو (دەرئاو)، دەرزی، دەربار.

2 - لە پشـــتەوە بەبـــێ یـــارمەتی خـــۆی لە ناوێـک گـرێ دەدات و نـــاوێکی لێکـــدراو درســـت دەکـــات، نمـــوونە: ڕەنجـــدەر، کەودەر، نانـــدەر، شـــیردەر، تـــاودەر، ژێدەر.

3 - بەیـــارمەتی لە پشـــتەوەی ناوێـــک خـــۆی جێگیـــر دەکات، نموونە: سەرەدەر، چاولەدەر.

**سـێیەم** : وەپـێش چـاوگ دەکەوێـت و چـاوگی لێکـدراو دروسـت دەکـات، نمـوونە: دەرچـوون، دەرهاویشـتن، دەرکردن، دەردان، دەرپەڕاندن، دەرخستن، دەربڕین.
**چـوارەم** : لەگەڵ ڕەگـی کـار، وشـەی نـوێ دروسـت دەکـات؛ نموونە: دەرپۆش، دەرکوت، دەرشۆ، دەرکێش، دەربڕ.
وشـەی **دەر** لە نێـو هـۆنراوەی شاعیرانیشـدا بـێ بەهـرە نیـیە و جێی گرتووە. ئەوەتا سەید کامیلی ئیمامی دەڵێ:

وەدووی کەوتم **دەر** و دەشت و بیابان
کەژ و کێو، قوژبن و ئاوا و وێران

هەروەهـا عەونـی (عوسـمان حەبیـب عەبـدوڵڵا)ی شـاعیر بەم شێوەیە دێڕێکی خەیامی وەرگێڕاوە:

گەڕام گەشتم کرد لە دەشت و لە **دەر**
پشکنیم جیهان هەمووی سەرانسەر

لە نێـو گـۆرانی هونەرمەندانیشـدا گوێمـان لە وشـەی **دەر** دەبێ، ئەوەتا مامۆستا حەسەن زیرەک دەڵێ:

تـا لە دەر بـووم دۆسـت بە ملـوێن ڕێـی نەبـوو بکـات سـڵاو
گەر گیرام و کەوتمە زیندان وەک ئاوری ئاوپیاکراو.

هەروەها سوسەنی هونەرمەندە لە گۆرانیەکدا دەڵێ:

لە **دەر** مـاڵەکەت تـاکەی دانیشـم، مەسـتوورە ئامـان، مەستوورە گیان
خاترخـاتیەم ئیشـم دووریشـم مەسـتوورە، ئامـان، مەستوور گیان

# مەن

مەن وشەیەکی زمانی ئاڤێستاییە و واتای 'مانەوە، نەوە، بیرکردنەوە، وەبیرهێنان و گرنگی پێدان' دەدات، بەڵام 'مەن=مەنت' وەک پێشگر و پاشگریش لە زمانی ئاڤێستاییدا ڕۆڵی بینیوە و وشەی جۆراوجۆری دروست کردووە؛ هەتا ئێستاش لە نێو هەندێک وشەی کوردیدا جێوارە، بەڵام لێکدانەوەی جیا جیای بۆ دەکرێ. هەندێک بۆ (مانMan)ی ئینگلیزی دەیگێڕنەوە!! بۆ نموونە وشەی تورکمەن لە (تورک+مەن) پێکهاتووە و ناوی وڵاتەکەشیان تورکمەنستانە(Turkmenistan)، کەچی لە کوردستان بۆ تورکمان گۆڕاوە، زۆر کەس بە واتای پیاوی تورک لێکیدەدەنەوە، بەڵام هەڵەیە، چونکە واتای 'تۆرەمەی تورک' یان نەوەی تورک دەگەیەنێ.

وشەکانی ئاڤێستایی، فرەمەن(بۆ بیرکردنەوە)، تەریمەن(بێزاری کردن)، ڤیمەن(نائارام و بێ هێز)، مەنئۆثری(گەردەن)، مەنەڤانت(دلۆڤان)، مەنیڤاو(بیرمەند)، مەنوشچەثرە(نەوەی هەر بچووک) و مەنیڤەستە(ئابڕومەند)، مەنتە(ئاهەنگ، پێشنیارکراو) مەنیشتی(هزر، ئەندێشە) و چەندین وشەی دیکە هەبوون. بۆ نموونە لە ئاڤێستاییدا وشەی تەئۆخمەن  هەبووە و واتای تۆرەمەی داوە. لە (تەئۆخ+ مەن) پێکهاتووە. تەئۆخ واتە هێلکە، لە فارسی

به تـوخمه مـاوەتەوە، له کـوردی لەکـی بـۆ خـایه گـۆڕاوە، هەروەهــا له ســۆرانی به شــێوەی 'تــۆخم' مــاوەتەوە، بەڵام واتـــاکەی گـــۆڕاوە و بـــۆ چەرەزات تـــایبەت کـــراوە. هەرچەنــدە ئێســتا وشــەی 'مەن' له نێــو زمــانی کــوردی بێواتـــا خـــۆی دەنـــوێنێ، بەڵام کاتێـــک لەگەڵ ناوێـــک لێکـدەدرێ، واتـــای نەوەی ئەو نـــاوە بەرجەســـتە دەکـــات. 'مەن' و 'مەنـــت'ی ئاڤێســـتایی به شـــێوەی 'مەن'، 'مەنـــد' و 'وەنـد' له نێـو زمـانی کوردیـدا مـاونەتەوە. نـاوی چەنـدین تیـرە و عەشـیرەتی کـوردی بەهـۆی پاشـگری 'مەن'، 'مەنـد' و 'وەنـــد'ەوە دروســـت کـــراون. ژمـــارەیەک عەشـــیرەت و تیـــرە بەناوەکـــانی (مەمیوەند(مەمی+وەنـــد)، فولادوەنـــد، عەبدالوەنـــــد، عیســــــاوەند، حاجیوەنـــــد و فولادوەنـــــد، جەلیلوەنـــد، جەمشـــیدوەند، میرزاوەنـــد، شەهریســـوەند، گورگیوەنـــــد، کەریوەنـــــد، قیاســـــوەند و بیرالوەنـــــد) له لوڕستان و شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا هەن.

له ڕێـی ئەم نـاوانەی ئاماژەمـان پێـدان، مـانەوەی پاشـگری 'مەن= مەنـت'ی ئاڤێسـتایی به شـێوەی مەن، مەنـد و وەنـد له نێـــو زمـــانی کوردیـــدا دەردەکەون. هەروەهـــا چەنـــدین وشــه بەهــۆی پاشــگری 'مەنــد=مەنت'ەوە دروســت کــراون، وەک: (هۆشـــمەند، ئابڕومەنـــد، بەهرەمەنـــد، هونەرمەنـــد، کارمەند... هتد).

هەر بەم شـــێوەیە وشـــەی 'موســـڵمەن'ی کـــوردی بـــۆ موســـڵمان گـــۆڕاوە، هەنـــدێک دەڵـــێن له 'مووســـوولمان

Müslüman'ی تـــــــورکییەوە وەرگیـــــــراوە!! بەڵام ڕاســـتییەکەی لە وشـــەی 'موســـلم'ی عەرەبـــی و پاشـــگری 'مەن' دروســـت بـــووە، واتە موســـلممەن یـــان موســـلممان بووە و دوایی بۆ موسلمان کورت بۆتەوە.
مەنـــد وەک پێشـــگریش ڕۆڵـــی لە دروســـت کردنـــی وشـــەدا هەیە، بـــۆ نمـــوونە وشـــەی مەندەهۆشـــی واتـــای سەرســـوڕمان دەدات و لە (مەنـــد+ە+هۆش) دروســـت کـــراوە، هەروەهـــا مەدهـــۆش لە (مەنـــد+هۆش) دروســـت کـــراوە بەڵام پیتـــی 'ن' ســـواوە و بە شـــێوەی مەدهـــۆش مـــاوەتەوە. ئەم وشـــەیە هـــیچ پەیوەنـــدی بە دەهش(دهـــش)ی عەرەبییەوە نییە.

# 'وه'ی سێ گر

پـێگەی 'وه' لە نێـو سـێ گـرەکەدا بەرچـاوە، هەر بـۆیەش وەک پێشـگر، نێـوگر و پاشـگر ڕەفتـاری لەگەڵـدا دەکـرێ، بەڵام لە کردەوەدا نێوەندگر و نێوبەندێکی کارایە.

1 - **وەک پێشــگر**: 'وه' هاوواتـــای 'به'یە و ڕۆڵــی پێشــگر کایە دەکات. نموونە: وەبەر، وەدەر، وەسەر...

2 - **وەک نـاوگر و نێوبەنـد**: ئـامراز و چـاوگ پـێکەوە گـرێ دەدات و پەیڤــی لێکــدراو دروســـت دەکـــات. بـــۆ نموونە:

تێ+وه+گلان= تێوەگلان

تێ+وه+چوون= تێوەچوون

لێ+وه+بوون= لێوەبوون

لێ+وه+شیان= لێوەشیان

پێ+وه+دان= پێوەدان

پێ+وه+نووسان= پێوەنووسان

پێ+وه+چوون= پێوەچوون

بە+ڕێ+وه+چوون= بەڕێوەچوون

3 - **وەک پاشــگر**: بـۆ دروســـتکردنی کـــاری ڕابـــردووی تەواو، 'وه' فریادڕەســـێکی بـــاش و گونجـــاوە، چـــونکە زۆربەی کـــاری ڕابـــردووی تەواو لە ڕابـــردووی ســـادە+ پاشـــگری(وه) دروســـت دەکرێن. بۆ نموونە: کوژراوە، کڕیوە، ... هتد.

# زرەپاشگر

هەنـــدێک کـــۆمە پیـــت هەن و زۆر جـــاران وەک پاشـــگر ڕەفتاریـــان لەگەڵـــدا دەکـــرێ، بەڵام ڕاســـتییەکەی ئەوانە پاشـگرنین و خـراپ لێکـدانەوەیان بـۆ کـراوە. لێـرەدا ئامـاژە بە هەنـــدێک لەوانە دەکەیـــن و بە زرەپاشـــگر ناویـــان دەهێنین.

**اڵە**: پاشـــگر نیـــیە. ئەگەر ســـەیری وشـــەی ڕەنگـــاڵە بکەیـــن، دەبینـــــــین لە (ڕەنگ+ئـــــاڵ+ە) پێکهـــــــاتووە. واتە ڕەنگئاڵ(ڕەنگـــاڵ) وشـــەیەکی لێکـــدراوە و 'ە' پاشـــگرە. بە هەمـــان شـــێوە وشـــەی گـــوڵاڵە لە (گوڵ+ئـــاڵ+ە) پێکهاتووە، گوڵئاڵ وشەیەکی لێکدراوە و 'ە' پاشگرە.

**او**: کـــورتکراوەی 'ئـــاو'ە و پاشـــگر نیـــیە، ئەگەر ســـەیری وشـــەکانی (دەســـتاو، تەنگـــاو، پێشـــاو) بکەیـــن، دەردەکەوێ لە (دەســـت+ئاو)، (تەنگ+ئـــاو)، (پێش+ئـــاو) پێکهـــاتوون، واتە وشەی لێکدراوی بێ هاوکارین و پیتی 'ئ' سواوە.

**اواز**: پاشـــگر نیـــیە. ئەگەر ســـەیری بـــانگەواز بکەیـــن لە (بانگ+ئـــاواز= بانگـــاواز) پێکهـــاتووە و نـــاوێکی لێکـــدراوە، دواتر بۆ بانگەواز کورت بۆتەوە.

**اوز**: پاشگر نییە، ئەگەر سەیری ئەم وشانە بکەین:

هیشک+ئاو+ز= هیشکاوز
تەڕ+ئاوز= تەڕاوز.
لێرەدا **ز** پاشگرە و چۆتە سەر وشەی لێکدراو.

**اوگە**: پاشگر نیە، چونکە لە (ئاو+گە) دروست بووە. ئەگەر سەیری وشەی چۆڕاوگە بکەین، دەبینین لە (چۆڕ+ئاو+گە) پێکهاتووە و ناوێکی لێکدراوە، تەنیا 'گە' پاشگرە و گرانایی وشەکەی لە ئەستۆدایە.

**بار**: پاشگر نییە و وشەیەکی واتادارە و وشەی لێکدراوی لێ دروست دەکرێ وەکو: غەمبار، تاوانبار.
**باز**: باز بۆ خۆی وشەیەکی واتادارە و ناوی باڵندەیەک بەرجەستە دەکات. ڕاستییەکەی لە وشەی 'بازیزی' زمانی عێلامی دێرین ماوەتەوە و بۆ 'باز' کورت بۆتەوە. بەو هۆیەوە دەکرێ بڵێین: وشەکانی گیانباز، سەرباز، جامباز، هەموویان بە بێ هاوکاری و یارمەتی پیتی دیکە، وشەی لێکدراون.
**بڕکە** : ئەگەر سەیری وشەی **جۆبڕکە**، **قوزبڕکە** و ... بکەین، دەردەکەوێ لە(جۆ+بڕ+کە( پێکهاتووە. بڕکە بۆ خۆی پاشگر نییە، بەڵکو لە (**بڕ**) ڕەگی کاری بڕین و پاشگری **کە** پێکهاتووە.

**بەندان**: پاشگر نییە، بەڵکو لە بەند+ان= بەندان. وشەکانی ڕێبەندان، خەنەبەندان و هاوشێوەکانیان لێکدراون، بۆ نموونە: ڕێبەندان= ڕێ+بەند+ان.
خەنەبەندان= خەنە+بەند+ان.
**بێژ**: ڕەگی کارە و پاشگر نییە. ئەوەتا سترانبێژ لە (ستران+بێژ)، وتاربێژ لە (وتار+بێژ)، ڕەوانبێژ لە (ڕەوان+بێژ) پێکهاتوون.

**تاش**: ڕەگی کارە. ئەگەر سەیری وشەکانی سەرتاش، دارتاش و ڕیشتاش و ...هتد بکەین، دەردەکەوێ ڕەگی تراشین خۆی لەگەڵ ناوێک لێکداوە و پەیڤی نوێی دروست کردووە.

**جامە**: پاشگر نییە، چونکە وشەی **جام** بە تەنیا واتادارە، بۆیە ئەگەر سەیر وشەی دێوجامە بکەین، دەبینین لە (دێو+جام+ە) پێکهاتووە دێوجام وشەیەکی لێکدراوە و تەنیا 'ە' پاشگرە و چۆتە سەر ناوی لێکدراو.

**خان، خانە**: پاشگرنین، چونکە هەر یەکەیان واتای تایبەتیان هەیە. هەروەها ئەگەر سەیری وشەکانی، دیوەخان، میوانخانە، شێتخانە، سەربازخانە بکەین، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ هەموویان وشەی لێکدراون، هەندێک بە یارمەتی و هەندێکیان بەبێ یارمەتی.

**ڕێــژ**: پاشــگر نیـیه و ڕەگــی کــارە. وێــڕای ئەوەیشــەوە ئەگەر وشـــەی ڕێــژ هەڵوەشــێنینەوە، دەکــرێ بگــوترێ کە 'ڕێ' بە تەنیــا واتــادارە. ئێســـتا وشـــەی ئــاوڕێژ بە دوو نمــوونە وەردەگرین.
یەکەم: (ئاو+ڕێژ) وشەیەکی لێکدراوە. ناو+ ڕەگی کار.
دووەم: ئاوڕێژ(ئــاو+ڕێ+ژ)، دەکـــرێ بگــوترێ پاشـــگری 'ژ' چۆتە سەر وشەی لێکدراوی ئاوڕێ.

**زان**: ڕەگـــی کـــارە، لەگەڵ نـــاوێکی دیـــکە، وشـــەی لێکـــدراو دروست دەکات، وەکو: زیندەوەرزان، زمانزان .

**کـــار**: هەم نـــاوە و هەمـــیش ڕەگـــی کـــارە. ئەگەر وشـــەی کـــارگە و کارخـــانە وەربگـــرین، دەبینـــین **کـــار** نـــاوە، بەڵام ئەگەر چـــاوگی '**کـــارین**' وەربگـــرین، ئیـــدی دۆخـــی کـــاری ڕانەبـــردوو دەبـــێ بە 'دەکـــارم' و **کـــاری**ـــش بە ڕەگـــی کـــار دەمێنێـــتەوە. هەر بـــۆیە وشـــەکانی ســـتەمکار، دەســـتکار، وشەی لێکدراون و بە بێ پاشگر دروست کراون.

**گێـــڕ**: ڕەگـــی کـــارە و پاشـــگرنییە. وشـــەی دەســـتگێر لە (دەســـت+گێڕ)، ئـــاوگێڕ لە (ئـــاو+گێڕ) و..... ڕاســـتییەکەی گێڕ ڕەگی کاری 'گێڕان'ە و خۆی بە ناوێکەوە گرێداوە.

**لک**: هاوواتای لق و لەتە، بەوهۆیەوە لە خانەی پاشگردا جێی نابێتەوە. ئەگەر وشەکانی شوولک و دوولک و ڕوولک وەربگرین، دەردەکەوێ وشەی لێکدراون و لە (شوو+لک)، (دوو+لک) و (ڕوو+لک) پێکهێنراون.

**ناس**:ڕەگی کارە و لە چاوگی 'ناسین'ەوە وەرگیراوە، لەگەڵ هەندێک ناودا وشەی لێکدراو دروست دەکات، وەکو ڕووەکناس، زماناس، کۆمەڵناس، بیرناس.

**هۆز**: پاشگر نییە و بەتەنیا واتای هەیە. ئەگەر وشەی باهۆز بە نموونە وەربگرین، دەردەکەوێ لە (با+ هۆز) پێکهاتووە و وشەیەکی لێکدراوە. ڕاستییەکەی نە **با** پێشگرە و نە **هۆز** پاشگرە.

**وار**: پاشگر نییە، چونکە **وار** کورتکراوەی 'هەوار'ە. ئەگەر سەیری وشەی جێوار، شوێنوار و ئاسەوار بکەین، دەردەکەوێ کە وشەی لێکدراون. (جێ+وار)، (شوێن+وار)، (ئاس+ە+وار).

**واوک**: پاشگر نییە، ئەگەر سەیری وشەی خوێواک بکەین، دەبینین لە(خوێ+ئاو+ک) پێکهاتووە و بووە بە خوێواک. لەم جۆرە وشانەدا تەنیا 'ک' پاشگرە.

**وەز:** پاشـــگر نیـــیە. لە لایەکەوە هاووواتـــای وشـــەی 'بەز'ە و لە هـــۆرامیش هاووتـــای 'گـــوێز'ە، لە لایەکـــی دیکەشـــەوە ئەگەر وشـــــەی ســــــەرماوەز بە نمـــــوونە وەربگـــــرین، دەردەکەوێ لە (ســـەرما+وەرز) پێکهـــاتووە و وشـــەیەکی لێکدراوە، دوایی سواوە و بۆ سەرماوەز کورت بۆتەوە.

**ەوار:** پاشـــگر نیـــیە، ئەگەر ســـەیری وشـــەکانی (بەنـــدەوار، ســـەوزەوار، کـــۆلەوار. ئاســـەوار) بکەیـــن، دەبینـــین، وشـــەی لێکـــدراون بە یـــارمەتی 'ە' پێکهـــاتوون. وەک: ســـەوزەوار= (سەوز+ە+وار)؛ بەندەوار= (بەند+ە+وار) و...هتد.

**ەتـــاو:** پاشـــگر نیـــیە و کـــورتکراوەی وشـــەی **'هەتـــاو'**ە. ئەگەر ســـەیری وشـــەکانی تەنگەتـــاو و خۆرەتـــاو بکەیـــن، دەبینـــین لە(تەنگ+هەتـــــاو) و (خۆر+هەتاو)پێکهـــــاتوون، پەیڤـــــی لێکـــدراون و بەبـــێ یـــارمەتی چـــێ کـــراون، ئەگەر بگـــوترێ لە (تەنگ+ە+تـــــاو) و (خۆر+ە+تـــــاو) دروســـــت بـــــوونە، دیســـانەوە دەکـــرێ بلێـــین وشـــەیەکی لێکـــدراوی یـــارمەتی دراوە. وشـــەکانی 'تەنـــگ، 'خـــۆر' و 'تـــاو' هەرســـێکیان واتادارن و بە تەنیاش دەکاردەکرێن.

**یـــار:** پاشـــــگر نیـــیە و نـــاوە. هەنـــدێکجار لەگەڵ نـــاو، هەنـــدێکجاریش لەگەڵ ڕەگـــی کـــار، نـــاوی ناســـادە دروســـت دەکـــات. هۆشـــیار، دەســـتیار، کەویـــار، بەختیـــار نـــاوی لێکـــــدراون، بەڵام فرۆشـــــیار، کڕیـــــار و بڕیـــــار نـــــاوی داڕێژراون.

# گە/ گا/ گاهـ

گومانی تێدانییە ئەم پاشگرە ڕۆڵی کارای لە دروست کردنی وشەی نوێدا هەیە، خۆی لە ناو و ڕەگی کار گرێ دەدا و پەیڤی واتادار دروست دەکات، بەڵام هەندێک جار بە هەڵە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێ. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەندێکیان بکەین.

لە زمانی کوردیدا وشەکانی دەر، دەرکە، دەرگە، دەرگا هاوواتای 'باب'ی عەرەبی و (Door)ی ئینگلیزین. هەندێک وا دەزانن لە 'دەرب/درب'ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام ڕاستییەکەی بنچەی وشەکە بۆ '**دووەرە**' و '**دڤەرە**'ی ئاڤێستایی دەگەڕێتەوە. لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا بە '**دوار**' و '**دەر**' جێوار بوون. ئێستاش لە زمانی فارسی، هەر بە دەر(در) ماوەتەوە. لە زاری بادینی و بۆتانیش هەر بە '**دەر**' جێوارە.

بۆ سەرڕاستکردنەوەی وشەی دەر، دەرگە و دەرکە دوای ئەوەی بۆ زمانی باپیرانمان گەڕاینەوە، باشتر وا سەرێک لە زمانی نەتەوەکانی دیکەش هەڵبکێشین.

لە زمانی ڕووسی: دڤێر( дверь )

لە زمانی یۆکرانیایی: دڤێری ( двері )

لە زمانی سلۆڤانیایی: دڤێرێ ( Dvere )

لە زمانی ئەلبانی: دێرا ( Dera )

لە زمانی ئەرمەنی: دوڕی ( դուռը )

له زمانی سویدی: دۆر ( dörr )

له زمانی دانمارکی و نۆرویژی: دۆر ( dør )

له زمـــــــانی هنـــــــدی: دەرواجه ( दरवाजा )(له دەروازه وەرگیراوه)

ئێســتا دوای گەڕانێکــی خێــرا به نێــو هەنــدێک زمــانی دیــکه، خۆیــا بــوو له هەر هەموویانــدا وشــەکه به پیتــی 'د' دەســت پێـــدەکات، بەڵام له هیچیـــان به **'که'**، **'گه'**، و **'گــا'** کۆتـــایی نــایەت. ڕاســتییەکەی **'گه** و **گــا'** دوو پاشــگرن و خۆیــان به وشـــەی 'دەر'ەوه چەســـپاندووه، بەڵام ئەو دوو پاشـــگره شــوێن و جــێ بەرجەســته دەکەن. بــۆ نمــوونه: ســەربازگه، شــوێنی ســەربازه، فێــرگه، شــوێنی فێرکــردنه؛ بەڵام هەرچــی **'که'**یه نیشـــانەی ناســـینه. کەواته **'دەر'** ڕاســـترین وشـــەیه ئەگەر لەگەڵ وشـــەکانی دیـــکەی وەک دەرگه، دەرگـــــا، دەرکه بەراوردی بکەین.

بێگومـــان هەمـــان یاســـا لەســـەر ڕێگـــا (ڕێـــگه)، جێگـــا (جــێگه)ش دەچەســـپێ، چــونکه 'گـــا/ گەه/ گاهــ' پاشــگره و واتـــای شـــوێن دەگەیەنـــێ، بەڵام **ڕێ** و **جــێ** بۆخۆیـــان هەم ناون، هەمیش شوێنن، بۆیه پێویستیان به پاشگر نییه.

ئەگەر بـــنەچەی **ڕێ** له زمـــانی باپیرانمـــان وەربگـــرین، دەبینـــین له ئاڤێســـتایی **'ڕەیثـــیه'** و **'پەثەن'** هەبـــوونه، له پەهـــلەوی ساســـانیدا **'ڕاس'** و **'ڕاهـــ'** هەبـــوونه. هەڵـــبەت ڕاس و ڕاهــ بــۆ **' ڕا '** کورتبــوونەتەوه و پاشـــان پیتـــی **' ا '** بـــۆ **'ێ'** شـــانی نـــزم کـــردووه و داچەکیـــوه و 'ڕێ'ی

بەرجەستە کردووە. ڕاستییەکەی لە نێو زمانی فارسی بە '**راه**' جێوارە. هەروەها لە نێو هەندێک زاری کوردیشدا به '**ڕا** ' هەیە.
ئێستا لە زارەکانی بادینی، بۆتانی و بنزاری هەولێری هەر '**ڕێ**' یە و پاشگری پێوە گرێنەدراوە.
جێ بۆ خۆی هاوواتای شوێنە، ئەگەر لە نێو زمانی باپیراندا بگەڕێین، دەبینین لە زمانی ئاڤێستایی وشەکانی ' **کا** ' و ' **گاتو**' هەبوون و واتای شوێنیان داوە، لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا '**جیڤاک**' ، ' **گێڤاک**' ، '**ستان**' هەبوون و واتای شوێنیان داوە. ئێستا 'ستان' وەک پاشگر ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێ و وشەی نوێی پێ دروست دەکرێ، بەڵام جیڤاک بۆ '**جی**، **جیه**، **جه**، **جێ**' کورت بۆتەوە و هاوواتای وشەی شوێنە. مخابن لە خۆڕاوە پاشگری 'گە/ گا / گەهـ'ی خراوەتەسەر، ئەمەش هەڵەیە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە.
حەسەن کوڕی مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا حەسەنی زەردەڕوو، ناسراو بە 'جەوهەری'، ساڵی ١٨٧٥ ز لە دایک بووە و ساڵی ١٩٥٨ ز کۆچی دوایی کردوە، لە دێرە هۆنراوەیەکدا، بە بۆنەی سپی کردنەوەی ژووری سەلیم خانی باغچە، سوودی لە وشەی دەر وەرگرتووە و گوتوویەتی:

موبارەک بێ وەتاغی بەرز و جوانت
هەمیشە ئاوەدان بێ **دەرک** و بانت

هەروەهـــا حـــافیزی مەهابـــادی لە دێـــرە هۆنراوەیەکیـــدا گوتوویەتی:

بەو کەسە دەڵێن عاقڵ و وشیار
دوو جار لە **جێیەک** پێوەی نەدا مار

لە لایەکـی دیـکەوە، هەموومـان گوێمـان لە سـروودی ڕێـی خەباتمـــان بـــووە کە شـــەهید ئـــارام (شاســـوار جەلال) وەریگێڕاوە:

**ڕێی** خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێت
با چوار دەورمان کڵپەی ئاگر بێت.

لە ئاکامدا، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا، دەڵێین:

**جێ** نەک جێگە/ جێگا / جێگەهـ.

**دەر** نەک دەرگە/ دەرگا/ دەرگەهـ.

**ڕێ** نەک ڕێگە/ ڕێگا/ ڕێگەهـ.

ڕاســتیی ئەو وشــانە لە واژەگۆڕییــدا خۆیــا دەبــن، بــۆ نموونە:

ڕێ، ڕێبـــاز، ڕێـــبەر، ڕێبـــوار، ڕێـــدوور، ڕێـــزان، ڕێـــژان، ڕێژین، ڕێڤان، ڕێڤینگ، ڕێکار، ڕێگر، ڕێگری، ڕێوان...

# پاشگری (اندن، دن)

پێشتر باسی پاشگر و زرەپاشگرمان کردبوو، بەڵام لێرەدا بەدوای پاشگری 'اندن، دن'دا دەڕۆین، چونکە ماوەیەکە وشەی **پرساندن**، **زماندن**، **کورتاندن**، **ڕاستاندن** و.... سەریان لە قەپێلک دەرهێناوە و شاباش دەکرێن.

بێگومان وشەگەلێکی زۆر بە پاشگری 'دن' واژەگۆڕییان، بۆ دەکرێ، بەتایبەتیش مەلۆتکەی چاوگە ئەلفییەکان، وەکو: (بڕژان، برژاندن؛ پێچان، پێچاندن؛ پسان، پساندن خنکان، خنکاندن؛ خەملان، خەملاندن؛ خەسان، خەساندن؛ خوران، خوراندن؛ دڕان، دڕاندن؛ ڕوان، ڕواندن؛ ڕژان، ڕژاندن؛ ژیان، ژیاندن؛ **سەرەوان، سەرەواندن**؛ سووتان، سووتاندن؛ شکان، شکاندن؛ قرتان، قرتاندن؛ قۆپان، قۆپاندن؛ کرتان، کرتاندن؛ گریان، گریاندن؛ هەژان، هەژاندن؛ هەستان، هەستاندن؛ .....).

بۆیە هەر وشەیەک ئەگەر خۆی لەگەڵ دۆخەکانی کاردا نەگونجێنێ، لە توانایدا نییە لە واژەگۆڕییدا پاشگری (اندن، دن) وەربگرێ.

ئەو ناو و هەڤاڵناوانەی لە چاوگی ئەلفیشەوە نەهاتبن، بەڵام دۆخی کاریان بەسەردا بچەسپێ، بەتایبەتیش ئەوانەی لە ڕابردووی نزیکدا بە (اند)ی کۆتاییان دێ، بۆ وەرگرتنی پاشگری 'اندن، دن' لەبارن، وەکو:

خەو (خەواندن)، ڕیخ (ڕیخاندن)،گەوج (گەوجاندن)، تڕ (تڕاندن)، فس (فساندن)، قیژە (قیژاندن)، چەسپ (چەسپاندن)، نەخش (نەخشاندن)، زرنگ (زرنگاندن)، جریوە (جریواندن)، ...).

هەروەها پاشگری 'اندن' خۆی لەگەڵ ڕەگی هەندێک کار دەگونجێنێ کە لە چاوگی یاییەوە هاتوون، بەتایبەتیش ئەوانەی لە ڕابردووی نزیکدا (اند)یان پێوەیە.. بۆ نموونە: [ تۆپین، تۆپاندن؛ تەپین، تەپاندن؛ خزین، خزاندن؛ دڕین، دڕاندن؛ فڕین، فڕاندن؛ مژین، مژاندن؛ وەرین، وەراندن؛ ...]

لە لایەکی دیکەوە دەبینین پاشگری (دان، دین) لە پاشگری (اندن، دن)ەوە نزیکن و ئەو ڕۆڵە دەبینن. با سەیری ئەمانە بکەین: ئاودان (ئاڤدان، نیشاندان، گوڵدان)، (زێڕین، ڕەنگین، ڕاستین، ...............).

ناوی سادە و ناسادە، وەکو: سەر، چاو، کولمە، زمان، دەڤ (دەو، دەم)، چەنە (چەناگە)، مل، گەردەن، شان سینگ، زگ، لنگ، قاچ، پێ ،شاخ، چیا ،دەشت، خانوو، کۆشک، کەپر، پێشمەرگە، سەرباز، جەنگاوەر، شوان، گاوان، دۆست، دوژمن، گولزار، .... هەروەها هەڤاڵناوی وەکو: جوان، شیرین، خراپ، باش، سارد، گەرم، ڕاست، زیرەک، لاواز، زراق، قەڵەو، کورت، درێژ، شارەزا، لێهاتوو، دڵسۆز، دلۆڤان، دلدار، ....هەرگیز بە پاشگری (اندن، دن) واژەگۆڕییان بۆ ناکرێ. هەموو ئەو

هەولانەش ناکـام دەمێنـنەوە کە لەو دوایییـانەدا بازاڕیـان بـۆ گەرم کراوە.
دەکـرێ بـۆ هەنـدێک لەو نـاو و هەڤاڵنـاوانە پاشـگری (انە) فریاڕەسـێکی بـاش بـێ و ئەو کێشـانەمان لە کـۆڵ بکـاتەوە. هەڵـبەت ئەم پاشـگرە ڕۆڵـی کـارای لە دروسـت کردنـی وشـەی نوێـدا بینیـووە، وەکـو: سـەرانە، زگـانە، دۆسـتانە، کـوردانە، پیـاوانە، مەڕانە. ئیـدی لەم سـۆنگەیەوە پرسـانە لە پرسـاندن؛ ڕاسـتانە لە ڕاسـتاندن لەبـار و گونجـاوترن.
بـۆ هەنـدێک لەوانەی دیـکەش دەکـرێ بە پاشـگری ک، ۆک سـاغ بکـرێنەوە، دەتـوانین لە جیـاتی کورتانـدن سـوود لە وشەی کورتک یا کورتۆک وەربگرین.

# 'ەوە' پاشگرێکی فرە ئەرک

هەرچەنـــــدە '**ەوە**' وەک پاشـــگر خـــۆی دەنـــوێنێ، بەڵام ئەرک و کـــاری زۆری لە ئەســـتۆ گرتـــووە و فـــرە چـــالاکە؛ دەچێـــتە ســـەر چـــاوگ، ســـەر دۆخەکـــانی کـــار، ســـەر نـــاو، سەر پەسن، هەڤاڵکارو ئامرازیش.

* ئەگەر بچێـــتە ســـەر چـــاوگ واتـــاکەی دەگـــۆڕێ و وشـــەیەکی نـــوێ دروســـت دەکـــات. بـــۆ نمـــوونە ئەگەر پاشـــگری 'ەوە' بخەیـــنە ســـەر چـــاوگی 'کوشـــتن' دەبـــێ بە کوشـــتنەوە و واتـــای ســـەربڕین دەدا، کاتێـــک دەچێـــتە ســـەر چـــاوگی خـــواردن، دەبـــێ بە خـــواردنەوە، واتـــای نـــۆش کـــردن دەدات.

* ئەگەر 'ەوە' بچێتە سەر دۆخەکانی کار:

١- واتـــای دووپـــات بـــوونەوە بەرجەســـتە دەکـــات کە دووبارە بوونەتەوە، با ئەم ڕستانە وەربگرین:

- ئـــازاد **ڕادەکشـــێت**، بەڵام ئـــۆقرە نـــاگرێ و لە نێـــو پـــێخەفەکەی دێـــتە دەرێ، تەلەفۆنێـــک دەکـــات و **ڕادەکشێتەوە**.
- ئـــازاد دەنوێت(دەخەوێـــت)، لە خەو هەڵدەســـتێتەوە، ئاو دەخواتەوە و دەنوێتەوە(دەخەوێتەوە).

ئەگەر ســـەیری ئەم ڕســـتانە بکەیـــن، دەبینـــین: کردارەکـــانی (ڕادەکشـــــــــێت و ڕادەکشـــــــــێتەوە)، دەنوێـــــــــت و

دەنوێتەوە،)(دەخەوێــت و دەخەوێــتەوە) ئامــاژە بە دووپــات بوونەوە دەدەن.
٢- واتـــای کـــردارەکە هەڵـــدەگێڕێتەوە. ئەگەر ئەم ڕســـتانە وەربگرین:

1 - من **دێم**؛ واتە من دەچم بۆ شوێنێک.

من **دێمەوە**؛ واتە من ڕۆیشتووم و دەگەڕێمەوە.

2 - **هێنام**؛ واتە من شتێکم هێناوە.

**هێنـــــامەوە**؛ واتە مـــــن شـــــتێکم بـــــردووە و گەڕاندوومەتەوە.

لەم پێوەنـــدەدا دەکـــرێ چەنـــد کردارێـــک بە نمـــوونە وەربگرین:

هاتم، هاتمەوە. هاتین، هاتینەوە.

کردم، کردمەوە. کردمان، کردمانەوە.

هەڵمگرت، هەڵمگرتەوە. هەڵمانگرت، هەڵمانگرتەوە.

بڕیم، بڕیمەوە. بڕیمان، بڕیمانەوە.

٣- واتـــایەکی جیـــاواز لە کـــردارەکە دەدات. ئەگەر ئەم کردارانە وەربگرین:

نووســـیم (واتە مـــن شـــتێکم نووســـی)، بەڵام نووســـیمەوە (واتە مـــن دەقـــێکم دووبـــارە نووســـیوەتەوە، یـــان ئەرکـــێکم پێدراوە و لەبەرم گرتۆتەوە).

بـــردم(واتە مـــن شـــتێکم بـــرد، یـــان گواســـتمەوە)، بەڵام بـــردمەوە(واتە مـــن لە یـــاری، پێشـــبڕکێ، دۆزێـــک بـــراوە و سەرکەوتوو بووم)

* ئەگەر 'ەوە' بچێتە سەر ناو، جەختی لەسەر دەکاتەوە و وەدیاری دەخات، واتە دووری دەخەملێنێ.
من لە هەولێر**ەوە** تا شەقڵاوە غارم دا.
من لە هەولێرێ هەتا شەقڵاوە غارم دا.
لە مەهاباد ڕا هەتا شنۆ بە پێ ڕۆیشتم.
ڕاستییەکەی لێرە 'ەوە' هەمان ئەرک و ڕۆڵی ڕا دەبینێ.
* ئەگەر 'ەوە' بچێتە سەر پەسن، ڕۆڵی داکوتین و جەخت کردنەوە دەبینێ.
بەو هەموو هێزەوە خۆی بۆ ڕانەگیرا.
* ئەگەر 'ەوە' بچێتە سەر هەڤاڵکاری دەم(کات)، دیسان واتای جەخت کردنەوە و ماوەی کاتەکە دیاری دەکات.
لە دوێنێوە نانم نەخواردووە.
لە سبەینێوە تا ئێوارێ بێ راوەستان کارم کرد.
* ئەگەر 'ەوە' بچیتە سەر هەڤاڵکاری شوێن، جەخت لە شوێنی کارەکە دەکاتەوە و دەستنیشانی دەکات.
پێشەوە، پشتەوە؛ خوارەوە، سەرەوە؛ لە ناوەڕاستەوە، لە بنەوە؛ لە تەنیشتەوە؛ لە ژوورەوە، لە دەرەوە.
* ئەگەر 'ەوە' بچیتە سەر ئامراز، وەک: پێ، تێ، لێ........ پێویستی بە یارمەتی پیتی 'ی' یان 'ک' دەبێتە هاوکار و دەبێ:
پێیەوە، تێیەوە، لێیەوە
پێکەوە، تێکەوە، لێکەوە

# بەهدینان

کاتێک گوێمان لە وشەی بەهدینان (بادینان) دەبێ یەکسەر هزرمان بۆ دەڤەری بادینان دەڕوا و سێرەی چاومان لەسەر شال و شەپک دەگیرسێتەوە و وەک ناوچە و هەرێمێک پێوانەی دەکەین. زۆر جارانیش ئەگەر یەکێک بڵێ زاری بادینی، بە توندی وەڵامی دەدرێتەوە و دەگوترێ: بادینان ناوچە و دەڤەرێکە نەک زارێکی سەربەخۆ!! چونکە ئەوان زاری بادینی بە کرمانجی (بۆتانی) دادەنێن و لە کەڵی شەیتانیش نایەنە خوارێ.

هەرچەندە هەندێک مێژوونووس لەو باوەڕەدان مێژووی وشەی 'بەهدینان' بۆ سەردەمی زۆر پێش ئیسلام دەگەرێتەوە، چونکە لە کتێبی دافنایی (دافنائی) باسی وڵاتی "هەدیەبین" کراوە و سنووری ئێستای شارەکانی (دهۆک، زاخۆ و ئامێدی)ی ئێستای گرتۆتەوە. هەندێکی دیکە واتای وشەی بەهدینان بە واتای پەیڕەوانی دینی دێرین دەزانن و دەڵێن بە هۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە زێدی پەیڕەوانی دینی ئێزی (ئێزدی) بووە و لە کاتی دەرکەوتنی دینی زەردەشتی، یەهودی و کریستیانی زۆرینەی خەڵکی ئەو دەڤەرە لەسەر دینی خۆیان ماونەتەوە، بۆیە ناوی 'بەهدینان'ی وەرگرتووە. تەنانەت کاتێک ئیسلامیش هات، دیسانەوە هەندێک لە پەیرەوانی

دینـی ئێـزدی، یەهـودی و کریسـتیان لەو نـاوچەیەدا هەر لە سەر ڕێباز و دینی خۆیاندا مانەوە.
پەیڤـی بەهـدین یـان بێهـدین لە وشـەکانی (بێهــ + دیـن) پێکـاتووە؛ بێهـدینان کـۆکراوەی بێهـیە. ڕاسـتییەکەی بێهدینان(وێهـدینان) وشـەیەکی پەهـلەوی ساسـانییە و واتـای باشـدین(دینباش)، چاکـدین، دینـدار و زەردەشـتی دەگەیەنێ. هاوواتای موئمین(مؤمن)ی عەرەبییە.
تەنـانەت وشـەی وێهنـاک دوایـی بـووە بە بێهنـاک واتـای پـاکی و پـاکیزەیی داوە. واتە بێهـدین و بێهـدینان بەو مـرۆڤە زەردەشـتیانە دەگـوترا کە پێبەنـدی ڕێ و ڕەسـمی ئـاینی دەبـوون. ئەو بێهـدینانە گرێـدراوی داب و نەرێتـی دینـی بـوون، دەیانویسـت بیـر و بـاوەری زەردەشـتیبوون لە کـردار و ڕەفتـار و ئاوەزیانـدا ڕەنگبـداتەوە. ئێسـتاش بە زاری زەردەشـتیانی کرمـان و یەزد دەگـوترێ زاری بێهـدینی. بـۆ خۆیـاکردنی ئەوەش سـاڵی ١٩٥٦ز، مامۆسـتا جەمشـیدی سـروش سروشـیان فەرهەنگێکـی بەنـاوی فەرهەنگی بێهدینان چاپ و بڵاوکردەوە.
لە پێشـەکی فەرهەنـگەکەدا، سـەبارەت بە زاری بێهـدینان ئوسـتاد پـورداود نووسـیویەتی: (بێهـدینان یـا پەیڕەوانـی دینـی بێهـی لە هەر جێیەکـی ئێرانـدا بـن، لە کرمـان، یەزد، تەهـران و ئابـادان زاری تـایبەت بە خۆیـان هەیە. جێـی خۆشـحاڵییە کە وشـەگەلی زارێکـی خەڵکـی دێرینـی وڵاتەکەمـان کـۆکراوەتەوە و بە دەسـتی هەمـوان

دەســــــپێردرێ، ئەم فەرهەنــــگە چەنـــــدین هەزار واژەی زەردەشتیانی ئێرانی لە خۆدا گرتووە).
لێــرەدا هەنــدێک وشــەی نــاو فەرهەنگــی بێهــدینان لەگەڵ وشەی زاری بادینی بەراورد دەکەین:

| زاری زەردەشتیانی یەزد و کرمان | ز.کوردی بادینی | کوردی سۆرانی |
|---|---|---|
| بابۆ | بابۆ | باوک |
| برێ | بری | برۆ، ئەبرۆ |
| بەلکم | بەلکی،بەلکم | بەڵکو |
| بەلگەهـ | بەلگەهـ | بەلگە |
| پەهن | پەهن | پان |
| پیچ | پیچ | پووچ |
| پشگل | پشکل | پشقل، کشپل |
| پەهلە | پەهلە | پاڵە |
| تەئل | تەحل | تاڵ |
| تەنیر | تەنیر | تەنوور |
| تە، تەهـ | تە، تو | تۆ |
| چەنتا | چەنتا | جانتا |
| خین | خین، خوین | خوێن |
| دۆت | دۆت | کچ، کەنیزە |
| ڕی | ڕی | ڕوو |
| سڤک، سۆڤۆک | سڤک | سووک |
| لنگ | لنگ | قاچ، لاق |

| | | |
|---|---|---|
| مژانگ | مژانگ، بژانگ | برژانگ |
| مور | مور | مێرووله |

له زاری بێهدینان(زەردەشتیانی ئێران) و زاری بادینی کوردیدا زۆر جاران پیتی 'و' بۆ 'ی' دەگۆڕدرێ، وەک نموونە: دوور=دیر، ڕوو= ڕی و ... هتد.

له لایەکی دیکەوە هەندێک وشەی ئاڤێستایی تەنیا له زاری بادینیدا پارێزراون . وشەی **دفن** هاوواتای لووت و کەپووی سۆرانی و پۆزی بۆتانییە، له ئاڤێستاییدا گوتراوه زفن. بێگومان گۆڕانی زۆربەی پیتی 'ز' له دەستپێکی وشەی ئاڤێستایی بۆ 'د' له ژێر کاریگەری زمانی پارسی باستاندا ڕوویداوه و زۆر جارانیش ئاماژەمان پێداون.

هەرچەندە ئێستا بەهدینان (بادینان) ناوی ناوچە و دەڤەرێکی باشووری کوردستانە، بەڵام ڕاستییەکەی ژمارەیەکی یەکجار زۆری کورد له ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستانیش بەم زاره دەئاخفن و جیاوازی زۆریشی لەگەڵ زاری کرمانجی(بۆتانی)دا هەیە. ڕاستییەکەی زاری بادینان پردی بەستنەوەی نێوان زاری سۆرانی و بۆتانییە، بەتایبەتیش وشەی هاوبەشی زۆری لەگەڵ بنزاری هەولێریدا هەیە. زاری بادینی له

هەردوو زارەکەی دیکە بەهێزترە، چونکە ڕاستتر لەسەر سکەی ڕێزمانی دێرینی پەهلەوی ساسانیدا ماوەتەوە و هەندێک وشەی ئاڤێستایی نەگۆڕاوی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

بێگومان وشەی هاوبەشی نێوان زارەکانی یەک زمان، زۆر ئاسایی و سروشتییە، بەڵام بە یەکسانیبوونی نێوان دوو زار و زمان پێوانە ناکرێ. ڕاستە پەیڤی هاوبەش لە نێوان بادینی و بۆتانیدا زۆرن، بەڵام ڕستەسازی جیاوازییان هەیە. ئەوەی بەرچاوە لە ڕستەی کوردیدا **کارا**، **بەرکار** و **کار** بە دوای یەکدیدا دێن، ئەمە لە ڕێزمانی زاری سۆرانی و بادینی و هۆرامی دەچەسپێ و وەکهەڤن، بەڵام لە زاری بۆتانیدا دوور دەکەوێتەوە. با سەیری چەند ڕستەیەک بکەین.

**ڕستەی یەکەم:**

سۆرانی: من دوو برام هەیە.

بادینی: من دوو برایێت هەی(هەین).

هۆرامی: من دووێ برێم هەنێ.

**بۆتانی:** دوو براێن من هەنە.

**ڕستەی دووەم:**

**سۆرانی:** پێنووسەکەی تۆ کڕیت، شکابوو.

**بادینی:** پێنڤیسێ تە کڕی ئی(یا) شکەستی بوو.

**بۆتانی:** ئەو پێنووسا کو تە کڕی، شکەشتی بوو.

**هۆرامی:** ئا خامە تۆ ئەساد، مەڕیابێ.

**ڕستەی سێیەم:**

**سۆرانی:** من دەمەوێ تۆ ببینم

**بادینی:** من دڤێت تە ببینم

**بۆتانی:** ئەز دخوازم تە ببینم

**هۆرامی:** من گەرەكمە تۆ وینۆ.

**ڕستەی چوارەم:**

**سۆرانی:** كراسی ئەوت لەبەر خۆ كردووە، جوانە.

**بادینی:** كرسێ وێ تە بەر خۆ كری، ئی جوانە.

**بۆتانی:** تە كراسێ وێ ل بەرخوە كرییە، خوەشكە.

**هۆرامی:** گجی ئاڎێت كەردەنەنە، جوانەن.

**ڕستەی پێنجەم:**

**سۆرانی:** هەركە ئەو هات، پێی دەڵێم

**بادینی:** هەما ئەو هات، ئەز دێ بێژمێ

**بۆتانی:** دەما كو ئەو بێ، ئەزێ ژ وی ڕە بێژم.

**هۆرامی:** كە ئاد ئاما، پەنەت ماچوو.

**ڕستەی شەشەم:**

**سۆرانی:** مامۆستا منداڵان دەژمێرێت(دەژمێریت).

**بادینی:** مامۆستا بچیكان دژمێریت (دژمێرت)

**بۆتانی:** مامۆستە زارۆكان دژمێرە.

**هۆرامی:** مامۆسا زاڕۆڵێ مەژمارۆ.

# کرمانج

وشـــەی کرمـــانج هاوواتـــای کـــوردە، ئەگەر بـــۆ نووســـینی دێـــرین و ڕابـــردوو بگەڕێیـــنەوە، زۆر بە ئاشـــکرا ئەمە دەردەکەوێ.

ئەحـمەدی خـانی مەزن، چەنـدین جـار وشـەی 'کرمـانج'ی لە جیاتی 'کورد' نووسیوە، ئەوەتا گوتوویەتی:

ئەنواعی میللەل خودان کتێبن

**کورمانج** تەنێ دبێ حسێبن.

هەم ئەهلێ نەزەر نەبێن کو کرمانج

عیشقێ نەکرن ژبۆ خوە ئارمانج.

لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێ:

کرمانجم و کوهی و کەناری

ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری.

ڕاسـتییەکەی ئەحـمەدی خـانی وشـەی 'کرمـانج'ی لە جیـاتی کـورد، هەروەهـا کـوردی و کرمانجیشـی لە جیـاتی زمـان بەکارهێناوە، ئەوەتا نووسیویەتی:

سافی شەمراند ڤەخوار درودی

مانەندێ **دەری** لیسانێ **کوردی**.

....................

**کرمانجییە** سرف بێ گومانە

زێڕ نینە ببێن سپیتمانە.

ئەحـــمەدی خـــانی زۆر وردبـــین و لێزانـــانە ئەمەی پێشـــکەش بە نەوەی داهـــاتوو کـــردووە و گوتـــوویەتی زمـــانی کـــوردی هاوشـــــێوەی زمـــــانی دەری(فارســــــی دەری)یە. لای ئەو زمـــــانی کرمـــــانجی و کـــــوردی هاوواتـــــان؛ بـــۆیە لەم ڕوانەگەیەوە ئەگەر کرمـــــانجی وەک زارێکـــــی زمـــــانی کوردی پێوانە بکرێ، لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە.

هەر لەم ســـۆنگەیەوە دابەشـــکردنی زمـــانی کـــوردی بـــۆ کرمـــانجی ســـەروو، نێوەڕاســـت و خـــواروو، ڕاســـتە، هەروەهـــا لە نێـــو هەر یەکەشـــیان چەنـــدین زار و بنـــزار هەن، بەڵام نـــاکرێ کرمـــانجی وەک زار پێـــوانە بکـــرێ. بەڵکـــو هەمـــوو زارەکـــانی بـــاکووری کوردســـتان لە نێـــو بـــازنەی کرمـــانجی ســـەروو، هەروەهـــا هەمـــوو زارەکـــانی ناوەڕاســـت لە نێـــو کرمـــانجی ناوەڕاســـت و زارەکـــانی باشـــووریش لە نێـــو بـــازنەی کرمـــانجی خـــواردوودا پێـــوانە دەکـــرێن. **ئەو زارەی ئێســـتا بە کرمـــانجی نـــاودەبرێ، زاری بۆتانییە و بەس.**

ئەمـــن پێمـــوایە زمـــانی پەهـــلەوی، واتە کـــوردی دێـــرین تەنیـــا دوو زاری هەبـــووە، ئەوانـــیش گـــۆرانی و بێهـــدینی بـــوون. زاری گـــۆرانی، کـــۆی ئەو بنـــزارانەیە لەســـــەر ڕێچـــکەی ئاڤێســـــتایی بەردەوام بـــــوونە، بەڵام ئەو زارانەی ئێســـــتا باســـیان لێـــوە دەکـــرێ زیـــاتر بەرگـــی ناوچەییـــان لەبەرکـــراوە. بەتایبەتیش زاری سۆرانی، هۆرامی، بۆتانی و لوڕی.

له لایەکـــی دیـــکەوە، ئەو زارەی ئێســـتا بە کرمـــانجی دەناســـێنرێ، زۆر نـــوێیە، تەنـــانەت لە ڕێزمـــانی هۆزانڤانـــانی وەک خانی و مەلای جەزیریش بەو شێوەیە نەبووە.

- ئەحـمەدی خـانی بـۆ کـۆی ئـاخێوەر 'یـن'ی نووسـیوە و ئێستا لە بۆتانیدا تەنیا 'ن' دەنووسرێ، نموونە:

**1 - گەر گونەهکارین ژ بۆ ئسمێ غەفوور ئەم مەزهەرین**

**وەر ستەمکارین تەماشاگاهێ ئەهلێ مەحشەرین**

**2 - دلۆ ڕابە خوە دلخوەش کە، هلۆ دا بچینە سەیرانێ**

**وەرە جارەک تو خوە ب وەش کە، بچین سەیرا گولستانێ**

هەروەهـــا مەلای جزیـــری بـــۆ کـــۆی ئـــاخێوەر، دیســـانەوە (ین)ی بەکارهێناوە و نووسیویەتی:

**1 - دا شاهدێ ئەسما ب هەمی وەجهی بناسین.** (بناسین)

**2 - وەیە هودهود ژسەبا بێت و بزانین چیە حال.** (بزانین)

- بـــۆ کەســـی ســـێیەمی تـــاک، جێنـــاوی لکـــاو بە کـــردارەوە، 'ت' و 'ەت'ی نووســـراوە کەچـــی ئێســـتا لە بۆتانیدا تەنیا 'ە' دەنووسن:

ئەحمەدی خانی نووسیویەتی:

**1 - کو من دی بوو ل سەر بانی، دبێژت: ئەحمەدێ خانێ**

**بدە رووحێ د گەل جانی، دبێژم ئەز: بگر، هانێ!**

**2 - ئەگەر دلبەر مەجازی بت، ژ ڕەنگێ لبسێ غازی بت**

**بلا سووفی نەرازی بت، بمینە ئەو د حرمانێ**

هەروەهـــا مەلای جزیـــری بـــۆ کەســـی ســـێیەمی تـــاک، دیسانەوە سوودی لە 'ت' وەرگرتووە و نووسیویەتی:

**1 - ژ قوندوس زوهره پەیدا بت ژ هندس موشتەری بێت دەر.**

**2 - ب قورئانێ ب ئایاتێ، ئەگەر پیرێ خەراباتێ**

**ببێژت: سەجدە بن لاتێ، موریدێ وی دبن قاتێ.**

ئەگەر ئەم دێڕە هۆنراوەیەی ئەحمەدی خانی وەربگرین:

**مەیلا تەیە ئاشقان دکێشت**

**دەردێ تەیە دل ژبەر دئێشت**

لەم بۆتـــانییەی کە بە زۆرەکـــی نـــاوی کرمانجیـــان لێنـــاوە، کردارەکان بەم شێوەیە دەنووسرێن: دکشینە، دئێشینە

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ئەم دێڕەی مەلای جزیری وەربگرین:

**من کو دچەرخێ وەدی سەبرو قەرارم نەما**

ڕاســـتییەکەی لەم بۆتـــانییەی ئێســـتا، هەرگیـــز بەم شـــێوەیە نانووسرێ.

- **د** لە پـــێش هەڤاڵنـــاودا، لە بـــادینی هەبـــووە و هەیە، کەچـــی لە بۆتانیـــدا نەمـــاوە. ڕاســـتییەکەی ئـــامرازی پەیوەنـــدی لە پـــێش نـــاو یـــان جێنـــاو دێ، بەڵام لە بـــادینی لە پـــێش هەڤاڵنـــاوی دێ. ئەوەتـــا مەلای جزیری لە هۆنراوەیەکدا نووسیویەتی:

**نێرگزێن شەنگ د مەستن چەپ و ڕاست** ( د مەستن )

**ساقیان جام ددەستن چەپ و ڕاست.**

هەروەها مەلای جزیری گوتویەتی:

**هن گولی بو عەنبەرن هێن د_شیرین ئەسمەرن** (د شیرین )

هۆزانڤـــانی نـــاودار، فەقێـــی تەیـــرانیش هەمـــان ڕێچـــکەی گرتووە، ئەوەتا دەڵێ:

**دپاشی وان وەردێ د گەش؛ سەد حەیف ل رەیحانێ د رەش**
**کێم بوون ژ وان بێهنێ د خوەش؛ نیشان و خالێ جەبهەتێ**

وێڕای ئەوانەیشەوە هەندێ وشە و دەستەواژە لە نێو ئەمەی ئێستا بە کرمانجی ناودەبرێ، هەن، هەم نوێن و هەمیش لەگەڵ ڕێزمانی کوردیدا ناکۆکن. کورد نەیگوتووە و نالێ من ئینا زمان!، کورد نالێ جڤینەک هات ل دار خستن و ...هتد.

هەموومان دەزانین ڕستەی کوردی بە 'کار' کۆتایی دێ، واتە 'کار' لە پلەی سێیەمی ڕستەدا دێ، بەڵام ئەگەر سەیری ئەم دێڕە نووسینە بکەین:

Di zimannasiyê de peyvsazî tê maneya çêkirina peyvan.

ڕستەکە ئاوا نووسراوە، **د زماننناسیێ دە پەیڤسازی تێ مانەیا چێکرنا پەیڤان**، بەڵام ئەم دارشتە کوردی نییە، دەکرێ هەر ئەم وشانە، بەم شێوەیە بنووسرێ: [د زماننناسیێ دە، پەیڤسازی ب مانەیا چێکرنا پەیڤان تێ]. هەرچەندە 'دێ' لە 'تێ' ڕاستترە. مخابن نووسینی کەسێکی ئاسایی و نووسەرێکی تازە پێگەیشتوو نییە، بەڵکو نووسینی زمانزانێکی ناسراوە.

با ئەم ڕستەیەی ناوەندێکی ڕۆشنبیری وەربگرین:

ji bo malpera me. Were bihêz kirin. Projeyeke me hebû.

ڕستەکە بەم شێوەیە نووسراوە:

**[ژ بۆ مالپەڕا مە وەرە بهێز کرن. پرۆژەیەکە مە هەبوو]**.

ڕاستییەکەی دەبوایە بنووسرایە:

ژ بۆ کو مالپەڕا مە ب هێز ببە، مە پرۆژەیەک هەبوو.

بـۆ ئەوەی ماڵپەڕەکەمـان بەهێـز ببـێ، ئـێمە پرۆژەیەکمـان هەبوو.

ئەمـــانە و چەنـــدین هەڵەی دیـــکەی دەســـتەواژەیی و ڕێزمـــانی لە نێـــو نووســـەرانی زاری بۆتانیـــدا هەن، بەو شێوەیەش دیوار و ناوبڕێکی ڕێزمانی دروست دەکەن.

# لێرە و لەوێ

ڕووباری زمان بۆ خۆی ڕێڕەوی خۆی دیاری دەکات، بێ گرێ سەری خۆی هەڵدەگرێ و درێژە بە کاروانەکەی دەدات، ئەگەر لە شوێنێکەوە کۆسپی هاتە ڕێ و بەر بینگی لێ گیرا، پەنگ دەخواتەوە، دوایی لە خالێکدا دزە دەکات و بەربەستەکە هەڵدەتەکێنێ. تەنانەت نژیار(وەستای بینا)یش کاتێک خشتێک، کەرپووچێک یان بلۆکێک دەبینێ بۆ شوێنەکە گونجاو نییە، دەیتراشێ و دەیسازێنێ. زمانیش کە خۆی لە خۆیدا ڕۆڵی نژیاری شارەزا و لێهاتوو دەگێڕێ، ئەو پەیڤانەی لە دەربڕیندا سەخت و قورس بن، لە ڕەندەیان دەدا و ئاوازیان بۆ دادەنێ و پرۆسەی سوان درێژە پێدەدا.

بۆ ئەو مەبەستە، سەیری 'لێرە' و 'لەوێ' دەکەین. هەڵبەت دەزانین کە لێرە پێکهاتەی (لە+ ئێرە)یە، هەروەها لەوێش پێکهاتەی (لە+ ئەوێ)یە، لە بادینیش (ل ڤێرێ و ل وێرێ) هەن، لە بۆتانیش (ل ڤر) و (ل ور) هەن. ئێستا ئەگەر گوتمان مادام پێکهێنراوە، دەبێ وەکو خۆی بنووسرێ و گەرەکە بۆ سەرچاوە بگەڕێینەوە!! دەبێ بڵێین و بنووسین (لە ئێرە) و (لە ئەوێ)!! ئەو کاتە پرسێک بەر بینگمان لێ دەگرێ: ئایا لە کام شوێنی کوردستان و کام زار و بنزار وا گوتراوە و وا دەگوترێ؟

زمان سپاردەی باپیرانە، نابێ کلک و گوێی بکرێ. ئیدی دەبێ ئەو نووسەر و دامەزراوانە هەروەستە (نەک هەڵوەستە) بکەن و لە واتای سوان و هەمبێزبوونی پیتەکان تێبگەن و چیتر بەربەست لەسەر ڕووباری زمان دانەنێن.

ئیدی لەم سۆنگەیەوە، دەنووسین:

**لێرە** نەک **لە ئێرە**، چونکە (ەئ) سواوە و بزر بووە.

**لەوێ** نەک **لە ئەوێ**، چونکە (ئە) سواوە و بزر بووە.

لە لایەکی دیکەوە هەندێک ناوەند و نووسەر، پشتیان لە (لەم، لەو، بەم، بەو) کردووە و (لە ئەم، لە ئەو، بە ئەم، بە ئەو)یان داهێناوە، بەڵام دەبێ بە بەڵگە لە قاویان بدەین.

' **لەم** ' لە بەرهەمی نووسەرانی ناودار‌دا:

بێ هەوەس بوو **لەم** خەراباتە شڕە (ئەسیری)

**لەم** فەیزی نوورە هەرچی کەوا نارە مردووە (نالی)

لە ژمارە ٥ی گۆڤاری ڕۆژی نوێ، مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٠، نووسەر 'جەمیل سنەدژیی' سەبارەت بە گۆمی مەریوان نووسیویەتی: [ **لەم** گۆمەدا هەر ماوەی چەند مەترێک، گەرماوێک هەیە ]

**لەو** لە بەرهەمی نووسەرانی ناودار‌دا:

**لەو** ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من (بێخود)

**لەو** ڕۆژەوە گردی سەیوان دیوێتی یەکەم ئەرخەوان (کامەران)

**لەو** تەختە کەوا ساحیبی مۆرن بە سەدارەت (نالی)

**لەو** دەرە مەمکوژە چونکە شێتی زولف و ڕوویی تۆم(وەفایی)
**بەم** لە بەرهەمی نووسەرانی ناودارادا:
**بەم** دەردە کە عیشقە چییە حەیرانە دڵی من (عاسی)
**بەم** نەفخی سوورە هەرچی کە خاکە ژیایەوە (نالی)
**بەم** ڕوخ و لەبە مەیلی گوڵستان مەکە (وەفایی)
بەم چاوە بڵێ: چی دیکە عیشوە نەفرۆشێ (ئەدیب)
**بەو لە** بەرهەمی نووسەرانی ناوداردا:
**بەو** مەوسیمی بارانە کە وا خونچە دەپشکووت (نالی)
خۆزگە **بەو** ڕۆژە کە لەو مەنزڵە وێرانە دەڕۆم (حەقیقی)
بە دڵ گیرۆدە **بەو** پرچی بە چینم (مامۆستا هەژار)
**بەو** غەمزە ئیشارەت بکە، بەو چاوە بفەرموو (وەفایی)

دیارە ئەو نووسەرانە پێداگری دەکەن و دەڵێن دەبێ بۆ بنەوانی وشەکان بگەڕێینەوە و گوێ بە ڕێچکە و ڕێڕەوی زمان نەدەین. ئەگەر وایە دەبێ لە ڕستەکانی کاری هەبوونیشدا بۆ بنەوان، واتە بۆ (هەم، هەیت. هەیە، هەین، هەن) بگەڕێینەوە و بنووسین

من مامۆستا **هەم**. ئێمە مامۆستا **هەین**.
تۆ مامۆستای **هەیت**. ئێوە مامۆستا هەن.
ئەو مامۆستا **هەیە**. ئەوان مامۆستا **هەن**.

بەڵام ئەم شێوازە هەڵەیە، چونکە کاری هەبوونی ئەم ڕستانە بۆ (م، یت، ە، ین، ن) گۆڕاون و دەبێ بنووسین:

من مامۆستا**م**.  ئێمه مامۆستا**ین**.

تۆ مامۆستا**یت**.  ئێوه مامۆستا**ن**.

ئەو مامۆستا**یه**.  ئەوان مامۆستا**ن**.

ئەگەر هەمان ئەو ڕستانه له زمانی فارسی وەربگرین، بەم جۆر دەنووسرێن:

مەن موعلیم هەستەم.  ما موعەلیم هەستیم.

تو موعەلیم هەستی.  شوما موعەلیم هەستید.

ئو یەک موعەلیم ئەست.  ئونها موعەلم هەستەند.

ڕاستییەکەی 'هەیەی کوردی و 'هەست'ی فارسی له 'هەم' و 'هێی' پەهلەوی ساسانیدا ماونەتەوه. که بەم شێوەیه بوونه:

کەسی تاکی ئاخێوەر: هەم، هوم.

کەسی کۆی ئاخێوەر: هێم.

کەسی تاکی گوێگر: هێ

کەسی کۆی گوێگر: هێد.

کەسی تاکی نادیار: ئێست، هەست

کەسی کۆی نادیار: هێند.

ئیدی له ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا، جەخت دەکەینەوه:

لێره و لەوێ  نەک له ئێره و له ئەوێ

لەم و لەو  نەک له ئەم و له ئەو

بەم و بەو  نەک به ئەم و به ئەو

# ببوو، بۆوە

چاوگ دایکی وشەیە، واتە چاوگ مێیە و دەزێ، بۆ ئەوەی ماڵباتەکەی گەورەتر بکات، وشەی نوێ بەرهەم دێنێ. هەر وشەیەک ئەگەر چاوگی نەبوو، ئاوگەلە یان ئاوارتەیە. هەندێک چاوگ لە واژەگۆڕییدا گرژ و سست دەبن، هەندێکی دیکە لەبارییەک دەکشێن و درێژ دەبنەوە. واتە لە دەستوور لادەدەن و ڕێچکەیەکی دیکە دەدۆزنەوە و ئاوارتەیی سەرپشک دەکەن.

لێرەدا مەبەست لەو وشە ئاوارتانەن لە واژەگۆڕیندا بە سەر سکەی ڕێزماندا نارۆن و دادەکەلێن، یان لە نێو بازنەی **سوان** و **پێگۆڕکێدا** یاری بە پیت دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە هەردوو چاوگی 'گۆتن' و 'بوون' بە نموونە وەردەگرین.

**چاوگی گۆتن**(گوتن، وتن)

لە زاری بادینی و بۆتانیدا، کرداری ڕانەبردوو [دبێژە]، ڕابردوو[گۆت]، ڕابردووی دوور[گۆتبوو].

لە زاری سۆرانیدا، کرداری ڕانەبردوو [دەڵێ، ئەڵێ]، رابردوو [گوتی(گۆتی)، وتی]، ڕابردووی دوور[گوتبووی، وتبووی]

لێرەدا ئاوارتەیی واژەگۆڕین یان دەرچوون لە یاسا ئاشکرایە و هیچ مشتومڕ هەڵناگرێ.

**چاوگی بوون:**

له زاری سۆرانیدا، ڕانەبردوو[دەبێ/ دەبێت/ دەبی]، ڕابردوو[بوو]. ڕابردووی دوور [ببوو].

له زاری بادینی، ڕانەبردوو [دبی، دبیت]، ڕابردوو[بوو]، ڕابردووی دوور[ببوو]

له زاری بۆتانی، ڕانەبردوو[دبه]، ڕابردوو[بوو]، ڕابردووی دوور[ببوو].

ئێستا هەندێک نووسەر گوایه بۆ سەر سکەی زانستی نووسین و ڕێزمان دەگەڕێنەوه و له ڕابردووی دووردا دەنووسن [بووبوو].

ڕاستییەکەی ئەگەر 'بووبوو' بنووسین، نەک تەنیا لەسەر زمان قورس و گران ڕادەوەستێ، بەڵکو ئاوارتەییەکەیشی دەسڕیتەوه و پڕۆسەی سوانیش هەڵدەوەشێتەوه.

جاران **'بۆوه'** دەگوترا و دەنووسرا، ئێستاش له بنزاراوەی هەولێر و موکریاندا هەر 'بۆوه' بالادەسته، کەچی هەندێک نووسەر 'بووەوه' دەنووسن. ئەوان سکەی واژەگۆڕیی ڕێزمانی لەبەرچاو دەگرن و ئاوڕ له ئاوارتەیی و سوان نادەنەوه و نرخ بۆ پێگۆڕکێی پیت دانانێن. بێگومان ئەوانەش دەزانن گۆکردنی **'بۆوه'** لەسەر زاران سووکتر و ئاسانتره؛ هەروەها ئاوارتەیی خۆیشی سەرڕاست دەکاتەوه. بۆ نموونه:

سەیفولقوزات لە دەڤەری موکریانەوە، دەڵێ:
دڵی وێران لە هیجران **بۆوە** مەعموور
حەسەن دووبارە بوو خۆشکەیف و مەسروور.
مەحوی شاعیر لە سلێمانیەوە، گوتوویەتی:
پزیشکم شەرمەزار **بۆوە** کە نەیتوانی بکا چارم
دەبێ هیوام بەمان چەندبێ کە ڕەشپۆشە پەرستارم.
عەبدوڵڵا پەشێوەی شاعیر لە بێرکۆتی هەولێرەوە، دەڵێ:
پێش ئەوەی کۆنگرە کۆتایی پێ بێ
بوتڵێکی ڕەشی
لە سپێدەوە کڕ و کپ و مۆن
قوت **بۆوە** و هاتە بەردەم میکرۆفۆن

مامۆستا هێمن مەهابادی نووسیویەتی:
پەڕیوە سوورگوڵ و پێ خوستە سونبوڵ
ڕزیوە نووسەکە و خاو **بۆوە** پێکوڵ

شێرکۆ بێکەس، کوڕی فایەق بێکەسی بە بنەچە قەڵاچوالانی دەڵێ:
گیانە.. سبەی کە ڕۆژ **بۆوە**
لەئاسۆوە
ژیان خاکی
بەرووناکیی
بەیانی گەش

گرتەباوەش.
لەلایەکی دیکەوە هەندێک دەپرسن و دەڵێن: چۆن 'وو' بۆ 'ۆ' دەگۆڕێ؟ یان چۆن 'ۆ' دەتوانێ جێی 'وو' بگرێتەوە؟
لێرەدا ئەگەر چاوگی **شووشتن** وەربگرین و واژەگۆڕیی بۆ بکەین:
کراسەکەم دەشۆم. کراسەکانمان دەشۆین.
کراسەکەت بشۆ. کراسەکانتان بشۆن.
کراسەکەی دەشوات. کراسەکانیان دەشۆن.
ئەگەر سەیری پیتی 'وو'ی نێو چاوگی شووشتن بکەین، دەبینین لە واژەگۆڕییدا بۆ 'ۆ'، 'و' خۆی دەگۆڕێ.
هەروەها ئەگەر چاوگی خواردن وەربگرین و دۆخەکانی کاری بەسەردا بسەپێنین، دەبینین دەبێ بە:
دەخۆم، خواردم، خواردبووم. لێرەدا دیسانەوە 'و'یش خۆی بۆ 'ۆ' گۆڕیوە. ئەمەش لە نێو یاسا و هاوکێشەی پێگۆڕکێی پیتدا خۆی دەبینێتەوە.
پێگۆڕکێی پیت مێژینەیەکی دێرینی هەیە، دەیان پیت بەو شێوە گۆڕدراون، بۆ نموونە:
ژمارە ٢ لە پەهلەوی ساسانی بە **'دۆ'** گۆکراوە، ئێستا لە زاری سۆرانی بووە بە **'دوو'**، بەڵام لە بادینی هەر بە **'دۆ'** ماوەتەوە؛ وشەی **'سوور'**ی پەهلەوی ساسانی ئێستا لە بە شێکی زاری سۆرانی وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە زاری بادینی و بۆتانی و بنزاری هەولێرێ بۆ **سۆر** گۆڕاوە؛ وشەی **'ڕۆغ'**ی ساسانی، ئێستا بووە بە

ڕوو. وشەی چوو لە بادینی بە 'چۆ' گۆدەکرێ. تەنانەت وشەی '**خوەت**'ی ساسانی ئێستا بووە بە '**خود**، **خۆ**، **خوە**'. وشەی '**خوەش**'ی ساسانی، ئێستا لە سۆرانی بووە بە **خۆش**، لە بادینی و بۆتانی بە **خوەش** ماوەتەوە. هەروەها وشەی '**بووری**' لە زۆر شوێندا بە '**بۆری**' گۆ دەکرێ. ئەمەش پێگۆڕکێی پیت سەرڕاست دەکاتەوە، چونکە زۆر جاران دەنگی (ۆ) و 'وو' لە نێو زمانی کوردیدا جێگۆڕکێ لەگەڵ یەکدیدا دەکەن، نموونە: ڕووناک و ڕۆناک، ڕوون و ڕۆن، ڕووبار و ڕۆبار.

لە لایەکی دیکەوە چەندین وشەی دیکە هەن، بەهۆی پێگۆڕکێی پیتەوە گۆکردن و دەربڕینیان گۆڕدراوە. بۆ نموونە: بردۆتەوە، کردۆتەوە، گرتۆتەوە، خواردۆتەوە و...... هتد هەموویان بە پێی پێگۆڕکێی پیتەوە بۆ 'ۆ' گۆڕدراون. ئەگەر چاوگ و دۆخەکانی کاریان وەربگرین ئەوسا ئەو ڕاستییە سەرڕاست دەبێتەوە.

**بردنەوە:** دەباتەوە، بردیەوە، بردبووەوە، بردووەتەوە (بردۆتەوە).

گرتنەوە: دەگرێتەوە، گرتییەوە، گرتبووەوە، گرتووەتەوە(گرتۆتەوە).

**کردنەوە:** دەکاتەوە، کردیەوە، کردبووەوە، کردووەتەوە (کردۆتەوە).

بێکەسی شاعیر  کە خۆی بە بنزاری سۆرانی سلێمانی نووسیویەتی، ئەو گرفتەی یەکلایی کردۆتەوە و لە زۆر

شـــــوێندا ئازایـــــانە دووپـــــاتی کـــــردۆتەوە، ئەوەتـــــا لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم، وا تێنەگەی
حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر **بردۆتەوە**
بەو خودایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری **کردۆتەوە**
ماتەمینی تا بە کەی، دەی پێکەنە و سەر هەڵبڕە،
موفتەخیر بە، شوهرەتت وا عالەمی **گرتۆتەوە**

لەم ڕســـتانەدا پێگـــۆڕکێی پیـــت ڕوویـــداوە و پێشـــان دەدات کە 'ووە' بـــۆ 'ۆ' گـــۆڕاوە. هەروەهـــا لە بنـــزاری هەولێـــرێ، 'ووە' بۆ 'ی' گۆڕاوە، بۆ نموونە:

بردووەتەوە= بردۆتەوە= بردیتەوە

کردووەتەوە= کردۆتەوە= کردیتەوە.

گرتووەتەوە= گرتۆتەوە= گرتیتەوە.

لە بنزاری فیلی و گەرمیانیش 'بووە' بۆ 'بۆە' دەگۆڕێ.

هەر بە پێی یاسای پێگۆڕکێی پیتەوە، دەنووسین کە:

**بـــووەوە** خـــۆی بـــۆ **بـــۆوە** گۆڕیـــوە. هەروەهـــا لە پڕۆســـەی (ســـوان)دا، واتە لە شـــوێنی پیـــت بـــۆ ئاســـانکردنی گـــۆکردن و دەربڕین، **بووبوو** بۆ **ببوو** سواوە.

بێگومـــان پڕۆســـەی **ســـوان**، واتە کەوتـــن و بزربـــوونی پیـــت لە نێـــو زمـــانی کوردیـــدا یەکجـــار بەرفـــراوانە و دەیـــان پیتـــی دیکەی لوولداوە. لێرەدا هەندێک بە نموونە دەهێنینەوە.

1 - **نموونەی پیتی ئـ :**

گوڵئاو بووە بە 'گوڵاو'

دەستئاو بووە بە 'دەستاو'

پێشئاو بووە بە 'پێشاو'

2 - نموونەی پیتەکانی ئە:

لە ئەم بووە بە لەم

لە ئەو بووە بە لەو

3 - نموونەی پیتەکانی ەئـ :

مزەئاش بووە بە مزاش

4 - **نموونەی پیتی ر:**

دارتراش بووە بە 'دارتاش'

5 - **نموونەی پیتی هـ :**

هەڵهاتن بووە بە 'هەڵاتن'

هەڵهێنان بووە بە 'هەڵێنان'

6 - **نموونەی پیتی 'ب' لە فرمانی داخوازی:**

ڕابکە بووە بە 'ڕاکە'

دابنیشە بووە بە 'دانیشە'

ببێژە بووە بە 'بێژە'

7 - **نموونەی پیتی(ڵ، ر):**

هەڵستان(هەرستان) بووە بە 'هەستان'

گوڵبەرۆک(گوربەرۆک) بووە بە 'گۆبەرۆک'

ئەم ئـــاوارتەییە لەنێـــو هەمـــوو زمانەکـــانی جیهانـــدا هەیە، واتە زمـان بـۆ خـۆی سـکەی زانسـتی نووسـین دەبەزێنـێ. ئەگەر ســـەیری زمـــانی عەرەبـــی بکەیـــن، دەبینـــین لە واژەگــۆڕیی کــردار، لە دۆخــی داخوازیــدا (أن یــأتي فعــل

الأمـر بصـيغته المعروفـة، مثـل: (أُصـبرْ، إذهـبْ، إسـمعْ ،أُكتـبْ، ...)ە، بەڵام ئەگەر ئەم وشـانە بە نمـوونە وەربگـرین، ئاوارتەبوونیان بە ئاشکرا دەردەکەوێ:

| ڕابردوو | ڕانەبردوو | داخوازی |
| --- | --- | --- |
| أكل | ياكل | **كل** ئەگەر بە یاسا بێ ئوكل(اكل) دەبێ. |
| أمر | يامر | **مر** ئەگەر بە یاسا بێ ئومر(امر) دەبێ. |
| وهب | يهب | **هب** ئەگەر بە یاسا بێ ئوهب(اهب) دەبێ. |
| ودع | يدع | **دع** ئەگەر بە یاسا بێ ئودع(ادع) دەبێ. |
| وزأ | يزأ | **زء** ئەگەر بە یاسا بێ ئوزئ (اوزء) دەبێ. |
| رأى | يرى | **رَهْ** ئەگەر بە یاسا بێ ئورا (اورا) دەبێ. |

کرداری ئاوارتە لە دۆخی ڕانەبردوودا

| | |
| --- | --- |
| **أشاش** | يشيش |
| **أساغ** | يصيغ |
| **أصحف** | يصحف |
| **أشاص** | يشيص |
| **رأى** | يرى |

ئەگەر لە نێـو هەگـبەی زمـانی فارسـی بگەڕێـین، بێگومـان دەیـان کـرداری ئـاوارتە یـان پڕۆسـەی سـوان و پێگـۆڕکێ پیتمان وەبەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە:

1 - پێگـۆڕکێی پیتـی کۆتـایی ڕەگـی کـرداری ڕانەبـردوو،

نموونە: آموز ⟵ آموخت.

فروش ⟵ فروخت

کار ⟵ کاشت

2 - گۆڕینی دوو پیتی کۆتایی، نموونە:

نشین ⟵ نشست

نویس ⟵ نوشت

3 - لادانی پیتی کۆتایی یان پێگۆڕکێ، نموونە:

چین ⟵ چید

گزین ⟵ گزید

4 - نەمان و گۆڕینی دەنگی پیتی کۆتایی، نموونە:

شو ⟵ شد

5 - پیتی 'خ'ی چاوگ، لە ڕەگی کاری ڕانەبردوو بۆ 'ز' دەگۆڕێ، نموونە:

پختن ⟵ پز

ساختن ⟵ ساز

6 - پیتی 'س'ی چاوگ، لە ڕەگی کاری ڕانەبردوو بۆ 'ی' دەگۆڕێ، نموونە:

شستن ⟵ شوی

رستن ⟵ روی

ئەمانە و دەیان نموونەی دیکە.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە، ڕاستییەکی نکۆڵی لێ نەکراوە کە زانکۆ و کۆمپیتەر زمانی کوردیان نەئافراندووە، بەڵکو زمانێکی خۆڕسکە و باپیرانی ئێمە هەرچەندە خوێندەواریشیان نەبووە، دایانهێناوە و لەسەر شەپۆل و ئاوازی لێو دایانڕشتووە، هەر ئەوانیش کۆسپ

و تەگەرەکانی بەردەم لێویان هەڵگرتووە. هەموو کەند و لەندەکانیان پڕ کردۆتەوە، ئیدی بەو شێوەیە ڕێچکەی گرتووە و زانستی زمان و ڕستەسازی مسۆگەر کردووە؛ ئێستا ناکرێ بە بیانۆی زانستی نووسین و پێوەری ڕێنووس، کەسانێک بێن و دەست لە وشەکان وەربدەن و پشت لە ئاوارتەیی بکەین و هیچ نرخ و بەهایەک بۆ پڕۆسەی سوان دانەنێن و پێگۆڕکێی پیتەکان ئاپاچ بکەینەوە. بێگومان ئەگەر بە گوێی ئەو بەڕێزانە بکەین، کێشەیەکی گەورە بۆ خۆمان و زمانەکەمان دروست دەکەین. ڕاستییەکەی لە هیچ ناوچەیەکی کوردستان، لە هیچ زار و بنزارێکدا گوێمان لە 'بووبوو' نەبووە، هەروەها مرۆڤ ئەو ڕاستییە دەزانێ کە وشەی پاراو، لە گوندە دوورەکاندا پارێزراون و ماونەتەوە. من بۆ خۆم لە گوندنشین و مەڕدارانەوە فێری زمانی کوردی دەبم و پشت بە بەرهەمی نووسەرانی ناودار دەبەستم و وەک بەڵگەی باوەڕپێکراو ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەم؛ باوەڕم بەکردەی پیتگۆڕکێ، داچەکین، سوان و ئاوارتەیی هەیە و بە ڕاستیان دەزانم.

بنزاری سلێمانی پێوەری زمانی نووسینی کوردی نییە و ئەو بنزارش هەموو سۆرانی ناگرێتەوە، خۆ ئەگەر بەو پێوەرەش بێ، دیسانەوە، بۆوە، کردۆتەوە، بردۆتەوە و گرتۆتەوە ڕاستن و ناکرێ بۆ (بووەوە، کردووەتەوە، بردووەتەوە و گرتووەتەوە ، .........) بگەڕێینەوە.

# ئامەد و ئامێدی

**ئـــامەد**، نـــاوی دێرینـــی شـــارێکی بـــاکووری کوردســـتانە کە ئێســـتا بە **دیـــاربەکر** دەناســـرێ. لە دەستنووســـەکانی سـریانی بە ئامیـد(ܐܡܝܕ ) و لە نووسـینەکانی ئەرمەنـی بە دکـــرانەگەرد(Dikranagerd) هـــاتووە. نـــاوی ئـــامەد وشـــەیەکی دێرینـــی میدی(ئاڤێســـتایی)یە، لە (ئا+مێـد) یـان (ئا+مـاد) پێکهـاتووە. **ئـا** نیشـانەی ناسـینە، بەڵام **مێـد** یـان **مـاد** هەمـــان نـــاوی نەتەوەی دێرینـــی مـــادە، بەو هـــۆیەوە وشـــەی ئامێـــد یـــان ئـــامەد نـــاوی نەتەوەکەی بەرجەســـتە کـــردوە و ناســـاندوویەتی. دوای هـــاتنی عەرەب، وشـــەی ئامەد بۆ دیاربەکر گۆڕدراوە.

**ئامێـدی**، نـاوی شـارێکی دەڤەری بادینـانە. سـاڵی ١٢٦٢ی زایینـی، شـێخ بـەهاددین شـێخ شەمسـەددین، میرنشـینی بادینـانی دامەزرانـد و شـاری ئامێـدی وەک پێتەختـی میرنشینەکەی دیاری کرد.

ڕاســـتییەکەی وشـــەکە **ئامێـــدیا** بـــووە، لە (ئا+مێـــد+یا) پێکهـــاتووە، **ئـــا** لە زمـــانی ئاڤێســـتایی(میدیا)دا نیشـــانەی ناسـینیە؛ **مێـد** یـان **مـاد**، نـاوی دێرینـی نەتەوەی کـوردە؛ **یـا** پاشـگرە و واتـای زێـد و نیشـتمان دەدات. ئێسـتاش نـاوی بولگاریـــا، تورکیـــا و ســـوریا بە هـــۆی ئەو پاشـــگرەوە دروسـت کـراون. دوای هـاتنی عەرەب، وشـەی ئامێـدیا بـۆ عەمادیە (عمادیة)و لە کوردیش بۆ ئامێدی گۆڕاوە.

# ئێکباتان

ئێکباتـــان شـــارێکی مەزن و پێتەختـــی ئیمپراتـــۆریەتی میـــدیا (مـــاد) بـــوو، هەروەهـــا کـــۆنترین شـــاری ئێرانـــی ئێســـتا و یەکێـــک لە کـــۆنترین شـــارەکانی جیهـــانە؛ لە بنـــاری چیـــای ئەڵوەنـــد هەڵکەوتـــووە و ١٧٤١ مەتـــر لە ســـەر ئاســـتی دەریـــاوە بەرزە. یەکەمـــین جـــار لە مێـــژوو، لە دەوروبەری ١١٠٠ ســـاڵ پـــێش زایـــین نـــاوی ئەو شـــارە لەلایەن یۆنانیەکـــانەوە بە 'ئێکباتـــان'، 'ئێکباتانـــا'، 'ئامـــادانە'، 'ئانـــادانە' تۆمـــارکراوە. هەروەهـــا لە نووســـراوەکانی ئـــارامی ئاشـــووری نوێـــدا، بە نـــاوی ئـــامەدانە هـــاتووە. گومـــانی تێدانییە لە وشەی ماد(مێد)ەوە وەرگیراوە.

ئێکباتـــان لە ســـەردەمی مـــاد، هەخامەنشـــی، ئەشـــکانی، ساســـانی، ئـــالبۆیە و ســـەلجوقیدا یەکێـــک لە پایتەختەکـــانی وڵات بووە.

ئێکباتـــان نـــاوێکی لێکـــدراوە لە (ئێک+بـــات+ان) پێکهـــاتووە. **ئێـــک** واتە یەک، ئێســـتاش لە بادینیـــدا هەر بە ئێـــک مـــاوەتەوە و لە هەولێـــری بـــووە بە یـــک؛ **بـــات** واتە مـــاڵ، لە ســـریانی بـــووە بە بێـــت و لە عەرەبـــی بـــووە بە بەیت(بیـــت)؛ هەرچـــی **'ان'**ە، نیشـــانەی کـــۆکردنەوەیە. ئیـــدی ئێکباتـــان بە واتـــای یەکبـــوونی خێزانەکـــان و یەک خێزانـــی دێ. **بـــات** لە هەنـــدێک زاری کـــوردی بـــزر بـــووە و لە هەنـــدێک زاری دیـــکەدا بە

شـــێوەی مالبات(ماڵبـــات) مـــاوەتەوە کە واتـــای خێـــزان و بنەماڵە دەگەیەنێ.

دواتر ناوی ئێکباتان بۆ هەگمەتانە و هەمەدان گۆڕاوە.

لە مێـــژوودا هەرێـــم و شـــارێکی دیـــکەش لە ڕۆژئـــاوای کوردســـتان واتە لە نێـــو جوگرافیـــای ســـوریای ئێســـتادا هەبـــووە. ســـەرچاوە مێژووییەکـــان جەخـــت دەکەنەوە کە کـــامبیز (کـــامبیژ) یـــان کـــامبۆجیەی کـــوڕی کورووشـــی هەخامەنشی[7] لەوێ مردووە.

چیرۆکـــی مردنـــی کـــامبیژ بەم شـــێوەیە هـــاتووە. پـــاتیزیتیس کە مـــوغێکی میـــد(ماد)ی بـــوو، کاتێـــک زانـــی کـــامبیزی کـــوڕی کـــورووش بە نهێنـــی سمێردیســـی بـــرای خـــۆی کوشـــتووە، ئەویـــش دەرفەتـــی وەرگـــرت، دژی کـــامبیزی کـــوڕی کـــورووش ڕاوەســـتا، ویســـتی دەوڵەتـــی مێـــدیا زینـــدوو بکـــاتەوە، بـــراکەی خـــۆی نـــاوی **'سمێردیس'**بـــوو[8]، وەک پاشـــای وڵات ڕاگەیانـــــد، بەڵام ئەو سمێردیســـــە پێشـــــتر لەلایەن کـــــامبیزەوە گـــــوێچکەی بڕدرابـــــوو. کـــــامبیزی کـــــوڕی کـــورووش کاتێـــک هەواڵەکەی زانـــی، شـــڵەژا، ویســـتی بە زووتـــرین کـــات لە ئێکباتـــانی ڕۆژئـــاوەوە بەرەو ئێکباتـــانی

[7] - کورووشـــی هەخامەنشـــی نەوەی ئەژی دەهـــاکی پاشـــای دەوڵەتـــی مێـــدیا بـــوو، ســـاڵی ٥٥٩ی پـــێش زایـــین، بە هاودەســـتی لەگەڵ هەرپـــاک "بەرپرســـی پاســـەوانی کۆشـــکی پاشـــا" ناپـــاکی لە ئەژی دەهـــاکی بـــاپیری کـــرد و دەوڵەتـــی مێدیای ڕووخاند و لە شوێنەکەیدا دەوڵەتی هەخامەنشی دامەزراند.

[8] - مێژووی شەڕی پارسەکان، هێرۆدۆت، وەرگێرانی عەلی فەتحی، لاپەرە ٢٤٣

ڕۆژهەڵات بگەڕێتەوە، کاتێک دەیویست سواری ئەسپ بێ، بە هەشتاوی خۆی هەڵدەداتە سەر پشتی ئەسپەکەی، کەچی نووکی شمشێرەکەی خۆی لە ڕانی ڕۆدەچێ، بەوهۆیەوە تووشی نەخۆشی گانگاریا دەبێ و دەمرێ. کامبیز تەنیا حەوت و ساڵ و پێنج مانگ فەرمانڕەوایەتی کرد و هیچ منداڵێکی نەبوو، براکەشی نەمابوو شوێنێ بگرێتەوە.

بە گوێرەی گێڕانەوەی هیرۆدۆت، گەورە مێژوونووسی یۆنانی، فەدیمە، کچی ئۆتانیس، گەورە پیاوی سەردەمی هەخامەنشی بە 'سمێردێس'ی کوڕی کورووشی هەخامەنشی درابوو، بەڵام کامبێژ براکەی خۆی کوشتبوو، داریوشی هەخامەنشی لە نهێنی کوشتنی سمێردێسی هەخامەنشی بە دەستی براکەیەوە ئاگاداربوو، کەچی فەدیمە گوتبووی سمێردێسی مێردی شەوانە دێتە لای؛ داریوشی هەخامەنشی هەستی بە فێڵەکە کرد و داوای لەفەدیمەی کچی ئۆتانیس کرد، بە هەر شێوەیەک بێ، دەبێ بزانێ سمێردێس گوێچکەی هەیە یان نا. فەدیمە ئەو نهێنییەی ئاشکرا کرد، ئیدی داریوش دڵنیابۆوە، ئەوە سمێردێسی میدە و شوێنی سمێردێسی هەخامەنشی گرتۆتەوە، بۆیە لەگەڵ شەش کەسی دیکە بە بیانۆی دیتنی پاشا چوونە کۆشکی پاشا لە ئێکباتان و ئەوانیان کوشت و دەستەڵاتیان بۆ هەخامەنشیان گێڕایەوە.

# ئور

شـــارەزایانی زمـــان و مێـــژوو بە چەنـــدین شـــێوە واتـــای 'ئور'یـــان شـــرۆڤە کـــردووە. هەنـــدێک نووســـەری کـــوردیش بە ئـــــاوگەلە و نـــــامۆ ســـــەیری ئەم وشـــــەیە دەکەن و هەنـــدێکیش بـــۆ 'ئـــاو'، 'ئـــاوا' و 'ئـــاوەدان'ی دەیگێـــڕنەوە. تەنـــــانەت کەســـــانێک هەن وەک پاشـــــگر دەیناســـــێنن؛ بەو هـــۆیەوە بە پێویســـتی دەزانـــم لە ســـێبەری ئەم وشەیەشـــدا ڕابکشێم و تێر تێر لە بالآی بڕوانم.

ئـــور نـــاوی شـــارێکی مێژوویـــی بـــووە و شـــوێنەکەی لە باشـــووری عێراقـــی ئێســـتادا هەڵکەوتـــووە؛ مێـــژووەکەی بـــۆ ٦٠٠٠ ســـاڵ پـــێش زایـــین دەگەڕێـــتەوە، هەروەهـــا مەزەنـــدە دەکـــرێ ٢٦٠٠ ســـاڵ پـــێش زایـــین، پێتەختـــی دەوڵەتـــی ســـۆمێری بـــووبێ، شـــارێکی شـــێوە هێلکەیـــی ســـەر لێـــواری ڕووبـــاری فـــورات بـــووە. وشـــەی ئـــور واتـــای زەوی نەرم و شـــل، زەوی ڕاســـت، زەوی داچێنـــراو (چـــیمەن و مێـــرگ) و دەشـــتی سەرســـەوز و کەســـکایی دەدات. بێگومـــان 'ئـــور' وشـــەیەکی زمـــانی ســـۆمێرییە، هاوواتـــای 'ئەرد' و 'ئەرە'، ئێســـــتا لە نێـــو زمـــــانی کـــــوردی بە **ئەرد**، **هەرد** و **عەرد** جێـــــوارە. هەر ئەم وشـــــەیە لە ئینگلیـــــزی بە شـــــێوەی ئێـــــرث(earth) و لە دۆیچە(ئەڵمـــــانی) بە ئێـــــردە (erde) گـــۆدەکرێ. هەروەهـــا لە زمـــانی ســـوێدی و نەرویجـــی بە یـــورد(jord) و لە زمـــانی دانمـــارکی بە یـــۆرد (jord)

گـۆدەكرێ. لە زمـانی فلامـین یـان (Frisi) فریسـی بـووە بە پیێـردە(ierde)، لە زمـانی كازاخسـتانی بـووە بە ژێـر و یێـر(жер) لە عەرەبـی بـووە بە ئەرز(أرض) و لە تـوركی و ئۆزبەكیش بە یەر(yer) دەكاردەكرێ.

لێـرەدا دەردەكەوێ كە زۆریـنەی زمانەكـان ئەم وشـەیەیان لە سـۆمێرییەكانەوە بـۆ مـاوەتەوە. هەر بـۆ ئەم مەبەسـتە نـاوی هەنـدێك شـار و وڵات وەك نمـوونە پێشـان دەدەیـن كە بنەچەی وشەی 'ئور'یان تێدا دیارە.

**ئورمیە**= زەوی شل، زەنەك، زەوی تەنیشت ئاو.

**ئوردەن**= زەوی نێزیك لێواری ئاو، لێواری دەریا.

**ئورشەلیم**= زەوی هەتاودار، زەوی ئاشتەوایی.

**ئۆرال**= زەوی بلند، زەوی بەرزی سەر ڕووی ئاو.

**ئوروك**(ئۆرۆك)= عێراق، زەوی نزم و دەشتایی.

**ئوروزم**(خوارزم)= زەوی بەردەڵان و بێ نرخ.

**ئـــوروار**: زەوی ســـەر چەم. ئەو پـــارچە زەویەی كە جۆگەی ئاوی تێدا هەڵدەبەسترێت.

**ئوریـا**، ئورهـا، ئورهـای= زەوی ژیـان، زێـد، نیشـتمان. نـاوی دێرینـی شـاری (ڕوحـا، ڕهـا، ڕوهـا، ئـورفە) بـووە. لە سـاڵی ٢٦٠ شـــەڕێكی گەورە لەو شـــارە لە نێـــوان ئیمپراتـۆریەتی سـاسـانی و ئیمپراتـۆریەتی ڕۆمـدا ڕوویـدا و ساسانییەكان سەركەوتن و شارەكەیان ڕزگاركرد.

تەنـانەت نـاوی 'ئەربیـل' و 'ئەردەبیـل'یش لە سـەر هەمـان بنەچە هەڵچنراون.

# تۆپین و تەپین

لە چاوگی 'تـــۆپین'ەوە، دۆخەکـــانی کـــار (دەتـــۆپی، تـــۆپی، تۆپیبـــوو)، هەروەهـــا لە چـــاوگی تەپیـــنەوە، دۆخەکـــانی کار(دەتەپی، تەپی، تەپیبوو) دروست دەبن.

بـــنەچەی وشــــەکە بـــۆ 'ئەوپەت'ی زمـــانی ئاڤێســـتایی دەگەڕێـــتەوە و واتـــای کەوتـــن دەدا. دواتـــر بە شـــێوەی 'ئەوپەد، ئـــوپەد' بـــۆ نێـــو زمـــانی پەهـــلەوی ساســـانی دەگـــوازرێتەوە؛ دیســـانەوە واتـــای کەوتـــن، بەربـــوونەوە، شـــۆڕبوونەوە دەدات. هەروەهـــا وشـــەی 'ئوپـــاد'ی پەهـــلەوی واتـــای گەنیـــو، بـــۆگەنی داوە. ڕاســـتییەکەی ئوپـــاد واتە لاشـــەی گەنیـــوی گیـــانەوەر. ســـەرەنجام وشـــەکە بە شـــێوەی 'تـــۆپین' و 'تەپـــین' لە نێـــو زمـــانی کوردیـــدا شـــوێنی خـــۆی کردۆتەوە.

ئێســـتا وشـــەی 'تـــۆپین' بـــۆ مردنـــی گیـــانەوەران (بـــێجگە لە مـــرۆڤ) چڕکـــراوەتەوە، چـــونکە ئـــاژەڵ بە پێـــوە گیـــانی دەرنـــاچێ، بەڵکـــو دەکەوێ و بەردەبێـــتەوە و دواتـــر گیـــانی دەردەچـــێ، ڕاســـتییەکەی وشـــەی تـــۆپین بێنرخـــی و کەمبـــایەخی ســـەبارەت بە مردنـــی ئـــاژەڵان پیشـــان دەدا. هەرچـــی وشـــەی 'تەپـــین'ە هاوواتـــای 'ڕووخـــان'ە و ڕۆچـــوونە، بـــۆ کەوتنـــی شـــتی بێگیـــان چڕکـــراوەتەوە. ئەوەتـــا دەگـــوترێ: دیـــوارەکە تەپـــی؛ خـــانووەکە تەپـــی؛ کەپـــرەکە تەپی.

لە لایەکی دیکەوە، چاوگی کەوتن لە زمانی سویدی (سڤێنسکە) تەپــــپە(tappa)یە، لە دۆخەکـــــانی کـــــاریش بـــــۆ تەپــــپەر(دەکەوێtappar)، تەپپـــــادێ (کەوتtappade) و تەپپـــات(کەوتبوو tappat) دەگـــۆڕێ، بـــنەچەی ئەم وشـــەیە سوێدیەش هەر لە زمانی ئاڤێستاییەوە وەرگیراوە.
لە ئاکامدا بە ورد بوونەوە لەم وشـانەی ئاڤێسـتایی و پەهلەوی ساسانی، ئاشکرا دەبێ کە وشەکانی 'تۆپی' و 'تەپی' لە ئۆپەد و تەپاهـــ چێکـــراون، کە واتـــای کەوتـــن، نەمـــان، ڕووخـــان و گەنیوبوونیان داوە.

# مەلکەندی (مەڵکەندی/ مەڵکەنی)

مەڵکەنـدی نـاوی گەڕەکێکـی شـاری سـلێمانییە؛ سـەبارەت بە نـــاوی مەلکەندی(مەڵکەنـــدی و مەڵکەنـــی) بۆچـــوونی جیاواز هەیە:

١-هەنـدێک دەڵـێن نـاوی گونـدەکە مەلـکە بـووە، دوایـی بـووە بە مەلکەندی.

٢-هەنـــدێکی دیـــکە دەڵـــێن لە 'مەلکـــان'ەوە هـــاتووە. ئەوەش ڕێبازێکی دینی مەسیحی بووە.

٣- مـــن پێمـــوایە مەلکەنـــدی وشـــەیەکی لێکـــدراوە لە (مەل+کەنـــد) پێکهـــاتووە و پاشـــگری 'ی' پێـــوە لکـــاوە. مەلکەنـــدی واتـــای کەنـــدە مەل دەدات، لەوانەیە لە زەمـــانی زوو باڵنـــدەی زۆری لـــێ هەبـــووە، بەو هۆیەشـــەوە ئەو ناوەی لێنراوە.

وەکـو ئاشـکرایە زۆر کەنـد و گـۆم و شـوێنی کوردسـتان بەنـــاوی مەل و باڵنـــدە و گیـــانەوەرانەوە نـــاو نـــراون. نمـــوونە: کـــانی ئاســـکان، مـــامزاوە، کەنـــدارەقەل، کـــانی بەرازان لە مەهابـــاد، کـــانی بەرازە ســـەر بە هەولێـــر، کـــانی مشـــکان ســـەر بە ســـنە، کونەمشـــکان ســـەر بە پیرانشـــار، ئەشـــکەوتی کونەکەمتیـــار لە گەرمیـــان، کونەگـــورک لە هەولێـــر، کونەڕێـــوی لە گـــۆپتەپە، کـــانی ماســـی ســـەر بە دهـــۆک، کـــانی مانگـــا ســـەر بە پێنجـــوێن، چەمـــچەقەل لە گەرمیـــان، چەمـــی چەقەلان، گردەمشـــک لە سەردەشـــت،

گەلیــێ شــێران، گونــدی کونەســیخوڕ لە خەلیفــان، دۆڵــی پڵنگان، کانی سەگان، قورەبەرازە، تەیراوە،.... هتد.
مەلکــان و مەلەکــان بە گــوێچکەی کوردســتانیان ئاشــان، گونــد و شــارۆچکە بە نــاوی مەلەکــان، مەلکــان و مەلیکــانە هەن.
مەلیکــان: نــاوی شــارۆچکەیەکی پارێزگــای تەورێــزە، جــاران هەمــوو دانیشــتوانەکەی کــود بــوون، ئێســتا تــاق و لــۆق کوردی تێدا ماوە و هەمووی بە ئازەری دەدوێن.
دۆڵــی مەلەکــان، دەکەوێــتە شــارۆچکەی خەلیفــان و نــۆ گونــد لەخــۆ دەگــرێ، ئەوانــیش (بــلەی خــواروو، بــلەی ســەروو، کەنــدۆر، بەردۆک، تارینــانی خــواروو، تارینــانی ســەروو، گۆڕە شێر، سەروچاوەی باران و مەلەکان)
مەلەکــان: نــاوی گونــدێکە لە دۆڵــی مەلەکــانی ســەر بە شارۆچکەی خەلیفان لە پارێزگای هەولێر.

# مەغدید

پەیامنێرێک لە گەنجێکی کورد دەپرسێ ناوت چییە؟ ئەو دەڵێ مەغدید، دەپرسێتەوە واتای چییە؟ دەڵێ هیچ واتای نییە!! ئیدی هەموویان پێکەوە لە قاقای پێکەنین دەدەن.
ڕاستییەکەی ئەو گەنجە نازانێ مەغدید وشەیەکی دێرینی کوردییە و واتای دیداری نزیک(مەبەست لەو کەسانەیە کە لە یەزدانەوە نزیکن) دەدات و وشەی 'مەغە'ش واتای پاک و پیرۆز دەدا. هەرچەندە وشەی مەغە واتای کەلێن و کونیش دەدا.
لە لایەکی دیکەوە هەردوو وشەی مەغ و موغ هاوواتان، لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا لە جێی مەلا، یان پێشەوای ئایینی دەکارکراون. هەروەها 'مەغدیدت' واتای دیداری پیاوی ئایینی داوە. ئەوەی ئاشکرایە، پیتی 'ت'ی کۆتایی و نێو هەندێک وشەی پەهلەوی بۆ 'د' گۆڕاون، ئەوەتا 'دات' بۆ 'داد'، 'دیت' بۆ 'دید'، دروت بۆ درود، سرۆت، بۆ سروود، کرتن بۆ کردن گۆڕاون، بەم شێوەیەش مەغدیت بووە بە مەغدید؛ بەڵام مەغدات و موغدات واتای موغی ڕاستکار یان موغی دادپەروەریان داوە، گومانی تێدانییە کە وشەی 'مقداد'ی عەرەبی لە سەر کەلاکی 'موغدات'ی پەهلەوییەوە هەڵچنراوە.

# متمانە

هەنـدێک پێیـانوایە وشـەی متمـانە لە 'اطمـئن'ی عەرەبیـیەوە `هـــاتووە. دیـــارە متمـــانە لە دوو وشـــەی مت+مـــانە پێکهـاتووە. ئەگەر سـۆراغی ئەو دوو کـتەی وشـەی متمـانە بکەیـــن، بۆمـــان دەردەکەوێ کە لە زمـــانی پەهـــلەوی ساسـانی وشـەی 'مـت' = بێبـاک ڕاکشـان، هەروەهـا مـانە و مانەک=مـاڵ، خـانە؛ بەم شـێوەیە متمـانە= بێبـاک لە مـاڵ ڕاکشـــان. کەسـێک کە بێبـاک لە ماڵێـک ڕابکشـێ، واتە بە تەواوی باوەڕی پێ دەکرێ و جێی گومان نییە.
هەر لە زمـانی پەهـلەوی ساسـانیدا، وشـەی مێـت هاوواتـای درۆ بـووە، مـت پێچەوانـی مێـت و هاوواتـای ڕاسـتی بـووە. واتە متمـــانە واتـــای 'ڕاســـتی خـــانە و مـــاڵ' دەدا. ڕاسـتییەکەی وشـەی 'میتـر' و 'متـر' واتـای دۆسـتییان داوە، لەوانەیە مترمـانە بە کەسـێک گـوترابێ کە دۆسـتی ماڵبـات بـووبێ و دوایـی بـۆ متمـانە کـورت کـرابێتەوە. هەروەهـا 'میتـر'و 'میهـر'یش نـاوی خـوای پەیمـان و بەڵـێن بـوون. وێـڕای هەمـوو ئەوانەشـەوە، وشـەی 'ئەگومـانە' بەواتـای 'متمـانە' و پەیڤـی 'ئەپەسـتان' بە واتـای 'پشـت پـێ بەسـتن' لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا هەبوون.

# گوستان

وشـــەی گوســـتان لە نێـــو کوردەواریـــدا بەربـــڵاوە و وەکـــوو نـــاو لە ســـەر مێینە دادەنـــرێ. جـــاران 'گوســـتان' نـــاو یەکجـــار زۆر بـــوون، زۆربەمـــان پێمـــانوابوو لە بنەڕەتـــدا وشـــەکە 'گوڵســـتان'ە و کـــورت بـــۆتەوە!! ئەم نـــاوە زیـــاتر لە دەڤەری هەولێـــر هەبـــوو، دەگـــوترا نـــاوەکە گورســـتانە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، پیتی 'ر' سواوە و وندا بووە.

ڕاســـتییەکەی گوســـتان پاشـــماوەی وشـــەی لێکـــدراوی 'گاوســـتان'ە. گـــاو وشـــەیەکی پەهـــلەوی ساســـانی دوولایەنە، لە جیـــاتی گـــا، چێـــل، مانگـــا و مێیـــنەی گیـــانەوەری بەرزی شـــیردار بەکارهـــاتووە. بـــنەچەی وشـــەی گـــاو بـــۆ وشـــەی 'گەئـــۆ'ی ئاڤێســـتایی دەگەڕێـــتەوە. وشـــەکە لە نێـــو زمـــانی فارســـی هەر بە گـــاو مـــاوەتەوە، بـــۆ جیـــاکردنەوە، بە مێـــیەکەی، مـــادێ گاو(مـــادە گـــاو) یـــان گـــاوێ مـــادێ( گـــاو مـــادە)، بە نێرەکەیشـــی گـــاوێ نەر(گـــاو نـــر) دەگـــوترێ. ئەم وشـــەیە چـــۆتە نـــاو زمانەکـــانی دیـــکەی ئورووپـــایی، لە ئینگلیـــزی بە کـــاو(cow)، لە ئەڵمـــانی بە کـــوو(Kuh)، لە سوێدی بە کو(ko) و لە هۆڵەندی بە کوە(koe) جێوارە.

ڕاســـتییەکەی بـــنەچەی وشـــەی 'گەئـــو'ی ئاڤێســـتایی و 'گـــاو'ی پەهـــلەوی ساســـانی مـــاونەتەوە و ئێســـتا لە نێـــو زمـــانی کـــوردی بـــۆ 'گـــا' و 'مانگـــا/ ماگـــا' دابەش بـــووە. گـــا نێـــرە و ماگـــا/ مانگـــا مێـــیە. ئیـــدی ئەو کەســـەی مانگـــای

دۆشـــیوە، پێـــی گـــوتراوە گەئۆســـتان، گاوســـتان، دواتـــر وشـەی گاوسـتان لە ئاکـامی سـوانی پیتـی ' ا '، بـۆ **گوسـتان** کـورت بـۆتەوە. گوسـتان هاوشـێوەی 'بێـری' و 'بێریڤـان'ە، بێـــری و بێریڤـــان بـــۆ ئەو ژنانە(کەســـانە)ی مەڕ، بـــزن و ئاسـک دەدۆشـــن، چـــڕ کـــراوەتەوە؛ بەڵام گوســـتان بـــۆ ئەو کەســـانەی مانگـــا، گـــامێش و حوشـــتر دەدۆشـــن، تـــایبەت کراوە.

لە بنـزاری هەولێـرێ لە جیـاتی وشـەی مانگـا، وشـەی چێـر و لە بادینـان چێـل و لە هەنـدێ شـوێنی دیـکە چـێڵەک هەیە، بەڵام **ماگـا** لە هەموویـان ڕاسـتترە، هەرچـی وشـەی چێـر و چـــێڵە هەمـــوو ئەو ئـــاژەڵانە دەگـــرێتەوە کە دەچەرێـــن (دەلەوەڕێـــن)، دانەوێـــڵە و گیـــا دەخـــۆن و واتە کـــاوێژ دەکەن.

جێـی خـۆیەتی بڵێـین لە زمـانی ئاڤێسـتاییدا، تەنیـا بـۆ جیـــاکردنەوە، وشـــەکانی 'گەئـــۆچیثرا'، 'ئەرشـــان' و 'وخشان' بۆ 'گا' بەکارهێنراون، دەنا هەر گەئۆ گوتراوە.

# بوز

وشەی بوز لە جیاتی سەهۆڵ[9] لە بنزاری هەولێریێ دەستاودەست دەکات و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش وەک هاوواتای چلورە سوودمەندە. زۆر کەس لەو باوەڕەدان، وشەی بوز لە زمانی تورکییەوە بۆ نێو زمانی کوردی گوازراوەتەوە، چونکە هەمان واتای هەیە.

لە زمانی ئاڤێستاییدا وشەی 'یسی'، 'ئیس' و 'ئیسو'، واتای سەهۆڵیان داوە، بەڵام ئەو ئاوەی بە شتێکەوە ڕەق دەبۆوە و دەیبەستا، واتە لە شێوەی خوس، خوناو، شەونم شتەکەی لووس دەکرد، بە 'پوزد' ناودێر دەکرا. هەروەها لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا وشەی 'پەزد' و'بوزد' لە جیاتی بەستوو یان سەهۆڵ هەبووە، ئێستا وشەی سەهۆڵ لە نێو زمانی کوردی و یەخ لە نێو زمانی فارسیدا جێی 'پەزد' و 'بوزد'یان گرتۆتەوە. هەڵبەت وشەی 'بوز' لە نێو زمانی فارسی هەیە، ئەو کەرەکیفەیەیە بەهۆی شێدارییەوە لەسەر نان، پەنیر، خۆراک، جل و بەرگ و فەرشدا خۆیا دەبێ.

---

9 - سەهۆڵ وشەیەکی لێکدراوە، لە [سارد+ە+هۆڵ(هۆر)] چێ کراوە، واتای شوێنی سارد دەدات، دواتر بە هۆی سوانی پیتەکانی (ارد) بۆ سەهۆڵ کورت بۆتەوە، مخابن وەکوو دەیان وشەی دیکە بە هەڵە دەکاردەکرێ. ناوی ئەشکەوتی سەهۆڵان خۆی لە خۆیدا ئەو ڕاستییەمان پێشان دەدات.

وشـــەکە پشتاوپشـــت لە ئاڤێســـتاییەوە بـــۆ پەهـــلەوی و بـــۆ کـــوردی گـــوازراوەتەوە، بەهـــۆی ئەوەی پیتـــی 'د'ی کۆتـــایی بەشـــێکی زۆر لە وشـــە دێرینەکـــان قرتـــاون، بەو هۆیەشـــەوە وشـــەکە بـــۆ 'پـــوز' کـــورت بـــۆتەوە و دوای پێتگـــۆڕکێ بە بـــوز مـــاوەتەوە. لەوانەیە بە هـــۆی ئەوەی کە پـــوز واتـــای بەلەک و قـــولەپێ دەدا، ئیـــدی پیتـــی 'ب' شـــوێنی پیتـــی 'پ'ی گرتبێتەوە و کێشەکەی یەکلایی کردبێتەوە.

ئێســتا بۆمــان ئاشــکرا دەبــێ کە بــوز وشــەیەکی هــاوردەکراو نیــیە، وشـــەیەکی کەونـــاری بـــاپیرانە و ڕەگـــی دێرینـــی هەیە. واتە کـــاروانی وشـــەکە لە 'پـــوزد'ەوە بـــۆ 'پەزد' و 'بـــوزد' دواتریش بۆ 'بوز' بەردەوام بووە.

.

# ئەڵڵا یان خوا؟

ئەڵـــلا وشـــەیەکی عەرەبیـــیە و هاوواتـــای 'خـــوا'ی کـــوردییە، بەڵام هەنـدێک دەڵـێن چـونکە نـاوە، ئیـدی نـابێ بگـۆڕدرێ و دەبێ هەر بە ئەڵڵا بمێنێتەوە!!

ئاشـکرا و پیرۆکـراوە، نـاو نـاگۆڕدرێ، بەڵام ئەڵـلا نـاوێکی ڕەهـــا نیـــیە، بەڵکـــو هەر زمـــانەی نـــاوێکی لەســـەر پەروەردگـــار و ئەو هێـــزە نادیـــارە دانـــاوە کە مەزەنـــدە دەکـــرێ ژیـــانی ئافرانـــدبێ، زەوی و ئاســـمانی دروســـت کردبـــێ. واتە ئەو هێـــزە ڕاســـتەوخۆ و بە ڕەهـــایی نـــاوی ئەڵـلا نیـیە، چـونکە پـێش عەرەبـیش نەتەوەکـانی دیـکە نـاوی جیاوازیـــان لەســـەر دانـــابوو، تەنـــانەت نەتەوەکـــانی ڕۆژهەڵاتـــی نـــاقین بە (ئێـــزی، بەغ، ئەهـــۆرامەزدا، گودیـــا، گــوت و چەنـدی نـاوی دیـکە) پەرسـتوویانە. عەرەب ئامـادە نەبـوو ئەو نـاوانە دووپـات بکـاتەوە، بـۆیە وشـەی ئەڵـڵای لەســـەر دانـــا. ئەمەش بەو واتـــایە نیـــیە کە خـــوا بـــۆ خـــۆی ناوی ئەڵڵا بێ.

ڕاسـتییەکەی هەر چـۆن زمانەکـانی دیـکە نـاوی جیاوازیـان لەســـــەر ئاســـــمان، زەوی، بەهەشـــــت و دۆزەخ و...هتـــــد دانـــاوە، بەو شـــێوەیەش نـــاوی جیاوازیـــان لەســـەر خـــوا دانـــاوە. هەنـدێک هـــاتوون و دەڵـــێن: چـــۆن نـــاوی 'مەلەکـــی تـــاوس' نـــاگۆڕدرێ، نـــابێ نـــاوی ئەڵـــلاش بگـــۆڕدرێ!! ڕاســـتییەکەی مەلەکـــی تـــاوس ڕۆڵـــی جوبرائیـــل دەگێـــڕێ و

دەکـرێ وەک هاوواتـا پێـوانە بکـرێن و نـاوی جـوبرائیلیش نەگـۆڕاوە. ڕاسـتییەکەی لە دینـی ئێزدیـدا، وشـەی ئێـزی لەسـەر پەروەردگـار دانـراوە. لەلایەکـی دیکەشـەوە مەرج نیـیە نـاو نەگـۆڕدرێ، تەنـانەت عەرەب بـۆ خۆیـان دەیـان نـاوی ناسـراویان گۆڕیـوە. نەیـانتوانیوە بڵـێن پـارس و گـورد، بـۆ فـارس و کـورد گۆڕیویـانن. نـاتوانن بڵـێن دۆیـچە و ئاوسـتریا، ئیـدی کردیـان بە ئەلمـان و نەمسـا. ئەمـانە و دەیـان نـاوی دیـکە، بـۆیە مـن سـەت لە سـەت هـاوڕای ئەوانەم کە 'ئەڵـڵا'ی نـاو زمـانی عەرەبـی هەر خـوا و یەزدانـی نـاو زمـانی کـوردییە. ئەوانەی دەیـانەوێ وشـەکە هەر بە ئەڵـڵا بمێنـێ، لە ڕوانـگەی تەسـکی ئـایینیەوە لێـی دەڕوانـن و بێئاگـان. دەنـا ئەو داهێـنەر و ئـافرێنەرە خـۆی نەیگوتـووە نـاوم ئەڵـڵایە، بەڵکـو بە گـوێرەی دینەکـان لە ئێـزدی هەزار و یەک، لە ئیسـلام سـەت نـاوی هەیە. هەر کەسـێک نـاوێکی تـایبەتی هەیە، بـۆ نمـوونە بەڕێزێـک نـاوی هنـدرێن بـێ، ئەگەر کەسـێک یـان کەسـانێک بە هنتـڕێن بـانگی بـکەن، نەک هەر پەسـندی ناکـات، بەڵکـو تـوورە دەبـی و بۆیـان ڕاسـت دەکـاتەوە، باشـە ئەوە هەزاران سـاڵە نەتەوەکـان نـاوی دیکەیـان لەسـەر دانـاوە، بـۆ ڕۆژێـک پێتیـار (ناڕازی بوون)ی خۆی لە ئایەتێکدا پێشان نەداوە؟

عەرەب ویسـتوویەتی و توانیـویەتی لە ژێـر نـاوی ئیسـلامدا زمـان و پـێگەی خـۆی بسـەپێنێ و فراوانـی بکـات. چەنـدین گەل و نەتەوە ئیسـلامیان وەک دیـن و بیروبـاوەڕ پەسـند

کورد، بەڵام بە خشکەیی زمانی عەرەبیشیان بەسەردا سەپێنرا، ئەمە پڕۆسەی بە عەرەبکردنێکی هێواش بوو، بۆیە کورد نابێ چیتر پێڕەوی لە سیاسەتی توانەوە و بە عەرەببوون بکات. دین لە شوێنی خۆی و زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لە شوێن و پێگەی خۆیاندا و نابێ بە یەکەوە گرێبدرێن.

وشەی ئەڵڵا عەرەبیە، پێشتر ئیلاه (إلـه) هەبوو، هاتن و گوتیان لا ئیلاهە ئیلەڵڵا (لا إلـه إلا اللـه)، واتە هەر ئەو ئیلاهەی خۆیانە و بە ئەلف لامێک ناساندوویانە، ئیدی زۆر هەڵەیە نەتەوەکانی دیکە وشەی ڕەسەنی زمانی خۆیان فڕێ بدەن و وشەی ئەڵڵا لە جێیدا بەکاربهێنن. ئەڵڵا ناوێکە و عەرەب دایناوە، واتە بیروباوەڕ نییە و نابێ تێکەڵاوبکرێن.

# پەلکێش

پەلکێش یان ڕاکێشانی زۆرەکی و بێمەیل، کردەی دزێوی قاچاندنەوەیە؛ دەشێ لەگەڵ هێنانی وشەش هاوسەنگ بکرێ. کاتێک بەبێ مەیلی خاوەنەکەی، دەست بۆ شتێک درێژ دەکرێ و دەبردرێ، دەگوترێ: پەلکێشی کرد، واتە بە زۆرەکی دەرفێنرێ و دەبردرێ. هەڵبەت ئەمەش کارێکی نارەوا و قێزەوەنە. هەروەها پەلکێشکردن بەو هاوکارییەش دەگوترێ کە خۆفرۆشانی نیشتمانێک بەبێ ویستی گەل و بۆ بەرژەوەندی خۆیان، هێزی وڵاتێکی داگیرکار بۆ نێو خاکی نیشتمان دەهێنن و چاوساغی بۆ دەکەن، بەو هۆیەوە زیان بە بەرژەوەندی گەل و نیشتمان دەگەیەنن. ئێستا پەلکێشکردنی وشەی بیانی بۆ نێو زمانی نەتەوەیەک، لەگەڵ کردەی هێنانی سوپای داگیرکار بۆ ناو خاکی نیشتمانێک بەرامبەر و هاوتان، هەردووکیان زیان بە بەرژەوەندی نەتەوە دەگەیەنن. من بۆ خۆم دژی هێنانی ئەو وشانە نیم کە لە هەنبانەی زمانی کوردیدا جێیان پڕ نەکراوەتەوە، بەڵام فڕێدانی پەیڤی ڕەسەن و هێنانی پەیڤی بیژۆک، زیانێکی گەورە بە ئێستا و داهاتووی زمانی نەتەوەکەمان دەگەیەنێ. مخابن هیچ زەمانێک تاکەکانی هیچ نەتەوە و هیچ زمانێک بە ئەندازەی ئێستای تاکەکانی کورد بوێری ئەوەیان

نەکـردووە، بـێ سـڵەمینەوە و بە هەشـتاوی بە نـاو بێسـتانی دیتران وەرببن و پەیڤەکانیان برنن و بیرفێنن.
ڕۆژنـــامەوان و بێژەرانـــی ڕادیـــۆ و تەلەفزیۆنەکـــانی کوردســـتان کێبەرکـێ لەســـەر هێنـانی زۆرتـرین وشـــەی ئینگلیـــزی دەکەن؛ نووســـەران پەلەقاژەیـــانە کامەیـــان زۆرتـــرین وشـــەی بیـــانی لە نێـــو نووســـینەکانیدا جـــێ دەکاتەوە.
گـــۆرانیبێژ و هونەرمەنـــدان بە تاســـەوە بە دوای وشـــەی بیـــانی دەگەڕێـــن و دەیگـــونجێنن، گەنـــج و لاوانـــی کەم ئەزمـوونیش بە شـانازییەوە درێـژە بە جـوینەوەی وشـەی ئینگلیـزی، بە تـایبەتیش 'هـای'، 'یـێس'، 'ئـایەم سـۆری'، 'ئای لاڤ یو' ، 'ئۆکەی' و... هتد دەدەن.
مامۆسـتای زانکـۆیە و پـۆز بە نووسـینی وشـەی ئینگلیـزی لـــێ دەدات و بەرزی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری خـــۆی بە تەرازووی زۆری ئەو وشانەوە دەپێوێ.
واتە ئەوان گـــرە و لەســـەر هێنـــانی وشـــەی ئینگلیـــزی دەکەن، ژمـــارەیەک لەو کەســـانە پێیـــانوایە ئەگەر لە جیـاتی وشـەی کـوردی ڕەسـەن، پەیڤـی ئینگلیـزی بەکـار بهێـنن، ئیـدی جەمـاوەر چەپڵەیـان بـۆ لـێ دەدەن و دەسـت لەسـەر سـنگ بۆیـــان ڕادەوەســـتن!! هەنـــدێک پێیـــانوایە هێنـــانی وشـــەی ئینگلیـــزی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری بەرز دەکـــاتەوە!! هەنـدێکی دیـکە دەیـانەوێ بە هێنـانی وشـەی بیـانی لەنگـی و

کێماسییەکانی خۆیان بشارنەوە و لاف و گەزاف لێ بدەن.

ئەو زانا و بلیمەتانە!! پێیانوایە زمانی کوردی هەژارە و دەرەقەتی پێشکەوتن نایەت و پێویستی بە وشەی دیتران هەیە؛ ئەو شۆڕەسوارانەی مەیدانی زمانەوانی!! پێیانوایە وەرگرتنی وشەی ئینگلیزی، ئاستی زمانەوانی بەرزتر دەکاتەوە؛ ئەو لێبووکانەی بواری سیاسی پێیانوایە هێنانی وشەی ئینگلیزی، کێشەی گەلی کورد بەرەو شانۆی نێونەتەوەیی دەبات!!

ئەو کەسانە پاساو دەهێننەوە و دەڵێن: زمانی فارسی و تورکی بۆ بەرزکردنەوەی شکۆی زمانەکەیان، بە سەتان وشەیان لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگرتووە، بۆچی کورد پێداگری لەسەر زمانی پاراو دەکات؟

هەندێک مامۆستای زانکۆ دەڵێن: ئەها زمانی ئیسپانی نزیکەی چوار سەت وشەی لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە و دەست بۆ فڕێدانیان نابات، ئێوە بۆچی باس لە زمانی پاراو و پەیڤی ڕەسەن دەکەن؟

من وتەبێژی زمانی ئەوان نیم و ناتوانم لە جیاتی ئەوان بەرسڤ بدەمەوە، بەڵام دەڵێم: ئەگەر ئەوان بە درێژایی هەزاران ساڵ، ئینجا نزیکەی چوار سەت وشەیان وەرگرتبێ، ئەوە ملهوڕانی کورد لە ماوەی کەمتر لە سی ساڵ، بارتەقای هەزار و چوار سەت ساڵ، وشەی ئینگلیزییان بۆ نێو زمانی کوردی پەلکێش کردووە و

دەبــێ ڕیســوا و شــەرمەزار بکــرێن. هەرچەنــدە پێشــتر هەنــدێ وشــەی پێویســتی وەکــو تەلەفــۆن، تەلەفزیــۆن و... وەرگیـــراون، بەڵام بـــا ســـەیری ئەم وشـــە بێـــزراوە پەلکێشــکراوانە بکەیــن: [[ ئـــاکتی، ئـــایرۆنی، ئـــایکۆن، ئۆرگانیــک، ئۆرگــانیزنم، ئەنســرۆپۆ سەنتەرسـم، ئەنکــۆنی، ئینتەرنــاڵ فاولــت Enternal fault، ئیڤێنــت، باکســتەیج، بــایکۆت، بــایلینگوەڵBilingual، بــایۆلۆجی، بلێنــد Blend، بلێنــدەر، بــۆدی گــارد، بیتــۆن، پــاکێج، پانێــل، پراکتیــک، پراگماتیــک Pragmatic، پرۆتێکشــن، پرۆفیســۆر، پریڤــات، پریپەیــد، پلــۆت، پۆپۆلیســت، پۆســت Post، پۆســتمۆدێرنە، **پۆینــت تــو پۆینــت، پەرلەمــان**، پــی ڤــیPV، پیکتــۆگرام pictogram، پەجۆرەتیـــــڤ pejorative، تـــــرەینین، تێکســـت، جیۆلـــۆجی، چـــات Chat، چـــاڵەنج، داونلـــۆد Download، درۆن، درێـــس، دلـــیڤەری، دیـــالێکتۆلۆجی Dialectology (ئەرێ زارناســـی کـــوردی یەک ملیـــۆن جــار لە دیــالێکتۆلۆجی باشــتر نیــیە؟)، دیبەیــت، دیپــرێس depress، دیـــدەنای دۆکســـن Didonai doxan، دیاســپۆرا Diaspora، دیسلێکســـیا dyslexia، ذە لیگێنـــد، ڕۆکێـــت، ڕیتـــواڵ ritual، ڕیســـک، ڕیفـــۆرم، ڕیکـــلام، ریئـــــاکنشReaction، ڕیەلیزم (ڕیـــــالیزم) realism، سایکۆلینگۆســـتێکس psycholinguistics، ســـپیریتوێل، ســـتاتۆ، ســـتاتیک، ســـتاندارد، ســـتراکچەر، ســـکێچSketch، ســـتیکێر Stickers، ســـکول، ســـکەندڵ، scandal،

سۆری، سۆسیالینگۆستێکس sociolinguistics، سۆسیۆلۆژیا، سیرش Search، سیمپۆییزم، سێمەنتیک Semantics (واتاسازی)، سینتەکس، سێند Send، سینگڵ، سەپرایز، سەنتەر، سەیڤ Saved، سێکس، سێکسویڵ، سێکسوالیێتە، شەیر Share،فاست فورد، فاکەڵتی، فامنەکفاویێتی، فایل File، فراکسیۆن، فری، فرێند، فۆتۆ Photo، فۆڕ ڕێنت for rent ، فۆلۆ، فۆنۆلۆجی، فۆنێتیک، فۆنیم، فینال، فینگەر، فەیڤەرێت، ڤاوڵ، ڤێرژن، کاتەگۆری category، کامێرا Camera، کوپ cup، کۆپی copy، کۆڵ Call، کۆمێنت Comment، کۆنتاکتس Contacts، کۆنسۆنانت، consonant، کۆنێکشن Connection، کیبۆرد Keybord، کیلەبڵ Killable، کەرەنتینە، کەمپ، گاباری، گالەری Gallery، گرووپ Group، گلاس glass، گلۆباڵ، گەیمینگ، لایک، لۆژیک، لۆکاڵ، لۆگۆگرام logogram، لێکسیک، لێکسیکۆلۆجیکاڵ Lexicology، مانیجەر، مۆدێرن، مۆرفۆلۆجیکاڵ، مۆنیتەر، مێتاتیز (مێتاشسێس) metathesis، میکۆلۆپست، میمۆری Memory، مەیسترۆ، بزنس، نۆڵج، نێتۆرک Network، ئاپ App، ئاگوست August، یوفیمیزم، یوفیمەین Euphemein، ئۆفلاین Offline، ئۆنلاین Online، ئێتیمۆلۆجی، ئیدیۆگرام ideogram، ئیکۆنۆمی Economy، ئیمۆجی Emoji، ئینفۆگرافیک

Infographic، ئەبستراکت، ئەپدەیت، ئەدمین Admin، ئەنیستیتۆ، ئەنێکدایجێتۆس Anekdiegetos، ئەنەپیگراتۆس Anepigratos ]].
ئەمانە و دەیان پەیڤی دیکە پەلکیش کراون، بەڵام هەر هەموویان وشەی بەرامبەریان لە نێو زمانی کوردیدا هەیە؛ واژە کوردیەکان لە سەر زمان شیرینتر و بۆ گۆکردن هەزاران جار لە وشە پەلکێشکراوەکان ئاسانتر و لەبارترن، دەی باشە بۆچی لە خۆراوە باری زمانی کوردی قورس و گران دەکەن و دەربڕین و گۆکردنیش سەخت و دژوارتر دەکەنەوە؟
لە لایەکی دیکەوە چونکە هیچ ناوەندێک بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ ناگرێ، ئیدی هەر لە خۆڕاوە ناوی ئینگلیزی دەهێنن؛ خۆ ئەگەر ناوە ئینگلیزیەکانی سەر: دوکان، باڵاخانە، کارگە، فێرگە و....هتد بژمێرین، ئیدی هەر تەواو نابن، ئەمەش جێی قەرەماتی و دۆشدامانە.
ڕاستییەکەی فرەزمانی کارێکی باش و سوودبەخشە، مرۆڤ دەبێ هەوڵی فێربوونی زمانی دیترانیش بدات، بەڵام ڕەوانییە ئەو زمانانە جێی زمانی دایک بگرنەوە. ئێستا دەیان فێرگەی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا کراونەتەوە، زارۆکانی کورد ڕەوانەی ئەو قوتابخانانە دەکرێن و باردەهێنرێن، بەو هۆیەشەوە خەریکە جێ بە زمانی کوردی لەق دەکرێ، مخابن باوانیان شانازی بەوە دیاردەیە دەکەن.

# بەرهەمە چاپکراوەکانم

| ناوی بەرهەم | جۆری بەرهەم | ساڵی چاپ |
|---|---|---|
| ١- پەیامی دەشتیۆ | هۆنراوە | 1980 |
| ٢- گەڵاڕیزان لە کۆچێکی خەماویدا | هۆنراوە | 1987 |
| ٣- دوازدە مۆری ملوانکەیەک | هۆنراوە | 1988 |
| ٤- جەرگەبەز لە دوای مەرگی دێوەرەیەک | هۆنراوە | 1989 |
| ٥- ڕۆژێکی هاوین | چیرۆک | 1989 |
| ٦- ڕێگەکان یەکدەگرنەوە، بەڵام... | سیاسی | 1990 |
| ٧- ئەستێرەی داڕێژراوە | چیرۆک | 1991 |
| ٨- بۆ وەنەوشە | هۆنراوە | 1993 |
| ٩- بەرەو رزگاری و سەرخۆبوون | سیاسی | 1995 |
| ١٠- خوێندنەوەی ١٠ ساڵەی ڕزگاری | سیاسی | 2003 |
| ١١- نۆژەن | ڕۆمان | 2005 |
| ١٢- مەموندی و بۆچوونەکانی سەبارەت بە پەیدابوونی | مێژوویی | 2012 |
| ١٣- یەکگرتن و هەڵوەشانەوە | مێژوویی | 2016 |
| ١٤- کۆمێک وشەی کوردی | بەدواداچوون | 2019 |
| ١٥- خواندنا کوردی بۆ ئاستا ئێکێ | فێرکاری | 2020 |
| ١٦- سرووپێک پەیڤی ڕفێندراو | بەدواداچوون | 2020 |
| ١٧- سیپارۆکەی زمانەوانی | زمانەوانی | 2020 |
| ١٨- پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا | لێکۆڵینەوە | 2021 |
| ١٩- زمانی پەهلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا | لێکۆڵینەوە | 2021 |
| ٢٠- سیپارۆکەی بنەچەزانی | زمانەوانی | 2021 |
| ٢١- پێوەندی نێوان کورد و کلدان | لێکۆڵینەوە | 2022 |
| ٢٢- ئاڤێستایی زمانی باپیرانی کورد | لێکۆڵینەوە | 2023 |
| ٢٣- لە سێبەری پیت و پەیڤان | زمانەوانی | 2023 |

# Di bin siya pît u peyvan

**2023**